# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


**سەرپەرشتیاری پرۆژە**

**ئەنور حسێن (بازگر)**

**ستافی پرۆژە:**

د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود

باوان عومەر - زریان محەمەد



2015

IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە باشلار

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێک نووسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 38 )

# ئاو ئاماژەیە بۆ
# قوولێتی و مێینەیی و سانایی

**سەعید** بوخلێت

**پەیوەندیی  باشلار بە ئاوەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی منداڵی و ئەو شوێنانەی کە پێوەی پەیوەست بووە. مەبەستم ناوچەی شامپانیایە، ئەو گوندەی کە لە دۆڵێک دایە و رووباری پێدا تێدەپەڕێت و بە زۆریی جۆگەلە ئاوەکانییەوە دەناسرێتەوە.**

باشلار دەڵێت: «زێدی ئەسڵی، ئەو ماددەیە کە کشاندن لێوەی دەست پێدەکات، کە ئەویش گرانیتە Granit، زەوی، با، وشکەڵانی، ئاو، رووناکی، هەموویان پێکەوە بەرجەستەی زیندە خەونەکانمان دەکەن، لەگەڵیدا خەون بەرەو تۆخمێکی راست دەمانبات و لەوێشەوە داوای رەنگی بنەڕەتی خۆمان دەکەین». ((زێدی ئەسڵیی بەها و حەقیقەتی جەوهەری دەبەخشێتە خەونەکانمان)). فەزای لەدایکبوون لای باشلار ماددەیەکی ئەسڵییە کە ئێڕامانەکانی خۆی لەسەر بونیاتناوە. لە خەونمدا لە نزیک رووبارەکە، خەیاڵم لە ئاوەکە دەکردەوە، ئاو، کەسک و بریسکەدار کە لەگەڵیدا دامێنەکانیش سەوز دەبن. ناتوانم لە نزیک رووبار دابنیشم بێئەوەی زیندەخەونێکی قووڵ نەمباتەوە و سەرلەنوێ ئاسوودەییم نەبینمەوە)). باشلار لە منداڵییەوە ئەوەی ئاشکرا کردووە، کە ماتریالیبوونی وێنە وەهم و کۆپیکردنی واقیع نییە، بەڵکو هێزێکی راستەقینەی لەخۆ گرتووە)). دەڵێت: ((لە نزیک ئاو و گوڵەکانی، باشتر تێگەیشتم کە زیندەخەون گەردوونە و هەڵدەکشێت. هەناسەیەکی بۆندارە و لە رێگەی خەوبینینەوە لە شتەکان بەرز دەبێتەوە)).

لەو سۆنگەیەشەوە باشلار هەوڵیداوە هەڵوەستە لەسەر هەندێک لە سیفەتە ئەنتۆلۆژییەکانی ئاو بکات. ئاو ئاماژەیە بۆ قووڵێتی و مێینەیی و سانایی، هەندێکجاریش ئاو وەک دەروونی مرۆڤایەتییە. ((ئاویش خەمۆکی و وەنەوز و فریودانی هەیە، کەوا خۆی دەردەخات نووستووە، پێدەکەنی، هەڵدەکات و لووش دەدات، تەنانەت ئاخاوتنیشی ناتەواوە مادامەکی وەک زارۆک گڕوگاڵ دەگرێت. ئاو، خوێن و ژیانی زەوییە، هەروەها مەرگیشە.ئاو

پڕەنسیپی ژیان و مردنە و بۆ زیندەخەونیش هەردووکیەتی)).

مردن لە ناوەندی ئاودا، ئەوپەڕی دایکایەتییە، بریتیە لە مردنی گەنجانە و جوان و پرشنگدارە. لەم روانگەیەشەوە دەکرێت لە سرووتە ئاوییەکان کە لە بەڕێکردنی تەرم و سەفەرکردن بە بەلەم و ئاودا تێبگەین.

باشلار دەڵێت: «ئاو، ماددەیەکە بۆ مردنی لاو و جوان و پرشنگدار، لە کاتی تراژیدیای ژیان و ئەدەب، ئاو بریتیە لە توخمێکی بێ کبریاو تۆڵە نەسێن، خۆکوژییەکی مازۆشی-یە)). ((ئاو بێدەنگە، خەمۆک و نوستووە، قووڵێتییەکەی پاساوی خۆی هەیە، هێندەی وانە ماتریالییەکان تێرامانی مەرگی لەخۆ گرتووە، بەڵام نەک وانەی مەرگی هیراگلتسی، مەرگ لەگەڵ شەپۆلەکاندا، وەک شەپۆل دەمانبات. وانە، مەرگێکی نەگۆڕ و قووڵە و لە گەڵماندا لە نزیکمانەوە لە نێوماندا دەمێنێتەوە. ((ئاو، قەتیسە))، هێندەی رۆیشتنەکەی خەمبارە مادامەکی بە مەرگ وەسفی دەکەین. ئێدگار پۆ Edgar Po زیاتر لە هەر کەسێکی تر لە شەودا درکی بە خەمۆکیی زۆنگە بیدەنگەکان کردووە. خۆ ئەگەر ئاو گۆڕ بێت و نیشانە بێت بۆ مەرگ و زۆرداری و توندوتیژی، ئەوا بە دیوێکی تریدا وەک نەرم و نیان و پێشوازیکەرێک لە ئەندێشەکانی ئاودا لەلای گەلانی دەڕوا و دۆڵە گەورەکان دەردەکەوێت)).

بیرۆکەی مردنی ئاویی، لە مەسەلەی راوەستانی رووبار وەک ئاستەنگێک کە پەڕینەوە لێی مەحاڵە دەردەکەوێت. ((قەدەر لە نێوان زیندووەکان و شوێنەکاندا دایناوە کە هەرگیز بۆی ناگەڕێینەوە)). مردن تەنیا سەرەڕۆییەک نییە لە ناوەڕاستی ئاودا، بەڵام ئیتیمۆلۆژیا eytmologie (زانستی مێژووی وشەکان)ی مەرگە، گواستنەوەی بەلەمە بۆ پشت ئاستەنگەکە)). باشلار دەڵێت ئەندێشەی ئێدگار پۆ ئاوی هەڵبژاردووە کە جەوهەری جەوهەرە. جەوهەر، دایکە، کەوابوو دەکرێت قەسیدەی Edgar Poe و زیندەخەونەکە چەند مۆدێلێکمان پێشکەش بکەن کە گرنگترین توخمەکانی کیمیایی شیعری دیاری بکەن، کە باوەڕی بە ئەگەری دیراسەکردنی وێنە هەیە.

ئاو لای باشلار بە چەشنی توخمە گەردونییەکانی تر: ئاگر، هەوا، زەوی، خراوەتە خانەی چەمکگەرایی کە توخمەکانی تر دیاری و پۆلێنی دەکەن.

* ئـاو جگەلەوەی ماددەیەکە بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییە بایۆلۆژییەکان، دیسان بۆ «هۆرمۆنی خەیاڵی» باڵا دەبێت، کە کۆمەڵێک میتافۆر و ئاماژەی لەخۆ گرتووە و سیفەتی مرۆیی وەردەگرێت.

* ئاو ئامۆژگاری و پەندی ئاکارییە. ئیرامان نەک هەر بەتەنیا «پەروەردە خەیاڵی مرۆییە»، بەڵکو لەگەڵ مرۆڤدا کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی هەیە، بوونەوەرێکی بەمرۆ بووە. بە هەمانشێوەی مرۆڤ خاوەنی هەست و سۆزە. دەنگ، هەستی گەرمی دایکایەتیی هەیە ساتەوەختی ئارامبوون، بە پێچەوانەشەوە تووڕە و ناڕازییە. بۆ هەر بوارێکیش لەم سیفەتانە پێدراو و داتای ئەنتۆلۆژیی خۆی هەیە، بەهای دایکایەتی، مێینەیی، پاکژی، زمان، دەردەکەون. ئاو لە دوو ڕەهەندی گەورەوە کارلێک دەکات: ژیان، مردن. لە سایەی ئەوانیشەوە کۆ بەها و سیفەتەکان کە پێوەی لکاون سەرهەڵدەدەن. بگرە دەکرێت بووترێت چوارچێوەی گشتی کتێبی «ئاو و خەونەکان» وەزیفەیەک لەدوای یەکەکانی ئاو نووسیویتییەوە یان بە زمانی سایکۆلۆژیا، ئاو گەشبینە و ڕەشبینیشە. ئاو بڕێک هەست و سۆز و هەڵچوونە، کە لەگەڵ دەروونی مرۆڤایەتیدا یەکتر دەبڕن. باشلار دەڵێت: «شاعیر و خەوبینەکان زۆرجار کات بەسەر دەبەن وەک لەوە گەمەی دیاردەگەرایی ئاو بیانوروژێنێت، ئیدی ئەوکات ئاو دیمەنەکانیان دەڕازێنێتەوە، نەک کرۆکی زیندەخەونەکانیان».

*** تێبینی:**

**ئەمەی سەرەوە بەشێکە لە وتارێکی توێژەر و نوسەری مەغریبی «سەعید بوخلێت».**

## له ئەقڵەوە بۆ خەیاڵ

# باشلار: جیهان خەوتووە، پێویستە ئێمە بە دیالۆگ بە ئاگایبهێنین

موئەید سامی

له عەرەبییەوە: سەلاح سەعید ئەمین

گاستۆن باشلار (1884–1962) به یەکێک لە گرنگترین فەیلەسوفە فەرەنسییەکان دادەنرێت. هەندێک کەس دەڵێن: «باشلار گەورەترین فەیلەسوفی دیاردەگەرایە (الظاهری)، بەشێکی گەورەی ژیانی بۆ فەلسەفەی زانستەکان تەرخانکردووە، بیرۆبۆچوونی نایابی لەبواری ئەبستمۆلۆجیادا هەیە، کە چەمکەکانی ئاستەنگی مەعریفی و دابرانی مەعریفی و دیالێکتیکی مەعریفی و مێژووی گەڕاوە (التراجع) دەگرێتە خۆی، بەشداریکردنی زۆری هەیە و ناکرێت تێپەڕێنرێت، بەڵکو کاریگەریی ئاشکرای هەیە لە فەلەسەفە هاوچەرخەکانی و ئەوانەی دوای ئەویش هاتوون، ڕەنگە گرنگترین بەرهەمی لەبواری فەلسەفەی زانستەکاندا بریتی بێت لە (عەقڵی زانستی نوێ 1934)، (پێکهاتەی عەقڵی زانستی 1938)، (عەقڵانیەت و پراکتیک کردن1948)، (ماتریاڵی عەقڵانیەت1953). زۆربەیان بۆ زمانی عەرەبی وەرگێردراون و کۆی بەرهەمەکانی نزیکەی سیانزە کتێب دەبن، وەک یەکێک لە دیارترین و بەناوبانگترین پسپۆڕەکانی فەلسەفەی زانستەکان دەرکەوتووە و بە قووڵی لەو میکانیزمانەی کۆڵیوەتەوە، کە مرۆڤ بە هۆیانەوە مەعریفەی زانستی لەرێگەی عەقڵەوە دەستدەکەوێت، بەڵام هەمووانی دوچاری شۆک کرد کاتێک کتێبەکەی (شیکردنەوەی دەروونی بۆ ئاگر)ی چاپکرد، بە جۆرێک میتۆدەکەی بە تەواوی گۆڕا لە فەلەسەفەی زانستەوە بۆ بابەتێکی نوێ، تەنانەت لەبواری شیکردنەوەی دەروونیدا بە جۆرێک مرۆڤ بووە مەیدانی شیکردنەوەی دەروونی بۆ ماتریاڵ.

ڕەنگە لێرەدا خستنەڕووی شتێک لەبارەی دیاردەگەرایی باشلارەوە بەسوود بێت، بیرۆکەی سەرەکیی دیاردەگەرا ((phenomenology) وەک ئەوەی ئەدمۆند هۆسرێڵ دۆزییەوە، برێتیە لە خواستنی هۆشیاری، واتە هەمیشە هۆشیاری بەرەو بابەتیبوونە، واتە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە «بابەت» نییە بەبێ «خود»، وەک ئەوەی مێتۆدی دیاردەکان جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕێگریکردن لە بڕیاردان لە هەموو ئەو شتانەی، کە پەیوەستە بە واقیعی بابەتیەوە و نابێت سنوورە ئەزموونییە خودییەکان تێپەڕێنرێت وجەخت لەوە دەکاتەوە، کە بابەتی مەعریفە بابەتێکی واقیعی و ئەزموونی و کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو تەنها هۆشیارییەکی دابڕاوە واتە «سەربەخۆیە لەئەزمون و مەعریفەی سنورداردا»، بەڵام لەدیاردەگەرایی باشلاردا و بەتایبەت لە لێکۆڵینەوەکەیدا بۆ خەیاڵی شیعری (واتە قۆناغی دووەمی ژیانی) ئەوەندە توند نەبووە، بەڵکو پێچەوانەی دیاردەگەرایی کلاسیک بووە کە پێیوایە واقیعێکی بابەتی هەیە کە هەلومەرجی خۆی هەیە.

ڕەنگە تایبەتمەندیی سەرەکیی باشلار و سەرنجڕاکێشیی فکرەکەی لەوەدا بێت، ئەو خاوەنی زیهنێکی ئازادە و هیچ خەسڵەتێک کۆت و بەندی ناکات، ئیتر لە هەڵبژاردنی بابەتەکانیدا بێت، یان لەچارەسەرکردنیاندا.

دوای ئەوەی بایەخی بە فەلسەفەی زانستەکاندا لە بەشی یەکەمی ژیانی دا، دەبینین گۆڕاوە بۆ لێکۆڵینەوەی خەیاڵی شاعیر بوون و فەلسەفەی ئێستاتیکاو هونەر. کە بە (شیکردنەوەی دەروونی ئاگر) لەساڵی 1937دا دەستی پێکرد. وەک باسمانکرد، پاشان (ئاوو خەونەکان) لەساڵی 1941و (هەواو دیدگاکان) و (خۆڵ و خەونەکان) ساڵی 1948، (ئێستاتیکای شوێن) ساڵی 1957، ئینجا دوا کتێبی (شاعیریەتی خەونە بەئاگاکان)ە لەساڵی 1960دا.

بابەتی سەرەکیی باشلار لە بەشی دووەمی ژیانیدا برێتیە لە خەیاڵ و کاری خەیاڵگە، هەوڵیدا بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفیی گشتگیر بۆ داهێنانی شیعریی.

یەکێک لەو هۆکارانەی وامانلێدەکات گرنگی بدەین بە (باشلار)، بایەخدانێتی بە داهێنانی شیعریی و ئێستاتیکا بەگشتی، بە خەیاڵی شیعریی بایەخێکی زۆری بە فەلەسەفە داوە، لە دواکتێبیدا واتە (شاعیرێتی خەونە بە ئاگاکان) بانگەشەیەکی گەورەی کردووە بۆ رزگاربوون لە سەرجەم ئەو کۆت و بەندانەی کە سنوور بۆ حەزی ئێمە دادەنێن، بۆ داهێنان بە گشتی و شیعر بە تایبەتی.

باشلار لێرەدا کۆی تیۆرەکانی شیکردنەوەی دەروونی بۆ ئەدەب و تیۆرییە بونیادگەراکان دەبڕێت، یەکێک لە رەخنەگرە فەرەنسییەکان دەڵێت بۆچوونەکانی باشلار، لە داهاتوودا بایەخێکی زۆریان پێدەدرێت، ئەمەش ئەوەیە کە ئێمە ئەمڕۆ دەیبینین. گرنگ لە فەلسەفەی باشلاردا ئەوەیە، ئەو کەسێتییەکی کراوەیە بەسەر جیهان و خوێندنەوەدا، مرۆڤ لە کتێبەکەیدا (شاعیریەتی خەونە بەئاگاکان) خوڵقینەرو داهێنەر دەردەکەوێت و بە سیفەتی سەرچاوە و بەئاگاهێنەرەوەی جیهانەکان دەردەکەوێت، ئیتر جیهانی زانستەکان بێت، یان جیهانی هونەرەکان، مرۆڤ لای باشلار ئەو بوونەوەرەیە کە رووبەڕووی تەحەدییاتەکان دەوەستێت، بە تایبەتی تەحەدییاتەکانی ئێستا بە داهێنان و ئافراندن. مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە کە تێدەکۆشێت دژ بە خەوی جیهان و دژ بە غەفڵەت و بێ ئاگایی.

«ئێمە لە جیهانێکی خەوتوودا دەژیـن پێویستە لەسەرمان بەهۆی دیالۆگەوە لەگەڵ ئەوانی تردا بەخەبەری بێنین، بەئاگاهێنانەوەی جیهان، هیچ نییە جگە لە ئازایەتی بوون، بەوەی ببین و کاربکەین و بکۆڵینەوە و دابهێنین و بئافرێنین».

**سەرچاوە:**

– پاشکۆی (المنارات)ی رۆژنامەی (المدى)، لاپەڕە 10، ژمارە (2797)، بەرواری 15 ئایاری 2013.

# باشلارو لۆتریامون

## چەمکێکی دیاریکراو، ئەندێشەی دینامیکی

نوسینی سەعید بوخلێت
لە عەرەبییەوە: سابیر عەبدوڵا کەریم

گەڕان بەدوای سیماکانی هێز و قووڵایی و توندی و کاریگەری و بە نێچیرکردن، هەندێکن لەو ڕوانگە و بنەمایانەی کە گاستۆن باشلار لە کارەکانیدا پشتی پێبەستوون، بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ساتە شیعریەی کە شاعیر لۆتریامون یاخود (دۆکاس ئازیدۆر) لەناو پۆلێنەکەیدا بەوپەڕی سەرکەوتوویی و توندییەوە بەرجەستەی کردووە. باشلار لێرەدا نموونەیەکی سەرنجڕاکێشی دۆزیوەتەوە کە مەبەستی بووە وێنایەکی مەعریفی و ئەنتۆلۆژی ببەخشێتە ئەندێشەیەکی دینامیکی جیاواز لە ئەندێشەی نیتچە یان شیلی، ئەگەرچی هەمان ئاسۆی ئەوانی تێدا بەدیدەکرێت. باشلار لە بنەڕەتدا هەوڵدەدات چەند مەرجێکی ژیانی ئاژەڵی بڕووخێنێت، بە واتایەکی ڕوونتر مەبەست لێی دیمەنەکانی توندڕەوی و بەزاندن و هەڵکوتانە کە بریتیە لە وزەیەکی دوژمنکارانە و تیایدا کاری لۆتریامون وەکو فینۆمینۆلۆژیایەکی ڕاستەقینەی دوژمنکاریی بەرجەستە دەبێت.

باشلار کاری لەسەر ئەم هۆنراوەیەی لۆتریامون کردووە، لە کاتێکدا هەندێک بە یەکێک لە پێشەنگەکانی شاعیرە سوریالییەکان دەیدەنە قەڵەم سەرەڕای سەیر و سەمەرەییەکەی، ئەوەش پاڵپشت بە سێ گۆشەی سەرەکی ئەمانەن:

- ڕەهەندی دوژمنکارانەی شیعری لۆتریامۆنی.
- خودی لۆتریامون بەو پێیەی شاعیری دەرخستنی هێزی ماسولکەکانە

وەکو گۆڕینی بابەتەکەی بۆ هێز و هاوارکردن.

- ڕەهەندە سایکۆلۆژییەکانی گرێی لۆتریامون.

باشلار لە پێناسەکردنی شیعردا جەختی لەسەر ڕەهەندی کاتی کە دامەزرێنەری شێوازەکانییەتی کردووە، چونکە هەستی شیعریی بە بەردەوامی وەکو هەڵکەوتەیەکی سەردەمیانەی نوێ دیاریدەکرێت کە هەناسەکانی سەردەمی ڕووداوەکان دەبڕێت، لەبەر ئەوە وەستان لە ئاست داهێنەرێکی پڕ ئەفرینی وەکو لۆتریامون بە هەموو ئازایەتییە سانەوەختیەکانییەوە بە شێوەیەکی بەرچاو پێداگری دەکات لەسەر پێویستیی ئەنتۆلۆژی بۆ ئەو وێنە شیعرییانەی کە بە ڕیتمی خێرایی و هەنووکەیی دەناسرێت و ساتی جیاواز لەسەر ڕێڕەوی خۆی دەنەخشێنێ.

شیعری لۆتریامون بەو شێوە پەلکێش بوون و دەرکەوتووییە بەپێی بۆچوونی باشلار بونیاتی ئەندێشەی دینامیکی هەیە و گونجاوە لەگەڵ سروشتی بۆچوونی باشلاری لەو ماوەیەدا، واتە ئەو ئەندێشەیەی کە لە ڕێگەی دروستکردنی چەند شێوەیەکی ئاژەڵی خۆی دەگۆڕێت، چونکە وێنەی ئاژەڵ لەنێوان ئەو وێنە سەرەتاییانە دایە، کە ئەستەمە لەژێر چەپۆک و دەسەڵاتیدا ڕزگارت بێت و هەڵبێیت، یان وەک یۆنگ ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: «هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم بتوانین لە توانا ڕەهاکەی دەربازمان بێت». لۆتریامون لە ڕێڕەوی سروشتی سەردەم دادەبڕێت و هەموو خاڵە نەگۆڕەکان ئاوەژو دەکاتەوە، چونکە هۆنراوە توندەکەی هەوڵدەدات پێش هەموو شتەکان بکەوێت و گەمارۆیان بدات.

مادام پەیوەندی خود بە جیهانەوە بەگوێرەی ئەم تێڕوانینە تەواو پێچەوانەیە لەگەڵی و لەژێر کۆنترۆڵی لۆژیکی ململانێ و بەرەنگاربوونەوە دایە، بۆ ئەوەی بژیت پێویستە دەست بە پەتەکەیەوە بگریت نەک بە

پێچەوانەوە. بڕوانن چۆن ویستی ژیان لەلای شۆپنهاوەر چەند هەژار و سەنگینە لەبەردەم خواستی هێرشبردن لەلای لۆتریامون. لە ڕاستیدا ویستی ژیان لەناو تیۆرەکەی شۆپنهاوەردا پارێزگاریکردووە لە ناعەقڵانیەتێکی لەدەستدەرچوو لە قووڵیدا کە لە ڕێگەی قەوارە و قەبارەکەی و کۆی گشتییەوە ڕەقتر دەبێت، پاشان بەو پێیەی هەموو جیهان بۆ خۆی بریتیە لە ویستی ژیان، دەبینین شکستهێنانی یەکێکیان بە جۆرێکی ئۆتۆماتیکی سەرکەوتنە بۆ ئەوەکەی تر، چونکە ویستی ژیان هەمیشە دڵنیایە لە سەرکەوتن لە کاتێکدا ویستی هێرشبردن دراماتیکی و ترسناکە.

بەڕای باشلار، لۆتریامون هۆنراوەکەی بۆ هەڵچوون و بەرجەستەکردنی هێزی ماسوولکەیی بەکارهێناوە، لەبەرئەوە ئەگەر بەئاگا بین لە هۆنینەوەی هۆنراوەیەک بۆ توندوتیژیی ڕەها و بە ئازادی و ویستی تەواو، ئەوا پێویستە شیعری لۆتریامون بخوێنینەوە، توندوتیژییەک کە ڕاستەوخۆ لە کرداری ئاژەڵییەوە سەرچاوە دەگرێت، پاشان لە هۆنراوەیەکی کارادا دەگیرسێنەوە، کەواتە باشلار پێشنیار دەکات بە باشی ڕەسەنایەتییەکانی هۆنینەوەی دینامیکی تەوزیف بکەین، بۆ ئەوەی بە باشی لۆتریامون وێنا بکەین کە پێیوایە ئەرکی یەکەمی ئەندێشە بەرەو درووستکردنی چەند شێوازێکی ئاژەڵی هەنگاو دەنێت. شیعر کاتێکە بۆ هەڵکوتانەسەر و دڵڕەقی و هەمیشە ڕاستەڕێ و ئاراستەکراوە و هیچ شەپۆل و ڕێگرێک لوولی ناکات و نابێتە کۆسپ لەسەر ڕێگەی. سەردەمێکی ساکارە و هەمیشە لەگەڵ یەکەم هەڵکوتاندا کۆک و گونجاوە. سەردەمی شەڕەنگێزی سەنگەر لەو بونەوەرە دەگرێت کە بەگوێرەی تاکە پلانێک هێرش دەبات، ئەویش نیشاندانی توندوتیژییەکەیەتی. بوونەوەری شەڕەنگێز چاوەڕوانی ئەوە ناکات تاکو ئێمە کاتەکەی بدەینێ، بەڵکو خۆی لێمانی دەبات و درووستی دەکات.

ویستی ژیان لەلای لۆتریامون پەرە دەستێنێ و کرداری بەهێز وەکو پەیڕەوکردنێکی هێرشبەرانە دیاریدەکات. نەخشکردنی کات دەبێتە کەڵەکەبووی چەند ساتێکی یەکلاکەرەوە، بەبێ گرنگی پێدانێکی زۆر بە کاتی جێبەجێکردنی. لێرەدا بوونەوەرەکە هەمیشە داگیرساوە بۆ هێرشبردن و لەگەڵ شتەکانی دەوروبەریدا لە چوارچێوەی شەڕەنگێزیدا دەژی و بە گرێی لۆتریامون توشبووە، هەروەک باشلار ناوزەدیکردووە بە دەرکەوتن و هەڵکەوتنی لایەنی شەڕەنگێزی لە خودێتی مرۆڤایەتیدا. دەقەکانی لۆتریامون ناوی 185 ئاژەڵ و 435 حاڵەتی گواستنەوەی بۆ دۆخی ئاژەڵی لەخۆی گرتووە. کەڵەکەبوونی هەستی ئاژەڵیی لەلای لۆتریامون بە بەراورد لەگەڵ شاعیرێکی دیکەی وەک ڤیکتۆر هۆگۆدا بۆ نموونە، کە ئاماژە بۆ زۆریی جووڵەی هەڵچوونە خودگەراییەکان دەکات و لە هزری ئەودا تونددوتیژی ویستێکە بۆ مانەوە و بوونەوەرەکان بەگوێرەی گۆڕانکارییەکان دیاریدەکات و پەرچەکردار بەگوێرەی ویستێکی سەرهەڵداوی نوێ و سنوورێکی مرۆیی نوێی بۆ درووستکردووە. گۆڕان بۆ دۆخی ئاژەڵی لای لۆتریامون برییتیە لە ئامرازێکی ئەنتۆلۆژی کە پەرچەکرداری بەهێز درووست دەکات، لەو کاتەشدا بوونەوەرەکە وەکو دەرئەنجامێکی توانا ئاژەڵییەکان خۆی نمایشدەکات، یاخود وەکو ئاژەڵێکی باڵاتر، کە هەموو ئاژەڵێتی لەژێر فەرمان و دەسەڵاتیدا دەبێت.

هۆنراوەی لۆتریامون بە بەردەوامی لەگەڵ گەمەی شێوە بەدەستهاتووەکاندا و لەگەڵ خێرایی لە تەواوکردنی زنجیرەیەک گۆڕانکاریدا کارلێک دەکات، وەکو گۆڕین بۆ دۆخی ئاژەڵیی بە شێوەیەکی خێراو ڕاستەوخۆ کە بە خێراییەکی لەڕادەبەدەر و زیاتر لەوەی ئێمە بە بیرماندا دێت شتێک بەدیدەهێنێت و وادەکات وێنەی شیعری کاراو دینامیکی بێت و

چاوەڕوانی قۆستنەوەی ساتێک دەکات بۆ جێبەجێکردنی خواستی هێرشبردن. پێویست دەکات ئەم ئەزموونە شیعرییە پارێزگاری لە بەهای دینامیکی و پێوەری کرداریی و ژیاریی ئاژەڵە جۆراوجۆرەکان بکات، بەو شێوەیەش کرداری بایۆلۆجی بەند دەبێت بە دینامیکیای شیعرییەوە، لەو ڕێگەیەشەوە جیهانی چالاکی هۆنراوەی لۆتریامون بەرجەستە دەبێت: «شتێک بەناوی زیرەکی نییە ئەگەر لەپێشدا لەناو ماسوولکەدا نەبووبێت».

کەواتە سەرکەشی نییە کە باشلار نازناوی (شاعیری ماسوولکە و هاوارکردن)ی بەسەر لۆتریاموندا بڕیوە و هێزی ئەوی لە کاتی پڕ ڕۆڵ و چالاکی و هێرشکردندا ئاشکرا کردووە. ئازادیی ڕاستەقینەی لۆتریامون بریتییە لە هۆشیاری لە بەرامبەر تاقیکردنەوەکانی ماسوولکەدا کە پەلاماری ڕاستی دەدات و دەیبەزێنێ و دەیجنێت و دەیگۆڕێت بۆ دۆخی ئاژەڵێنی، چونکە ئیتر هۆشیاری بە خاوەندارێتی کردنی جەستە هۆشیارییەکی هەستپێکراوی وەها نییە کە هەست بە گەرمی و خۆشیەکەی بکەی، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ڕێگەی بڕوابوون بە خاوەندارێتی کردنی جەستە بە بەهێزیی تیشک دەداتەوە، ئەوەش شتێکە پەرچەکرداری ئاژەڵیی بەرجەستەی دەکات.

پاڵپشت بە هەموو بنەما دیاریکراوەکان، باشلار شاعیرەکانی بۆ دووجۆر دابەشکردووە: تاقمێک کە لە سەردەمێکی ستوونی و سۆزداری ناواخنیدا دەژی، هەروەک بۆدلێر باسیکردووە، هەروەها تاقمێک کە لەگەڵ سەردەمێکی زیندوو گۆڕاودا دەژی و هەڵدەکات. بە دڵنیاییەوە دەقە شیعرییەکانی لۆتریامونی شاعیر ڕووبەرێکی دیاری لەناو نوسینەکانی نوێنەرانی ئەم تاقمەی دووەمدا داگیر کردووە. بە سانایی پێوەری جوانیی شیعر لە ئەنجامی دیراسەکردنی گۆڕانکاری و گۆڕانی شێوازی وێنە و دیمەنەکانەوە سەرهەڵدەدات و چەندین شێواز پێکدەهێنێت کە باشلار

بەڕاستی بەرجەستەکراو دەیانداتە قەڵەم نەک تەنها وەکو ئاماژە.

هۆنراوەی لۆتریامون بووەتە مایەی ڕابوونێکی بەهێز لە ڕێگەی دەربڕینی ئەو ئاسۆیەوە، ئەوەش لە ڕێگەی گونجان و بەدواداچونی زنجیرەیەک شێواز لەناو یەکەی گۆڕانکاریدا، بەڵام دەبێت بەتایبەتی و بە شێوەیەکی خێرا لەگەڵیدا بژین، چونکە خێرا و هەژێنەرە. کاریگەریی دینامیکی ئەندێشەی شیعری دەردەکەوێت بۆ ئەوەی بەردەوامییەکانی گۆڕانکارییە هەمیشەیی و بێ کۆتاییەکان بگرێتەخۆ، بۆیە هۆنراوەکە دەوڵەمەندە بە هێزێکی دەمارگیری زۆر. هۆنراوە درووستمان دەکات و سەرلەنوێ وێنای بوونەوەر و شێوازەکان و کردارەکان دادەڕێژێتەوە. کاتێک کە باشلار لە تێڕوانینی شیعری لۆتریامون نزیک بۆوە لە ڕوانگە ڕەخنەییەکانیدا لەو ماوەیەدا پشتی بە دوو بنەمای سەرەکی بەست:

1ـ زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەریی شیکاری سایکۆلۆژییەوە، لەبەرئەوە پێداگریکرد لەسەر ڕەهەندی هۆنینەوەی گرێی سایکۆلۆژی و چیرۆکی ژیانی لە ئاسۆی تێگەیشتنی بۆ هەستی شاعیرانەی لۆتریامون. باشلار لەو بارەیەوە دەڵێت: «ڕەخنەی وێژەیی سوود وەردەگرێت لە قووڵکردنەوەی مەودای گرێی سایکۆلۆژی، لەو کاتەشدا ئاراستە دەکرێت بەرەو بەرجەستەکردنی بابەتە کاریگەرییەکان بە شێوەیەکی دیکەو بەو نەرێنە، بۆیە لەسەری پێویستە لە ڕێگەی مانای سایکۆلۆژیی وشەوە بە گۆڕینی بەرەو خوێندنەوە قەرەبووی بکاتەوە». گرێی سایکۆلۆژی یەکەیەکی سایکۆلۆژی بە کاری داهێنەرانە دەبەخشێت، بەڵام باشلار لەمەدا ڕەزامەندی لە چوارچێوەی ڕێڕەوێکی زیاتر شیعریدا بەدی ناکات.

باشلار بەناو لایەنە شاراوەکانی دیاردەگەرایی شەڕەنگێزی هەستی شاعیرانەی لۆتریاموندا گەڕاوە و ئەو جۆرە توندوتیژیەی بە گرێ

کەلتوورییەکانەوە بەستۆتەوە کە کۆمەڵێک مەرجی کەلتووری و فیکری لێوە بەرجەستە دەکات بەو شێوەیەی کە لۆتریامون کاتێک هەرزەکار بووە لە قوتابخانە لەگەڵیدا ژیاوە، کە بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەو زیهنییەوە قۆناغێکی بەئێش و دژوار بوو لەڕووی.

2ـ بنەمای دووەم کە بنەما سەرەکیەکەیە و بیرکرنەوەی باشلاری پێ جیادەکرێتەوە لە قۆناغی خوێندنەوەی بۆ هۆنراوەی لۆتریامون کە بەدڵنیاییەوە دەمانبات بۆ چەمکێکی دیاریکراوی ئەندێشەی دینامیکی کە تێیدا خواستی گەڕان و عەوداڵبوون بەدوای شێوازە ئاژەڵییەکان بەدیدەکرێت، بەڵکو بە کردەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە بەرەو ویستی بە ئاژەڵبوون پەلکێش دەبین، لـەڕووی دەرکەوتنی خەمەکانمان و هیلاکیەکانمان و شکست هێنانەکانمانەوە، ئینجا بە شێوەیەکی زۆر فەلسەفییانە مردنی ئەو بەها بچووکانە قبووڵ دەکەین کە لە هەمانکاتدا هێز و ئارەزووەکانی تیادا بەدیدەکرێت، بۆیە لۆتریامون ئەزموونێکی دیاریکراوی شیعری لەسەر بنەمای توندوتیژی و شەڕەنگێزی و ئیرادە درووست کرد، پاشان هەستاوە بە پێکهێنانی کات لەسەر هێزێکی سامناک کە پڕە لە وزەی ئاژەڵگەرایی تا ئەوپەڕی سنوورەکانی.

**سەرچاوە:**

سایتی (His Press)ی مەغریبی

# فینۆمینۆلۆژیای گاستۆن باشلار

## ئەپستمۆلۆژیا بەردەوام بوونی تیۆری مەعریفی نییە لە فەلسەفەدا، بەڵکو گۆڕانی چۆنایەتیی پەیوەندیی فەلسەفەیە

د. سەعید بوخەلیت

گاستۆن لوی باشلار  رۆژی 27ی حوزەیرانی 1884 لە شارۆچکەی بارسور ئۆب « Aube ــSur ــBar لە دەڤەری شامپانیا لە فەرەنسا لەدایکبووە و خێزانەکەشی بەوە ناسراون، کە سەرقاڵی پێشەی پینەچێتی بوون و خودی خۆشی لە سەردەمی منداڵیدا، لە ناوەندی کێڵگەو جۆگەلە ئاوەکاندا پەروەردە بووە، واتە لە کەشێکی میللییانەدا گۆشکراوە، هەروەک دواتر «مارسیل ڤوازان « Marcel Voisin» لە توێژینەوەیەکیدا لەسەر باشلار بەناوی «بلیمەتی میللییگەرایی» باس لەو بارودۆخە دەکات کە باشلار تیایدا ژیاوە.

گاستۆن باشلار تا قۆناغی خوێندنی دواناوەندی لە شارۆچکەکەی خۆی خوێندوویەتی و لە تەمەنی هەژدەساڵیشدا لە هەمان خوێندنگەی Czanne بووەتەوە وانەبێژ، لە تەمەنی 20 ساڵیشدا لە کەرتی پۆستە و گەیاندن کاریکردووە و لەتەک پیشەکەشیدا خوێندوویەتی و لە ساڵی 1912دا مۆڵەتی لە زانستی ماتماتیکدا بەدەستهێناوە، ئیتر لەم کاتەش بەدواوە وەک مارسیل ڤوازان دەڵێت سەرەڕۆییە گەورەکانی دەستی پێکردووە.

پاش تەواوکردنی خزمەتی سەربازیشی، لە ماوەی ساڵانی (1907 ــ1913) رووی لە بنکەی پۆستەی وێستگەی شەمەندەفەر لە خۆرهەڵاتی پاریس کردووە و لە ماوەی 1913 ــ 1914یشدا توانیویەتی درێژە بە خوێندنی ماتماتیک بدات لە دامەزراوەی « louis ــSaint». باشلار لە مانگی ئازاری 1919دا هاوسەرگیری دەکات و لەپاش ساڵێکیش لە هاوسەرگیری، هاوسەرەکەی دەمرێت، لەو ماوەیەشدا کچێکیان دەبێت. دواتر باشلار بە پشتبەستن بەخۆی دەستدەکات

به خوێندن لە بوارەکانی فیزیا و کیمیادا، پاشان دوو بڕوانامە لەو بوارانەدا بەدەست دەهێنێت، ئینجا روو لە فەلسەفە دەکات.

ساڵی 1927 تێزی دکتۆراکەی پێشکەشکرد، کە تایبەت بوو بە «داکشانی گەرمایی تەنە رەقەکان».

ئامادەکردنی ئەو تێزە و قووڵبوونەوەی لەو بوارەدا رۆڵ و پێگەیەکی بەرچاو دەداتــە باشلار لە ئاستی گەشەکردنی فەلسەفەی هاوچەرخ و دەیگەیەنێتە پلەی مامۆستای زانکۆی سۆربۆن و تا ساڵی 1945 لەو پلە زانستییەیدا دەمێنێتەوە، کە ئیتر لەو وادەیە بەدواوە خانەنشین دەکرێت.

ساڵی 1955 دەبێتە بەڕێوبەری پەیمانگەی مێژووی زانست و تەکنۆلۆژیا و ساڵی 1960 مەدالیای سوارچاک و ساڵی 1961یش خەڵاتی گەورەی نیشتمانی ئاداب وەردەگرێت. لە16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1962 باشلار ماڵئاوایی لە ژیان دەکات. لە ماوەی تەمەنیشیدا نزیکەی (13) کتێبی نووسیووە و بە یەکێک لە پسپۆڕانی بواری فەلسەفەی زانستی دادەنرێت و بە وردی رۆچووەتە نێو ئەو ئامرازانەی کە مرۆڤ لە رێگەی ئەقڵەوە ئەپستۆمۆلۆژیا بەدەست دەهێنێت. باشلار بە نوسینی کتێبی «شێکاریی دەروونیی ئاگر» هەموان سەرسام دەکات، کە بە تەواوەتی گۆڕانکاری بەسەر مێتۆدی کارکردنیدا هاتووە و لە فەلسەفەی زانستییەوە روو لەبواری شیکاریی دەروونی دەکات و مرۆڤ لای ئەو دەبێتە گۆڕەپانی شیکاریی دەروونی ماتریاڵ.

**فینۆمینۆلۆژیای باشلار:**

پێویستە هەر لێرەشدا ئاماژە بە فینۆمینۆلۆژیای باشلاری بدەین، کە لەلای ئادمۆند هۆسرل سەریهەڵداوە، کە ئەویش بریتیە لە مەبەستگەرایی هۆشیاری، واتە هەمیشە هۆشیاری روو لە بابەتێک دەکات و هیچ بابەتێکیش

بەبێ خود بوونی نابێت. هەرچی فینۆمینۆلۆژیای باشلارییە لە توێژینەوەی شیعری باشلاردا (واتە قۆناغی دووەم لە ژیانی) هێندە سەختگیر نییە و بە پێچەوانەی فینۆمینۆلۆژیای تەقلیدی، واقیعێکی بابەتیانە و مەرجی خۆی هەیە، کە دەشێت لە ڕێگەی یاسا زانستییەکانەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

ئەوەی فیکری باشلار جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە خاوەنی ئەقڵ هزرێکی ئازادە و لە هەڵبژاردنی بابەتەکانیدا یان لە چارەسەرکردنیاندا ناکەوێتە ژێر هیچ کۆت و بەندێکەوە، بۆ نموونە لە بایەخدان بە فەلسەفەی زانستی لە قۆناغی یەکەمی ژیانیدا روو لە توێژینەوەی ئەندێشە و خەیاڵکردنەوەی شاعیرانە و فەلسەفەی ئیستاتیکا و هونەر دەکات، لەو بوارەشدا کتێبی «شێکاریی دەروونیی ئاگر» و پاشان لە ساڵی 1941دا کتێبی «ئاوو خەون» و لە ساڵی 1948 کتێبی «هەوا و روانگە» و دواتریش «خۆڵ و خەون و ئیرادە و خۆڵ و خەونی پشووەکان» دەنووسێت و لە ساڵی 1957یشدا کتێبی «ئیستاتیکای شوێن»، پاشانیش لە ساڵی 1960 کتێبی « شاعیری بوونی زیندە خەونەکان»ی نووسیوەوە.

لـەدوا کتێبیدا باشلار داوادەکـات مرۆڤ خۆی لە سەرجەم کۆت و بەندەکان کە سنوور بۆ چێژ وەرگرتن لە ئەفراندنەکان دادەنێت، بەتایبەتیش شیعر، رزگار بکات، کە پێویستییەکی زۆرمان پێیەتی، لەو بەرهەمەیدا دەڵێت ئێمە لە جیهانێکی نووستوودا دەژین و پێویستە بێداری بکەینەوە، ئەویش لە رێگەی دیالۆگ لەگەڵ ئەوانیتر، کە ئەوەش پێویستیی بە بوێری بوون هەیە، تا هەبین و کار بکەین و بگەڕێین و ئەفراندن و داهێنان و خوڵقاندن بکەین.
هاوکات باشلار خاوەنی **ئەم بەرهەمانەیە:**

ــ ئەقڵی نوێی زانستی/ 1934، دروستبوونی ئەقڵی زانستی/ 1938، ئەقڵانییەت و جێبەجێکردن ــ 1948/ The Applied Rationalism،

ـ ئەقلانییەتی ماتریالیزم 1953/

**تێڕوانینی زانستییانەی باشلار:**

گاستۆن باشلار بیرمەندی فەرەنسی لە پای پشکداریکردنە زانستی و توێژینەوەکانی، بە تایبەتیش لە بواری فەلسەفەی زانستیدا، بووەتە یەکێک لە سیمبوڵە بەرچاوو دیارەکانی فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسا و کایەی ئەپستمۆلۆژیا، کە بە کۆمەڵێک تێز و چەمک دەوڵەمەندی کردووە و لەو ڕێگەیەشەوە زۆرێک لە پرسە فەلسەفی و زانستییەکان، کە مایەی مشتومڕی نێوان زانایان و فەیلەسووفان بووە لە سەدەی بیستەمدا روون کراونەتەوە.

لە کتێبی (ئەقڵی نوێی زانستی)دا، باشلار تیشکی خستۆتە سەر پێویستی جۆرێک لە پێداچوونەوە بە هەندێک لە چەمکە تەقلیدییە بە میراتبەجێماوەکانی فەلسەفە لەسەر مەعریفە، بۆیە پێویستە لەسەر جیهان لە ئامادەیی هەمیشەییدا بێت بۆ پێداچوونەوە بە پڕەنسیپ و بیروباوەڕەکانیدا، چونکە شتێک نییە بەناوی حەقیقەت و یاسای رەهای زانستی و ناشکرێت پەنا بۆ چەمکە تەقلیدییەکان ببرێن. لە زانستدا ئێمە لەبەردەم ئەزموونگەرایی یان ئەقڵانییەتی ئەبستراکت، یاخود لەبەردەم لێکدژەکانی ئەزموون و ئەقڵدا راناوەستین، بەڵکو لەبەردەم پەیوەندیی دیالێکتیکی داین، کە ئەوەش بۆ خۆی واقیعی بە شێوەیەکی تیۆری گۆڕیوە، یان لەبەردەم مومارەسەی تیۆرییەک داین کە پەیوەندیی بە قۆناغێکی مێژووییەوە هەیە، کە زانست بە چەمکە فەلسەفی و ئایدیۆلۆژیا باوەکانەوە پیایدا دەگوزەرێت، واتە ئێمە واقیع لە واقعێکی ماتریالی خاوەوە بۆ وێناکردن، یاخود بابەتی مەعریفی دەگۆڕین و وێنەکەش فۆرمێکی تیۆری ماتماتیکی وەردەگرێت، کەوابوو ناکرێت بە بۆچوونی باشلار لە نێوان ئەوەی ئەزموونگەراییە و ئەوەش کە ئەقڵانییە جیاکاری بکەین.

مەعریفە لە سروشتی خۆیدا ئەزموونگەرایی و ئەقڵانیشە پێکەوە. لە هەر مەعریفەیەکی ئەقڵگەراییشدا پرەنسیپ و ئایدیای ئەقڵانی هەیە.

باشلار هەوڵیداوە سوود لە شیکاریی دەروونـی وەربگرێت، لەپێناو تێگەیشتنێکی قووڵتری پرۆسەی مەعریفەی زانستی، بە جۆرێک وا دەبینێت کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان فەلسەفەی زانست و شیکاریی دەروونیدا هەیە، چونکە دیسان پرۆسەی مەعریفە لە مەرجە دەروونییەکاندا تەواو دەبێت و دەریشدەکەوێت.

هەروەک چۆن چەپێنراو لای مرۆڤ هەیە و دەبێتە ئاستەنگ لە ژیانی دەروونیدا، ئاوەهاش لەمپەر لەسەر رێگەی مەعریفەی زانستی هەیە کە لەنێو کاری زانستییەوە دێن و لێوەی هەڵدەقوڵێن. هەڵبەت ئەو لەمپەرانە پێویستییەکن بۆ مەعریفەی زانستی هەروەک چۆن چەپێنراوەکان لە ژیانی دەروونیی مرۆڤدا بوونیان هەیە و پێویستن.

زانست بە بوونیاتنان لەسەر بنەمای مەعریفەکان پێش ناکەوێت، بەڵکو لەسەر ئاشکراکردنی هەڵەی نێو مەعریفەکانی پێشووتر بەرەوپێش دەچێت و سوودی مێژووی زانستیش ئەوەیە، کە ئەوە دەربخەین چۆن ئەو تیۆرە زانستییە راستەی لەمڕۆدا ئامادەی دەکەین، بەچەند تیۆرەرییەکی تردا گوزەراوە و هەڵەکانیشی لە قۆناغەکانی داهاتوودا دەسەلمێنرێت. هەرچی هەڵوێستی باشلارە لە بەرامبەر گرفتی پێشنیارکراوی نێو دەق، کە خۆی لە پەیوەندیی نێوان زانست و بۆچووندا دەبینێتەوە ئەوەیە، کە زانست بەتەواوەتی دژایەتیی راوبۆچوون دەکات، هەرکاتێکیش زانست لەگەڵ بۆچوونێک تەبا بوو، ئەوە واتای ئەوە ناگەیەنێت، زانست بۆچوونەکە پەسەند دەکات یان باوەڕی پێدەکات، چونکە هەردووکیان لە پرەنسیپ و ئامانجیاندا دژبەیەکن. لەبەر ئەوەی بۆچوون خودییە و زانستیش بابەتییە و لەو سۆنگەیەشەوە ناکرێت

هەموو ئەوەی بابەتییە لەسەر بنەمای خودگەرایی بونیات بنرێت، بەڵکو دەبێت زانست بە تەواوەتی لە راو بۆچوون داببڕێت، تا بە حەقیقەت بگات، ئەوەش لای باشلار بە «دابڕانی ئەپستمۆلۆژیا» ناو دەبرێت.

هەڵبەت باشلار پشتی بە زۆر بەڵگەی ئەقلانی و لۆژیکیی بەستووە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە زانست لە جەوهەردا لە راو بۆچوون جیاوازە. ئەو دەڵێت بۆچوون لەڕووی پرەنسیپەوە بەردەوام لە هەڵەدایە، چونکە بیر دەکاتەوە و پێداویستی و ئارەزووەکانیشی بۆ مەعریفە وەردەگێڕێت، هەربۆیە ناکرێت هیچ شتێک لەسەر بۆچوون بونیات بنرێت، پێویستیشە بەر لە دەستکردن بە توێژینەوە تێک بشکێنرێت، چونکە لەمپەڕی یەکەمە، کە دەچێتە پاڵ ئاستەنگەکانی تر کە رووبەڕووی توێژەر دەبنەوە «لەمپەڕە ئەپستمۆلۆژییەکان».

ئیدی لە تایبەتمەندییەکانی بۆچوون، یاخود مەعریفەی ساویلکانە ئەوەیە، کە سوودخواز و خودگەرا و هەڵەیە، لە کاتێکدا مەعریفەی زانستی پێویستی بەوەیە بە تەواوەتی لە بۆچوون داببڕێت، بۆ ئەوەی بابەتیانە و راستەقینە بێت.

وەک باشلار دەڵێت زۆر بە سانایی فەیلەسووف داوا لە زانست دەکات، نموونەی پێبدات بۆ سەلماندنی چالاکیی هارمۆنیی کارو وەزیفە فیکرییەکان، بەڵام پێشیوایە لە توانایدا هەیە کە بەر لە زانست پێویستی بە شیکاری ئەو چالاکییە هارمۆنییە هەبێت». Gaston bachelard «La philosophie du non» Paris 1981 P3». ئەوەی لەو وتەیە ورد بێتەوە تێبینیی شێوازی رەخنەیی لە بیرکردنەوەی باشلاردا دەکات، کە لە نوسینیشیدا وەک بیرکردنەوەی ستایلێکی تایبەت بەخۆی هەیە و خوێنەرانی نوسینەکانی باشلاریش زیاتر لە کەسانی تر لەوە تێدەگەن، کە لاشلار لەو دەمەی پۆستی مێژوو و فەلسەفەی زانستی لە

زانکۆی سۆربۆن پێدرا، بە درێژایی چەند دەیەیەک و بۆ تەنیا رۆژێکیش وازی لە هێرشکردنە سەر فەیلەسوفان و دیبەیتی رێبازە فەلسەفییە جیاجیاکان نەهێنا و لە هەوڵیشدا بووە بۆ دامەزراندنی ئەپستمۆلۆژیای زانستی هاوچەرخ.

هەر لە کاتێکی زووی ژیانییەوە گاستۆن باشلار کاریکرد بۆ دامەزراندنی ئەپستمۆلۆژیایەکی نوێ و جیاواز لەو ئەپستمۆلۆژیایەی کە فەیلەسوفی سکۆتلەندی جیمس فریدریک فیریە (1864 ـ1908) دایناب‌وو، کە بەو پێیەش فەلسەفەی پۆلێن کردبوو بۆ بەشی ئەنتۆلۆژیا و ئەپستمۆلۆژیا.

بێگومان هەر لە سارتەرەوە تا دەگاتە هیگل و هیوم و برگسۆن و ولیام جەیمس و ماخ و بوانکارییە و مایرسۆن و ئەوانیتر کە بە کۆڵەکەی فیکری فەلسەفەی نوێ دەژمێردرێن، ئەوا هیچکام لەم سیما بەرچاوانەی مێژووی فیکری نوێ، بە تایبەتیش فیکری فەلسەفی لەدەست ئەم رەخنە و دیبەیتە لە دژی «زانست»ی ئەم فەیلەسوفە دەربازیان نەبووە، چونکە باشلار هەمیشە پابەندە بە چارەسەرە دێرینەکان بۆ کێشە نوێیە زانستییەکان و داوای گۆڕانکاری و نوێبوونەوە ناکات هێندەی ئیشکالیەتەکانی پێشوو لەگەڵ ئێزە نەگۆڕەکان، کە شۆڕشی زانستی هاوچەرخ تێیپەڕاندووە دووبارە دەکاتەوە.

بەرلەوەی واتای دابڕانی ئەپستمۆلۆژیا روونبکرێتەوە، پێویستە ئاماژە بە پێناسەی ئەپستمۆلۆژیا (Epistemologies) بکرێت، کە ئێرمێکی نوێیە لە توێژینەوە و گرنگی بە مەعریفە دەدات و دەیکاتە بابەتی خۆی. خودی وشەی ئەپستمۆلۆژیا لێکدراوە و لە هەردوو وشەی یۆنانی ((Episteme ))بە واتای زانست و ((Logos)) بە واتای رەخنە، گریمانە دێت و پێکەوە واتای زانستی زانستەکان، یاخود توێژینەوەی رەخنەیی زانستەکان دەگەیەنێت.

دابڕان وەک کۆنسێپتێکی سەنتەریالیزم لە رەخنەی باشلار لە فەیلەسوفان:

لەم دەروازەیەوە دەکرێت چەمکێکی نوێ بهێنرێتە ئاراوە، کە لەگەڵ

مومارەسەکردنی باشلاریزم بۆ مەعریفەی زانستی سەریهەڵداوە، لێرەشەوە باس لە کۆنسێپتی دابڕانی ئەپستمۆلۆژی دەکەین. کەوابوو ئەم چەمکە چی دەگەیەنێت؟ بەڵام بەرلەوەی قسە لەسەر دابڕان بکەین، وەک ئەوەی باشلار دەیبینێت، پێویستە وەک قۆناغی یەکەم جیاوازی بکەین لەنێوان تیۆری مەعریفە و ئەپستمۆلۆژیادا.

**یەکەمیان:**

la thorie de la connaissance بریتیە لە پرۆسەی دروستبوونی مەعریفەی مرۆیی لەڕووی سروشت و بەها و سنوور و پەیوەندییەکانی بە واقیعەوە، کە بەوەش ئاراستە ئەقڵانی و ماددی و ئایدیالییەکان دەردەخات، لە هەمبەریشدا دووەمیان: Lépistémologie بابەتەکانی تەنیا لە توێژینەوەی مەعریفەی زانستیدا قەتیس بووە. خۆ ئەگەر ئەو بەرسڤ و وەڵامانەی کە تیۆری مەعریفی پێشکەشیان دەکات، فۆرمێکی رەها و گشتگیریان هەیە، ئەوا ئەپستمۆلۆژیا دیراسەی مەعریفەی زانستیی دەکات لە بارودۆخێکی دیاریکراوی مێژوودا، بەبێ ئەوەی بەرەو وەڵامدانەوەی رەها بچێت، بەڵکو ئەپستمۆلۆژیا گشتاندنە فەلسەفییەکانی تیۆری مەعریفە وادەبینێت لەمپەڕە لەبەردەم گەشەکردنی مەعریفەی زانستی، چونکە وێناکردنە ساختەکان لەبارەی مەعریفەوە بە تایبەتیش کاریگەریی سلبی دەبێت لە کایەی مەعریفەی زانستیدا، کاتێک کە سنوور بۆ زانست دادەنێت.

ئەپستمۆلۆژیا بـەردەوام بوونی تیۆری مەعریفی نییە لە فەلسەفەدا، بەڵکو بریتییە لە گۆڕانی چۆنایەتی لە تێڕوانین بۆ پەیوەندیی فەلسەفە بە زانست و تێپەڕاندنی لێکدژی نێوان تیۆری مەعریفە و زانست، جگە لەوەش ئەپستمۆلۆژیا هاتووەتە سەر داروپـەردووی ئەوەی بە فەلسەفەی زانست

دەناسرێت و لە پەیوەندیی فەلسەفە بە زانستەوە لەدایکبووە و رستێک لە بابەتەکانی خستووەتە بەرباس لە گرنگترینیشیان، پەیوەندی زانست بە کۆمەڵگە و کاریگەریی لە درووستکردنی دیدی فەلسەفە بۆ سروشت و گەردوون.

پاش باسکردنی پوختەی جیاوازیی نێوان تیۆری مەعریفە و ئەپستمۆلۆژیا، هەنووکە بەرەو هەوڵی چارەسەرکردنی ئیشکالیەتی پێشوو دەدەین، کە ئەویش حەقیقەتی دابڕانی ئەپستمۆلۆژیایە بەو پێیەی چەمکی سەرەکی و تایبەتە لە فیکری باشلاردا.

رەنگە ئەوەی ئاگاداری فیکری ئەپستمۆلۆژی بێت، زیاتر لەوانیتر لەو ئیشکالیەتی ئاراستەیە بەئاگایە کە مەعریفەی زانستی گرتویەتییە بەر، کە پتر لە هەر ئیشکالیەتێکی تر ئەپستمۆلۆژیست و فەیلەسوفان لەسەری ناکۆکن.

دیارە گرووپێک وا لە ئاراستەی زانست دەڕوانێت، کە جووڵەیەکی بەردەوام و پێکەوە گرێدراو و دانەبڕاو و لێک جیانەبوەوەیە و «ئمیل میرسۆن» یەکێک لە بەرچاوترین بانگهێشتکارانی ئەو بۆچوونەیە، ئەمە جگە لە «لیون برنشفیک»کە پێیوایە سەرجەم مەعریفە زانستییەکان لە بەردوامی و گەشەی دانەبڕاودایە و هەر مەعریفەیەکی نوێش برێتییە لە بەردەوامیی مەعریفەیەکی زانستی پێشووتر و مێژووەکەشی برێتییە لە زنجیرەیەک کە یەک لەدوای یەکتر دروستدەبن و ئەو گۆڕانکارییەش کەلە زانستدا روو دەدا، جگەلە گۆڕانێکی پلەبەندی چیتر نییە.

کەوابوو ئەگەر بێت و مەعریفەی زانستی بریتی بێت لە بەردەوامبوونی مەعریفەی پێشووتر، ئەوا دەبێت داهێنانی گڵۆپی کارەبایی بەردەوام بوونی چرای ئاسایی بێت، بەڵام مەسەلەکە بەو جۆرە نییە، بەڵکو داهێنانی گڵۆپی کارەبایی بەرهەمی مەعریفەی زانستییە و بە فۆرمێکی ماتماتیکی گوزارشتی لێدەکرێت.

لەلایەکی ترەوە میتۆدی زانستی بۆ خۆی بریتی نییە لە بەردەوامی و لێکدانەبڕان لە گەشەی زانستی، هەروەک چۆن کتێبەکەی دیکارت «گوتار لە میتۆد»دا هیچ سوودێکی ئەوتۆی نەبووە لە توێژینەوەی زانستی هاوچەرخدا و دیسان میتۆدی ئیستقرائی فرەنسیس بیکونیش بۆ بەدەستهێنانی مەعریفەی زانستی، شیاو نییە وەک ئەوەی کە پێشووتر هەبووە.

دیسان گرووپی دووەمیش کە زیاتر لە فەرەنسا و ئەوروپا و سەرلەبەری جیهاندا بڵاوە، ئەو گرووپەیە کە پێیوایە ئەو ئاراستەیەی مەعریفەی زانستی درووستی دەکات، لەسەر دابڕانەکان بونیات دەنرێت. بە جۆرێک مێژووی زانست بریتیە لە مێژووی دابڕانی نێوان مەعریفە زانستییە دێرین و نوێیەکان، بە واتایەکی تر ئەو رەوتەیە کە ئەوە رەتدەکاتەوە مەعریفەی زانستی درێژ کراوەی مەعریفەی گشتی بێت، بەڵکو بریتیە لە گواستنەوە لە ئەزموونەوە بۆ بەئەقڵانی بوون و لە تێبینی پشێوگیرەوە بۆ مەعریفەی زانستی، ئەوەش کە مەعریفەی زانستی کلاسیک لە مەعریفەی زانستی هاوچەرخ جیادەکاتەوە، بریتیە لە دابڕانی ئەپستمۆلۆژیا.

فەیلەسوفی فەرەنسی گاستۆن باشلار لە میانەی نوسینەکانی پەیوەست بە پەیوەندیی مرۆڤ بە توخمەکانی ئاو، زەوی ، هەوا، ئاگر، ئاراستەیەکی فیکری نوێی هێنایە ئاراوە کە کاریگەریی لەسەر ئەزموونە مەعریفییەکانی دواتر دەبێت. ئەو تیۆری رەخنەی نوێی دامەزراند کەلە نێوان رەخنەی بونیانگەرایی و بابەتگەراییدا دابەش بووە.

کارکردنی باشلار لەسەر ئەو توخمانە و بایەخدانی بە ستراکچەری شیعری لۆتریامۆن Lautranmont، پشکدارییەکی گەورەی کردووە لە ئاراستەکردنی ئاسۆی تیۆری ژمارەیەک ناو، کە لە سەدەی بیستەمدا لە گۆڕەپانی رەخنەیی لە فەرەنسا رۆڵی بەرچاوییان هەبووە: پولی، بارت، روسی، ریشا، چارل مۆرون، ستاروبنسکی، گریماس، جینیت.

مارگولان له توێژینەوەکەیدا لەبارەی باشلارەوە لەو بڕوایەدایە بەو بابەتگەراییەی کە فیکری باشلاری پێدەناسرێتەوە لە ماوەی (1938 ــ1950) کاریگەریی زیاتری هەبووە لەسەر رەخنەگران وەک لەو خودگەراییەی کە لە ماوەی (1955 ــ1960) باشلاری پیری پێ دەناسرێتەوە. باشلار خاوەنی شیکاریی دەروونی ئاگر (La psychanalyse du feu)ی 1938، لۆتریامون Lautramont 1939))، پاشان هەر چوار توخمەکە، زیاتر لەسەر رەخنەی فەرەنسی هەبووە وەک لە کارەکانی تری کە زیاتر پشتی بە مێتۆدی فینۆمینۆلۆژیا بەستووە و بایەخ بە هۆشمەندی تاکگەرایی لە دیاریکردنی رەهەندی ئەنتۆلۆژی بۆ وێنەی هونەریی دەدات، کە مەبەست لە شاعیری بوونی شوێن La potique de l›espace، و شاعیری بوونی نێرامانی قووڵ La potique de la reverie و رووناکیی چرا La flamme d›une chandelle.

بە بۆچوونی مارگۆلان کۆمەڵێک گۆڕانکاریی مەعریفی و کۆمەڵایەتی روویانداوە، ئەوەش سەنتەریالیزمی خودگەرایی لە پرۆسەی ئەفراندندا لاواز کردووە، لەو چوارچێوەشدا دەڵێت «رێکخستنی نوێی مەعریفە، رێنمایی نوێی فەلەسەفی، حاڵەتی تەنگژەی بیداگۆجیا (Behaviourism)، گەشەی خێرای زانستە مرۆییەکان و بڵاوبوونەوەیان، پشت بەستن بە ماسمیدیاکان و کەشی تەکنەلۆژیا و زانستی کە تیایدا دەژین دەریدەخەن، کە کارێکی باشیان بۆ بونیاتگەرایی هاوچەرخ و رەخنەی نوێ دەستەبەر کردووە، بەجۆرێک کە رێژەیی زەوقەکان و کینێتیکای مۆدیل هەرگیز بەس نین بۆ راڤەکردن.

باشلاری رەخنەگر بۆ دوو قۆناغی گـەورەی فیکری لەسەر ئاستی مومارەسەکردنی رەخنەگرتن دابـەشـکـراوە: لە نێوان ساتەوەختی «بابەتگەرایی» کە تیایدا وێناکانی لەسەر بنەمای زانستی بونیاتناوە، ئەوەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، باشلار لەژێر کاریگەریی کەشی مەعریفیدایە،

که بۆخۆی خوڵقاندووه و بەدوای دامەزراندنی فیکری زانستیدا دەگەڕێت، پاشان سانەوەختی خودگەرایی کە تیایدا باشلار بابەتگەرایی تێپەڕاندوە. لەنێوان ئەو دوو قۆناغەدا خەمی باشلار نوێکردنەوەی میکانیزمەکانی هەستەوەرەکانی زەوقکردنمانە بۆ ئەوەی تێگەیشتن و واتای و پێناسەی تازە بە خەیاڵ ببەخشێت.

دەکرێت بووترێت فیکری باشلار لە وێنەی کێرڤێکی هەڵکشاودا بووە، کە بەشێکاری دەرونیی ئاگر دەستپێدەکات، وەک پشکێنەری دۆکیومێنتەکان،کە بە مەرجەع و سەلماندن قسە دەکات و بە روناکی چرا و کەسایەتیی خەوبینین بە دەقەوە کۆتایی دێت. باشلار دەڵێت خۆم بە مامۆستای ئەدەب دانانێم، چونکە رۆشنبیرییەکی ئەوتۆم نییە، ئایا وانییە؟ هەوڵیشم نەداوە دیراسەی سەردەمێک بکەم، یان ئاشکرای بکەم، هەموو ئەو کتێبانەش کە نووسیومن، بۆ من تەنیا بۆ کات بەسەربردنن.

هەمیشە زیاتر لەڕووی توێژینەوە ئەپستمۆلۆژیەکانییەوە لە باشلار روانراوە وەک لە شارەزاییەکی دەقی شیعری و پەخشان. ئەگەر چەمکەکانی لە ئاستی توێژینەوەدا لـەڕووی تیۆرییەوە توندو تۆکمە بێت، ئەوا سەرقاڵبوونە رەخنەییەکانی باشلار  بە جۆرێک لە شەپۆلە جووڵەیەکی خەیاڵی دەناسرێتەوە. باشلار تەنیا هەوڵی ئەوەی داوە چێژ لە خوێندنەوە وەربگرێت و خۆشی لە دەقە شیعری و پەخشانییەکان وەربگرێت و لە زۆر سانەوەختیشدا ئەو خوێندنەوەیە بۆ تیرامانی قووڵ گۆڕدراوە. باشلار ئەو دەمەی رۆمانی Henri Bosco دەخوێنێتەوە دەڵێت: هەر مامۆستایەکی خراپ بین لەخوێندنەوەکانماندا ئەوا زیادەڕۆییمان کردووە لەخەوماندا کاتێک کە دەخوێنینەوە.

تیۆری خەیاڵی ئەدەبی باشلار لە کۆمەڵێک دەقی ئەفرێنراوەوە دەستپێکردوە، کە خاوەنەکانیان بەسەر قەسیدەو رۆمان و پەیکەرتاشی و نیگارکێشان. لە نموونەی بۆدلێر، ڤیکتۆر هۆگۆ، چیلی، نۆفالیس، ئەدگار ئالان پۆ، هنری بۆسکۆ، مالارمێ، لۆتریامون، ڤان گوخ، سلڤادۆر دالی، نیتچە، سوینبرن، ڤالێری..

تەنانەت لەسەر ئاستی توێژینە ئەپستۆمۆلۆژییەکانیشی، بابەتگەرایی باشلار جۆرێک لە رێژەیی و ئەگەریبوونی تێدایە مادامەکی ئەپستمۆلۆژیای نا دیکارتیزمی لەسەر وێناکردنێکی نوێ دامەزراندوە و تیایدا تەئکید لەسەر رۆڵی خود دەکاتەوە لە دیاریکردنی راستییە زانستییەکاندا، بەجۆرێک ماوەی ئەنتۆلۆژیی نێوان خودو بابەت لاواز بووە.

هەر دەقێکی گاستۆن باشلار لە توانایدا هەیە کەشەکە پاکژ بکاتەوە، ئەو فەیلەسوفی زانست و دۆستی شاعیرانیشە، بەوە ناسراوە کە لە سپێدەیەکی زوودا لەخەو هەستاوە و لەگەڵ هەڵمژینی نەرمە بایەک لەکاتی خواردنەوەی قاوەیەکی گەرم قەسیدەی شیعری وتووەتەوە. هەندێک جاریش ئاخوئۆفی بووە لەدەست دووبارە کردنەوەی شتە بێماناکان، پاشان شوێنەکەی لە (موبیر) بەجێهێشتوە و بەپێ رێگەی تەیکردوە و وەڵامی بەیانی باشی ئەو کەسە سەرگەردانانەشی داوەتەوە کە لە ناوچەی شاخاوی ئەلسانث جونو فییف بوون. ئینجا بەرەو خوێندنگەکەی چووەو واش ڕاهاتووە خوێندکارەکانی بەناوی بەکەمیانەوە بانگ بکاث و پیتی (ر) بە جیاوازتر لە فەرەنسییەکان کە دەیکەن بە(غ) بڵێتەوە. باشلار زۆر بە تامەزرۆیی وانەکانی لە نزیک کانیاو و لەنێو قولایی دۆڵەکاندا خوێندوەتەوە و حەزی بە شۆڕەبی کردووە و لە بڵێسەی ئاگردانەکان تێڕاماوە.

حەزی بە هونەری جوڵاندنی ژیلەمۆو جیاکردنەوەی لە خۆڵەمێشەکەی کردووە، ئارەزووی ئەوەی هەبووە بە دارستاندا هاتووچۆ بکات و بە نهێنی گەڵای رووەکەکان وەک جگەرە بکێشێت و مەی لەجۆرە نایابەکەی بنۆشێت، هەروەها ئەو نانی سورەوەکراوی رەنگ زێڕینی خواردوە و هەڵامەتەکەشی بە بەلسمی تۆلۆ چارەسەر کردووە. باشلار گرنگیی بە رابردووی خۆی نەداوە و یادەوەرییەکانی نەنوسیوەتەوە، بەڵام ئەو وتارانەی کە ئەو نووسیویەتییەوە بۆن و بەرامی خۆشیی وێنەی منداڵی لێ بەرزدەبێتەوە و بووەتە رۆنی چرای ئەو ماڵەی کە پرشنگی لە پەنجەرەکانەوە دەردەچێت.

باشلار دەڵێت هەرگیز بە شێوەیەکی بابەتیانە توێژینەوە لەسەر ئاگر نەکراوە، بۆیە پێویستە شیکارییەکی دەروونی بۆ ئاگر بکرێت، بەتایبەتیش شیکردنەوەی بیروباوەڕی مێژووییمان بۆ ئاگر.

ئەم هەڵوێستە مەعریفییە لە بەرامبەر ئاگر کاریگەریی راستەوخۆی هەبووە لەسەر بەرهەمهێنانی تیۆرەکانی پەیوەست بە ئاگر. باشلار دەڵێت زانستی هاوچەرخ ئاوڕی لە دیاردەی ئاگر نەداوەتەوە و نووسراوەکانی تایبەت بە کیمیاسازیش تەنیا بەشێکی کەمیان بۆ ئاگر تەرخان کردووە. کاتێکیش پرسیار لە چییەتی (ماهیەت)ی ئاگر لە رۆشنبیران و زانایان دەکرێت، ئەوا وەڵامێکی گشتی و دووبارە دەدەنـەوە و دەچنە خانەی فەلسەفەی کلاسیکەوە، چونکە ئەو مەسەلەیە لە کۆنتێکستی بابەتیانەی درووستدا نەخراوەتە روو.

باشلار لە پێشەکی کتێبەکەیدا «شیکاریی دەروونیی ئاگر»، باس لەوە دەکات کە ئەو کارەی مۆدیلێک لە شیکاریی دەروونی پێکشەش دەکات و بەبۆچوونی ئەویش کاری لەو شێوەیە پێویستە بۆ گشت توێژینەوەیەکی بابەتیانە.

بەجیا لە توخمە کۆسمۆلۆژییەکانی تر، ئاگر یەکێکە لەو توخمانەی کە شرۆڤەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێت و لە هەرکایە و بوارێکیشدا بەها و توانای جیاوازی خۆی هەیە و لە هەندێک باریشدا ئەو بەهایانە دژ بەیەکن. ئاگر توانای رۆشنکردنەوەی هەیە و گەرمی دەبەخشێت، لە هەمانکاتیشدا توانای گڕگرتن و چارەسەری هەیەو ئاگری قیامەتیشە، کەوابوو ئاگر دیاردەیەکی تایبەتمەند و دەتوانێت شرۆڤەی هەموو شتەکان بکات. ئەگەر هەموو ئەو شتانەی بە هێواشی دەگۆڕێن، ئەوا ژیان شرۆڤەی دەکات، بەڵام ئەو شتانەی بەخێرایی دەگۆڕێن بە ئاگر شرۆڤە دەکرێت، ئاگر توخمێکی تەواو زیندووە و لەنێو دڵماندا دەژی، هەروەک چۆن لە ئاسمان و لەنێو گشت دیاردەکاندا بوونی هەیە و تەنیا شتیشە کە دەکرێت خاوەنی دوو بەهای دژ بەیەک بێت : خێرو شەڕ.

تێڕامانی قووڵ لە ئاگر رەهەندێکی تراژیدیایی دەبەخشێتە قەدەری مرۆیی کەخۆی لە سێ پێدراوی سەرەکیی مرۆییدا دەبینێتەوە (عەشق ـ رێزگرتن لەئاگر ـ غەریزەی ژیان و مـەرگ)، باشلار بۆ ئەو باوەڕە ناوی Empedocle بەکاردەهێنێت کە تیایدا خۆشەویستی و مەرگ و ئاگر لە ساتەوەختێکی بونیەتدا کۆدەبێتە و بۆ ئەوەی چەمکێک بۆ نەمری دابمەزرێنن.

هەروەها ئاگر کۆمەڵێک واتای فەلسەفی تری هەیە بۆ مەرگ، کە لەزۆر رووەوە ئاستی بایۆلۆژی تێدەپەڕێنێت و رەهەندی ئەنتۆلۆژی قووڵتر وەردەگرێت . تێڕامانی قووڵ بەدیار ئاگرەوە مەرگێکی دۆستانە دەخوڵقێنێت و جیهانی ماددی لە ئاسۆی گەڕان بەدوای رەهاییدا دەپوکێنەوە.

لە کاتێکدا فیکری هایدیگەر بەشداری لە فیکری بیرمەندانی پاریسیدا دەکات، باشلار کتێبی «رووناکیی چرا» بڵاو دەکاتەوە کە تیایدا چارەسەری

بابەتی خەمساردیی خۆی دەکـات، کە لەو بەرهەمەیدا باشلار وەک فەیلەسوفێکی دوو جەمسەرە بۆ شیعرو رەخنەگریی لە بنەما زانستییەکان و وێنەو چەمک و توخمەکانی ئەقڵ و خەیاڵکردنەوەی خوڵقێنەرانە و ئەقڵیەتی زانستی دەردەکەوێت. هەڵبەت ئاسان نییە جیاوازی بکرێت لەنێوان بیرکەرەوەی ژمارەو عاشقی پەیڤەکان و نووسەری «بەهای رێژەیی (ئیستقرائی) و شیکاری دەروونیی ئاگر، پێویستە ئاماژەش بەوە بکرێت کە باشلار نوسینێکی هەیە بەناونیشانی «شاعیریبوونی ئاگر»، بەڵام فریای ئەوە نەکەوت بڵاوی بکاتەوە.

**سەرچاوەکان:**


1- ویکپیدیا

2- وتارێکی د.سەعید بوخەلیت، کە توێژەرێکی مەغریبییە

3- وتارێکی مزاوی محەمەد، ئەلحوار ئەلمتەمەدن..ژمارە / 2308

4- وتارێکی وەرگێڕاو بۆ سەر زمانی عەرەبی لەلایەن د.حەسیب ئلیاس حەدید. رۆژنامەی المدی.

5- کتێبی ئاگر.. شیکاری دەروونـی بۆ زیندەخەونەکان.. باشلار، وەرکیرانی بۆ عەرەبی دەرویش ئەلحلوجی.

6- شاعیریبوونی زیندەخەونەکان...باشلار، و.جۆرج سەعد، 1991 .

7- فیکری نوێی زانستی، باشلار، و. د.عادل ئەلعوا، 1983.

# شیکاری سایکۆلۆژی و چەمکی دیاردەگەرایی لە هزری گاستۆن باشلاردا

د. سەعید بوخلیت
لە عەرەبییەوە: سابیر عەبدوڵا کەریم

گاستۆن باشلاری بیرمەندی فەرەنسی بە یەکێک لە جەمسەرە هەرە دیارەکانی فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسی دادەنرێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری و بەشدارییە زانستییەکانی و توێژینەوە بەپێزەکانی بەتایبەتی لە بواری فەلسەفەی زانستیدا کە خەرمانی چەمکی ئەبستمۆلۆژیای لە ڕێگەی کۆمەڵێک نێز و چەمکی زانستییەوە دەوڵەمەند کـردووە، لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵی باڵایان بینیوە لـەڕووی ڕونکردنەوەی زۆرێک لەو بابەتە فەلسەفی و زانستییانەی کە، ببوونە جێگەی مشتومڕی نێوان زاناکان و فەیلەسوفەکان لە سەدەی بیستەمدا، کە ئەمەش کتێبە نوێیەکەی بە ناونیشانی (فیکری زانستی نوێ)دا ئاماژەی بۆ کردووە.

باشلار لەو کتێبەیدا جەختی لەسەر پێویستیی ئەنجامدانی جۆرێک لە پێداچوونەوەی ڕەخنەیی کردووە لەسەر هەندێک چەمک و شێوازی کلاسیکی کۆنی فەلسەفەی تایبەت بە بواری مەعریفە، بۆیە لەسەر جیهان پێویستە لەپێناو پێداچوونەوەی بە فیکر و بیروباوەڕەکانیدا، لەباری ئامادەباشیی هەمیشەییدا بێت، چونکە هەرگیز؟ ڕاستیی ڕەها، یاخود یاسایەکی زانستیی ڕەها نییە. مەعریفەی زانستی بە کۆمەڵێک تایبەتمەندێتی جیادەکرێتەوە، کە ئەو چەمک و نەریتە کلاسیکیانە، ناتوانن لێیان تێبگەن. ئەوەتا لە زانستدا خۆمان لەبەردەم ئەزموونێکی رووت، یان لەبەردەم عەقڵانییەتی ڕووت و پێچەوانە بوونی ئەزموون و عەقڵدا نابینینەوە، بەڵکو لەبەردەم پەیوەندییەکی دیالیکتیکی داین، کە

واقیع لەڕووی تیۆرییەوە دەگۆڕێت و دەکەوینە بەردەم پەیڕەوکردنێکی تیۆری، کە پەیوەندیی بەو قۆناغە مێژووییەوە هەیە، کە زانست پێیدا تێپەڕ دەبێت، هەروەها پەیوەندیشی بە چەمکە فەلسەفی و ئایدۆلۆژییە باوەکانەوە هەیە، واتە ئێمە واقیعەکە لە واقیعێکی مادییەوە دەگۆڕین بۆ بۆچوون و پێشبینییەکان، یاخود بۆ چەند بابەتێکی مەعریفی، کە شێوازی تیۆری بیرکاری وەردەگرێت.

کەواتە بە گوێرەی باشلار، ناکرێت ئەوەی تەجریبی و ئەوەی عەقڵیە، لێکی جیابکەینەوە. مەعریفە بە سروشتی خۆی، هەم تەجریبیە و هەم عەقڵیشە پێکەوە، هەموو مەعریفەیەکی عەقڵیش سەرچاوەیەکی تەجریبی لەخۆدەگرێت و لە هەموو مەعریفەیەکیشدا چەندین بنەما و بیری عەقڵی بوونی هەیە. بەڕای باشلار ئەو جیهانەی کە تاقیدەکرێتەوە پێویستی بەوەیە کە نیشانبدرێت، هەروەها جیهان کە بەو شێوەیە نیشاندەدرێت هەمیشە پێویستی بە تاقیکردنەوەیە. ئەمە لە کۆتاییدا گەیاندیە ئەو دەرەنجامەی کە فیکری زانستی هاوچەرخ بە بوونی پەیوەندیی پتەو لەنێوان لایەنی تەجریبی و لایەنی عەقڵیدا جیا دەکرێتەوە، کەواتە یەکەم پێویستی بە عاقڵمەندبوون هەیە و دووەمیش پێویستی بەوەیە تاقی بکرێتەوە و جێبەجێ بکرێت.

باشلار هەوڵی ئەوەشی داوە، لەپێناو تێگەیشتنێکی قووڵتری پرۆسەی مەعریفیی زانستیدا، سوود لە تیۆریی شیکردنەوەی سایکۆلۆژی وەربگرێت، چونکە ئەو پێیوایە لەنێوان فەلسەفەی زانستی و شیکردنەوەی سایکۆلۆژیدا، پەیوەندییەکی بەهێز هەیە، لەبەرئەوەی کە پرۆسەی مەعریفی لە چوارچێوەی چەند مەرجێکی سایکۆلۆژیدا بەڕێوە دەچێت، پێویستە ئاشکرا بکرێن، هەروەها چەندین لایەنی کپکراو هەن بوونەتە

کۆسپ لەسەر ڕێگەی ژیانی سایکۆلۆژیی تاک و چەندین کۆسپ و تەگەرەی دیکەش هەن، لەسەر ڕێگەی گەشەکردنی مەعریفەی زانستی، کە لەناو هەناوی خودی پرۆسەی زانستییەوە سەرهەڵدەدەن، بەڵام ئەمانە چەند کۆسپ و ئاستەنگێکی پێویستن بۆ مەعریفەی زانستی، هەر وەکو پێویستیی لایەنە کپکراوەکان بۆ ژیانی سایکۆلۆژیی مرۆڤ.

باشلار تیۆرەکەی ناو ناوە (عەقڵانییەتی جێبەجێکردن) کە پێیوایە بابەتی زانستی ئامادە و پێدراو نییە، بەڵکو لە قۆناغی بونیاتناندایە و مەعریفەی زانستیش لەو روانگە تیۆرییەوە سەرچاوە دەگرێت و بەرەو جێبەجێکردن و چەسپاندن هەنگاو دەنێت. بۆ نموونە لە زانستی فیزیای هاوچەرخدا، دابڕان لەنێوان مەعریفەی گشتی و خودی مەعریفەدا ڕوونە، چونکە بابەتی مەعریفەی گشتی بابەتێکی بەخشراوە، لە کاتێکدا لە مەعریفەی زانستیدا زانا هەڵدەستێت بە بونیاتنانی ئەمجۆرە مەعریفەیە، کەواتە مەعریفەی گشتی شتێکی ڕاستەوخۆیە و ماوەی دووریی نێوان بیر و واقیع کورتدەکاتەوە، بەڵام مەعریفەی زانستی کار بۆ جیاکردنەوە و دابڕانیان لە یەکتری دەکات. فەیلەسوفی فەرەنسی گاستۆن باشلار لە ڕێگەی ئەو شاکار و نوسینانەیەوە، کە پەیوەندیدارن بە باسکردنی پەیوەندیی نێوان ئەندێشەی مرۆیی بە هەر چوار ڕەگەزەکەوە واتە: «ئاو، زەوی، هەوا، ئاگر»، ڕێڕەوێکی فیکری نوێی وەرگرتووە، کە کاریگەریی بەسەر هەموو ئەزموونەکانی داهاتووەوە هەیە، مەبەستیشمان لەمەدا ئەو بناغە تیۆریانەیە کە لە مێژوودا بە ڕەخنەی نوێ ناسراوە و لەنێوان ڕەخنەی بونیادی و ڕەخنەی بابەتگەراییدا دابەشبووە.

سەرقاڵبوونی باشلار بە کارکردن لەسەر ئەو ڕەگەزانە، هاوکات لەگەڵ گرنگیدانی بە بونیادی شیعری لە لۆتریامۆن، کاریگەریی زۆر

گەورەی هەبووە لە ئاڕاستەکردنی ئاسۆی تیۆری کۆمەڵێک لەو ناوە دیارانەی کە لە سەدەی بیستەمدا بازنەی ڕەخنەیی لە فەرەنسا سەرقاڵ کردووە وەک: «پۆلی، پارث، ڕۆسی، ڕیشار، شارل مۆرۆن، ستارۆبنسکی، گریماس، گینیث». مارگۆلان لە توێژینەوەکەیدا دەربارەی باشلار لەو بڕوایەدایە، ئەو بابەتگەراییەی کە لەنێوان سالآنی 1938–1950دا فیکری باشلاری پێ جیاکراوەتەوە، کاریگەریی کردووەتە سەر ئەو ڕەخنەگرانە زیاتر لەو خودگەراییەی کە لە کەسێتی باشلاری پیر لەنێوان سالآنی 1955–1960دا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە لەناو کتێبەکانیدا یەخسیر ببوو، هەروەکو یونس پێغەمبەر لەناو سکی نەهەنگدا، واتە بە یەکجارەکی لە جیهانی هاوچەرخ دابڕا.

باشلار کە خاوەنی شیکردنەوەی سایکۆلۆژییە بۆ ئاگر و لۆتریامون و هەر چوار ڕەگەزەکەی دیکەش، زیاتر کاریگەریی کردە سەر بواری ڕەخنە لە فەرەنسا و بە بەراورد لەگەڵ کارەکانی دیکەدا، کە زیاتر پشتیان بەستووە بە پەیڕەوی فینۆمینۆلۆژی، کە پلەی یەکەم بە وشیاریی تاک دەبەخشێت لەڕووی دیاریکردنی ڕەهەندی ئەنتۆلۆژیی تایبەت بە وێنەی هونەری. بەگوێرەی قسەکانی مارگۆلان، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی مەعریفی و کۆمەڵایەتی ڕوویاندا کە لە پرۆسەی داهێنانگەراییدا پێگەی سەنترالیزمی خودی ڕەخنەگری لاواز کرد. مارگۆلان لەم ڕووەوە دەڵێت: «ڕێکخستنی نوێی پەیکەری مەعریفە و ئاڕاستە فەلسەفییە تازەکان بریتیە لە حاڵەتی قەیرانێکی پیداگۆجی، گەشەکردنی خێرای زانستە مرۆییەکان و بڵاوبوونەوەی خێرایان لە ڕێگەی پشتبەستن بە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و ئەو گۆڕانکارییە هەنوکەییانەی، کە لە چەند بازنەیەکی دووردا ڕوودەدەن، داواجاریش گەشەکردنیان بەهۆی ئەو کەشی تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنە

زانستییەوە، کەلە ژیانی ڕۆژانەماندا زیاتر و زیاتر بەدەستیدەهێنین، ئەمە نیشانی دەداث کە ئاسایشی بونیادی هاوچەرخ و ڕەخنەگرتنی نوێ بووەتە شتێکی ناسراو، چونکە ئیتر ڕێژەیی چێژەکان و جووڵەی شێوازەکان، هەرگیز بەشی لێکدانەوە و شیکاری ناکەن.

ژیانی باشلاری ڕەخنەگر لەسەر ئاستی ڕێبازە ڕەخنەگرانەکەی بەسەر دوو قۆناغی فیکریی گەورەدا دابەشکراوە لەنێوان: ساتی بابەتگەرایی، کە تێیدا پێشبینییەکانی لەسەر بناغەیەکی زانستیانە بونیاث ناوەو پەیوەندیی بەو سەرسام بوونەی باشلار، هەروەها ئەو کەشە مەعریفییەی کە بۆ خۆی وێناکردووە، هەیە، کە بریتیە لە گەڕان بەدوای دروستکردن و پێکهێنانی فیکری زانستی، هەروەها لەگەڵ ساتی خودگەراییدا کە تێیدا باشلار بازنەی توندی بابەتگەرایی تێپەڕاندووە، تاکو بۆ لێدانی دڵی خود تا ئەوپەڕی سنوورەکانی گوێڕادێرێ. لەنێوان هەر دوو قۆناغەکەدا خەمی سەرەکیی باشلار بریتی بووە لە نوێکردنەوەی میکانیزمەکانی هەستکردنمان بە چێژەکان، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی نوێ بە ئەندێشە ببەخشێث، لە کاتێکدا چەند پێناسەیەکی نوێی بۆ داڕشتووە و چەند لێکدانەوە و مانایەکی تری پێداوە.

دەکرێث بووترێث کە فیکری باشلار لەناو هێڵێکی هەڵکشاودا سەنگەری گرتووە، کاتێک دەستیکردووە بە شیکردنەوەی سایکۆلۆژی بۆ ئاگر وەک پشکێنەری دۆکیۆمێنتەکان کە بەپێی سەرچاوە و بەڵگەکان دەدوێث، پاشان لە خامەی (مەشخەڵی قندیل)دا دەبێتە کەسێتییەک خەون بە دەقەکانەوە دەبینێث، بۆیە باشلار بە مانای وشە خۆی وەکو ڕەخنەگرێکی ئەدەبی و ئەکادیمی ناوزەدکردووە. باشلار لە دەقێکدا دەڵێث: «من خۆم بە مامۆستای ئەدەب نازانم، چونکە لەو بوارەدا

خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی تەواو نیم و هەوڵم نەداوە توێژینەوە لەبارەی سەردەمێکەوە بکەم و کاریش لە هەڵکەندنی ناخی سەردەمێکی دیکەدا بکەم، بەڵکو هەموو ئەو کتێبانەی کە نوسیومن بۆ کاتْ بەسەر بردنە».

هەمیشە لە ڕوانگەی توێژینەوە ئەبستمۆلۆژییەکانییەوە تەماشای باشلار کراوە، زیاتر لە گرنگی پێدانی وەکو توێژەرێک لە بواری دەقی شیعری و پەخشاندا، بۆیە ئەگەر چەمکەکانی کارکردنی بە پلەی یەکەم زیاتر لە بواری تیۆریدا چڕ بووبێتەوە، بەڵام دەبینین سەرقاڵیە ڕەخنەگرانەییەکانی باشلار جۆرێک لە ئەندێشەگەرایی پێوە دیارە. باشلار جگە لە هەوڵدان بۆ چێژ وەرگرتن لە خوێندنەوە و گوێگرتن لە دەقە پەخشانی و شیعرییەکان خولیایەکی دیکەی نەبوو. زۆر جار ئەو خوێندنەوەیە دەگۆڕا بۆ چەندین بیرکردنەوە و پێشبینیی سەرکێش. باشلار لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانێکی (هێنری بۆسکۆ)دا دەڵێت: «لە خوێندنەوەکانماندا چەند مامۆستایەکی خراپی ئەدەب بووین، چونکە لەکاتی خوێندنەوەدا زیادەڕۆیی لە خەو بینیندا دەکەین». ئەم نەرینە بووەتە هاوڕێی باشلار لە سەرجەم خوێندنەوەکانیدا، چونکە ئەو دەڵێت: «ناکرێت جگە لەو شتانەی لە سەرەتاوە خەومان پێوە بینیون، توێژینەوە بکەین». بۆ بیرهێنانەوەی زیاتر باشلار پشتی بە دەقێکی داهێنەرانەی ئـەدەب و ویـژەی کلاسیکی ڕووەو هۆنراوەی سوریالی بەستووە و ڕۆمانسیەتی ئەڵمانی و ئینگلیزیشی لە خۆیدا کۆکردەتەوە. باشلار توانی تیۆریی ئەندێشەی ئەدەبی دابنێت، لەوەشدا پشتی بە کۆمەڵێک دەقی داهێنەرانەی چەند ناوێکی دیار بەستووە کە بەسەر هۆنراوە و ڕۆمان و وێنەکێشان و پەیکەرتاشیدا دابەشبوون، لەوانەش وەک: «بۆدلێر، ڤیکتۆر هۆگۆ، شیلی، نۆڤالیس، ئەدگار ئالان پۆ، هێنری بۆسکۆ، مالارمیە،

لۆتریامون، ڤان کوخ، سلڤادۆر دالی، سوینێرن، ڤالێری».

تەنانەت لەسەر ئاستی توێژینەوە ئەبستمۆلۆژییەکانی، بابەتگەرایی باشلار جۆرێک لە ڕێژەیی و گریمانەیی تێدایە، مادام ئەو ئەبستمۆلۆژیا نادیکارتییەی کە بەگوێرەی بۆچوونە تازەکانی خۆی داپڕشتووەو لە بواری دیاریکردنی راستی زانستیدا پێداگری لەسەر ڕۆڵی خود دەکاتەوە، چونکە ماوەی دووری ئەنتۆلۆژی نێوان خود و بابەتدا لاواز بووە، ئیتر بابەتگەرایی شتێک نییە پەیوەندیدار بێت بە خودی گشتگیرەوە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمە لە ڕێگەی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆوە، لەپێناو بەردەوامبوونی بابەتگەراییدا راستی بابەتگەراییانە یەکلایی دەبێتەوە. ئەمە لەبەرئەوەیە کە جیهانی تەنە بچووک و وردەکان، ئیتر لەناو ڕاپۆرتەکانی زانستی کلاسیکیدا بەرگەی ئەو بۆچوونە بابەتگەراییە ناکلایەنە دەگرێت، بۆیە ئەو نموونەیەی کە باشلار سەبارەت بەو دیاردەیە پێشکەشی ئێمەی دەکات بریتییە لە دەستنیشان کردنی پێگەی ئەلیکترۆن، چونکە بە گەیشتن بەو خاڵە، لەسەرمان پێویستە بە فۆتۆن تیشک بخەینە سەر ئەلیکترۆن، بەڵام بە یەک گەیشتنی ئەلیکترۆن و فۆتۆن خێرایی ئەلیکترۆن زیاتر دەکات و وادەکات زانینی شوێنەکەی ئەرکێکی قورس بێت، بۆیە دەبینین نەتوانینی زانا هاوچەرخەکانی بواری فیزیا لە دیاریکردنی پێگە و خێرایی ئەلیکترۆن بە شێوەیەکی تەواو لەو دەستێوەردانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە نێوان بابەتەکانی توێژینەوە و ئەو بابەتەدا هەیە، کە ئەم پەیڕەوانە هەوڵدەدەن زانیاری و مەعریفە لەبارەیەوە پێشکەش بکەن. بەلای چەمکی عەقڵانییەتی کلاسیکیەوە، هەمیشە واقیع خاڵی جیاکەرەوەی ئەنتۆلۆژییە لەنێوان زانستی و نازانستی و نێوان ڕاستی و ناڕاستیدا، چونکە بابەتگەرایی هەموو ئەو ڕاستیانەیە، کە واقیع بەرجەستەیان دەکات، بێئەوەی کە ئەزموونی خۆیی هیچ ڕۆڵێکی لەمەدا هەبێت.

لەوانەیە گۆڕانکاری و پێشکەوتنە مەعریفییەکان و کودەتا تیۆرییەکانی مێژووی زانست نەبووبن، کە بناغەی تیۆرییان پێشکەشی باشلار کردبێت، کە بانگەشە دەکەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەها کلاسیکییەکانی زانست بە جۆرێک لە ترس و گومانەوە، لە نێوانیشیاندا چەمکی بابەتگەرایی، بەڵام سروشتی کەسێتی و تایبەتمەندییە ئاکاری و فیکرییەکانی باشلار ئەو توانا بێ ئەندازەیان پێ بەخشیوە، بۆ پەیبردن بە هەموو ئەگەرەکانی فیکری گریمانەیی، کەلە ڕێگەی پرسیارەکانییەوە بەهێزیی دیواری عەقڵی تیۆری دەبەزێنێت. پێدەچێت تاکە بیرمەند لە مێژوی مرۆڤایەتیدا، کە توانیبێتی حەز کردن بە بیرکاری و هۆنراوە پێکەوە کۆبکاتەوە، واتە باشلار توانی چەند ئەرک و سەرقاڵییەک پێکەوە کۆبکاتەوە، کەم کەس توانیویەتی ئەو کارە بکات، چونکە ئەو بڕوای بە یەک شت هەیە، کە بریتیە لە توانای مرۆڤ بۆ پێشبینیکردن و خەو بینین بە شتی دیکەوە، هەروەها باشلار پێداگری کردووە لەسەر بابەتی لەمێژینەی خەون بەسەر تێگەیشتندا، بەو پێیەش بۆ نموونە ناکرێت لە گەردیلەی فیزیای هاوچەرخ تێبگەین، بەبێ ئامادەکردنی سەرجەم وێنەکانی بەگوێرەی مێژوو، هەروەها ناکرێت چوارچێوەکانی تێگەیشتن و ڕەهەندە ماتماتیکییەکانی تیۆری ڕێژەیی لە کەشە ڕەنگاڵەییەکەی شیعرەکانی نۆڤالیس، ڕیلکە و شیللی و ئەدگار ئالان پۆ و بۆدلێر جیا بکەینەوە.

کەواتە، ئەمەیە نێزی سەرەکیی پڕۆژەکەی باشلارە: هۆنراوە دەروازەیـە بۆ زانست، شاعیرو زانا بە هەمان زمانی یەکتری قسە دەکەن، بەو پێیەش ئەندێشە ئەو کانگایەیە کە سەرجەم میکانیزمەکانی شیکردنەوەی باشلاری تێدا دەتوێنەوە. باشلار شەیدای هۆنراوە بووە، بەتایبەتی ئەو هۆنراوانەی کە پەرچەکردارێکی شیعری ناوازە پێکدەهێنن،

که پێشتر بوونی نەبووە. ئەو لە ئاڕاستەی سوریالیدا سەرچاوەی تیۆری گەورەی بۆ تێڕوانینەکانی خۆی دۆزیەوە، چونکە تا ئەوپەڕی سنوور وێناکردنی شیعریی بەرجەستەدەکرد. ئەم هەستە عەقڵانییە چالاکە، تا هەندێک ئەدەبیاتی نەخوێندبایە، هەرگیز نەدەخەوت. ئەو شادمانە بە هاوڕێیەتی کردنی شاعیرەکان و ئەمەی لە دیدارێکدا دەربڕیوە، کە لەگەڵیدا ئەنجامدراوە. باشلار دەڵێت: «جۆن لۆسکۆر بۆ دانیشتنێکی ئەدەبی بانگهێشتی کردم و یارمەتیدام بۆ دانیشتن لەگەڵ هاوڕێ شاعیرەکانی، کە دەهاتن بۆ گوێگرتن لە وانە گشتییەکانم، من زۆرجار کە باسی شاعیرەکانم دەکرد فەیلەسوفەکانم لەبیر دەچوو، بەڵام لەگەڵ ئەو شاعیرانەدا کە هەمیشە شتەکانیان بە جدی وەرنەدەگرت، بە زۆرێک ئاهەنگی هاوڕێیەتیی ڕاستەقینە ئاشنا بووم».

ئەوەی دەمێنێت بریتییە لە دابەشکردنی نێوان ساتی بابەتگەرایی و خودگەرایی لە فیکری وێژەیی باشلاردا، کە بابەتێکی کردەییە و تەنها ئامانجی هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی سەرەداوێک، کە کۆی کەڵەکە بووی ئەم فیکرە پێکەوە ببەستێتەوە. ئەرک و سەرقاڵییەکانی باشلار فرە و هەمەجۆر بوون، کە دوو جەمسەری گەورەی پێکەوە کۆ کردەوە کە مەبەستمان زانست و هۆنراوەیە، هەروەها ئەو ئامرازە مەنهەجییانەی کە باشلار بەکاریهێناون جیاواز بوون، سەرەڕای فرەجۆریی بنەما مەعریفییەکانی، بۆیە مێژووی ڕەخنە باسی باشلار دەکات، چونکە باوەڕی بەو زانستە هەبوو، کە تاکو ئەوپەڕی سنوور کەوتبووە ژێر کاریگەرییەوە، نموونەی ئەوەش بریتییە لە کتێبی (شیکاریی سایکۆلۆژیی ئاگر) کە تێیدا بانگەشە دەکات بۆ بابەتگەرایی، لەپێناو لێکدانەوەی ئەو مەعریفە هەڵەیەی کە ئەندێشەی دیاردەی ئاگر وێنایکردووە، پاشان

نموونەکانی ڕۆمانسیەتی شوێن و ڕۆمانسیەتی پێشبینیی سەرکێش کە باشلار لە ڕێگەیانەوە هەوڵیداوە هەموو ئەگەرە ڕێگەپێدراوەکانی وێنای شیعری بدۆزێتەوە و بەدوای هەموو ئەگەرەکانیدا وێڵبێت، پاشان هاتووە ئەو وێنەیەی بەستووەتەوە بە بەدەستهێنانی هۆشیاری لەلایەن خودەوە، لەبەرئەمەیە کە باشلار ڕاشکاوانە داوای بونیاتنانی ڕێبازی دیاردەگەرایی دەکات، چونکە هەر ئەو ڕێبازەیە دەتوانێت لە سەرەتاوە درک بە وێنای شیعری بکات، لەبەر ئەوە باشلار جەخت لەسەر راستی ئەو وێنە تایبەتە و مەسەلەی ئامادەگی ڕاستەوخۆی لەبەردەم وێنەکەدا دەکاتەوە.

چەمکەکانی وەک: هەڵچوون و سەربەستی نوێگەری بوونەتە چەند ڕوانگەیەکی تیۆری باشلار پێکدەهێنن لە بەرجەستەکردنی وێنای شیعریدا، چونکە ئەو پرسیارەی دەربارەی ڕێبازی تیۆری بە شێوەیەکی ڕێگەپێدراو وروژاندووە بۆ دەربڕینی تایبەتمەندێتی شیعری و خۆیی و دەربڕینی هونەری، باشلار بۆی دەرکەوت کە دیاردەگەرایی فەلسەفی کە ئەو هەموو توانایە دەبەخشێت، چونکە زۆر بە سانایی گرەوی لەسەر هۆشیاری و پێشبینیی خودگەرایی کردووە لە ڕوانگەی لێکنزیککردنی شتەکانی جیهانەوە، ئەوەش بابەتێکە کە باشلار هەوڵی بۆ دەدا، چونکە ئامرازێکی باشی بۆ بەردەستدەخات بۆ ئەفراندنی ڕایەڵەیەکی تیۆری بۆ پڕۆژەکەی، کە لە ڕێگەیەوە هەوڵیداوە بۆ دامەزراندنی کردارێکی شیعریی هەنووکەیی ناوازە، کە کار بۆ خۆ تایبەتکردنی ئاماژەی ئەنتۆلۆژی بێ کۆتایی ئەو پەرچەکردارە و پارێزگاریکردن لە ڕەسەنایەتییەکەی، بۆ ئەوەی وێنە شیعرییەکە بە شێوەیەکی هەمیشەیی و بەردەوام بتوانێت خۆی بەرهەمبهێنێت.

ئەم وێنە شیعرییە کە دەگاتە دەست وەرگر پیرنابێت، چونکە هۆشیاریی تاکەکەسی و خۆیی، هەمیشە دەتوانێت ڕێچکەی خۆی بدۆزێتەوە بۆ نوێگەری و درێژەدان بە ژیان، بۆیە پێویستیی دیاردەگەرایی لەبەرامبەر وێنە شیعرییەکاندا لە سەرووی ئەمەوە شتێکی سانایە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ پێداگریکردن لەسەر چاکەکانی ڕەسەنایەتییەکەی و کردنە بابەتی بوونەوەر لە ڕەسەنایەتیدا. بە بڕوای باشلار، فینۆمینۆلۆژیا لە دەروازەی وێنەکەدا دەوەستێت و دەست و پەنجەی لەگەڵ ناوەڕۆک و مانا زۆرەکانیدا نەرمدەکات، تا ئاستێک کە کەسێتیی خودی شاعیرەکە هەڵدەگرێت، واتە وێنەی شیعری ئەو وزە و توانایە بە خوێنەر دەدات، کەلە ساتەوەختی دەربڕینی شیعرییەوە بڕوات بۆ قۆناغی هۆشیاریی داهێنەرانە، واتە گواستنەوە لە قۆناغی خودی نەرێنییەوە بەکارهاتووە بۆ بەشدارییەکی تەواو لە پرۆسەی داهێناندا.

لەپێناو بەدەستهێنانی ئەو شێوازەدا، باشلار پەنا بۆ پێشبینی سەرکەشانە دەبات وەکو ئامرازێک و کە پارێزگاری لە نوێگەری و تازەیی وێنەکە دەکات، بەڵام لە چەمکی فیکری لێ تێگەیشتندا ناکرێت لە جووڵەکانیدا باسی وێنەکە بکات، هەروەها بە جۆرێکی وشک لێی دەڕوانێت، کە خەسڵەتی لەپێشینەیی و بەردەوامی لێ دادەماڵێت. فینۆمینۆلۆژیا جەخت لەسەر بەشداریکردن لە پرۆسەی داهێناندا دەکاتەوە، ئەوەش لەپێناو چەسپاندنی ڕەسەنایەتی و لەپێشینەیی وێنەکە. باشلار دەڵێت: «فینۆمینۆلۆژیای وێنە داوامان لێدەکات بەشداری لە ئەندێشەی داهێنەرانەدا بکەین، هەروەک باسکردنی وێنە لەڕووی چاکی ڕەسەنایەتییەوە ئەوە دەسەپێنێ، کە پێشبینی ڕۆڵەکەی بکەین بۆ ئەوەی سەرلەنوێ قۆناغی داهێنان بژی، واتە هەڵوێستەکردن لە ئاستی خودی

وێنەکەدا و بۆ خودی وێنەکە، ئەمەش مەسەلەیەکە فینۆمینۆلۆژیا و شیکاری سایکۆلۆژی لەسەری ناکۆکن و بە هۆیەوە هەمیشە وێنە بۆ ڕەهەندی دیکە هەنگاوی ناوە».

بەڵام فینۆمینۆلۆژیا هەمیشە جەخت لەسەر بابەتی ئامادەگی هۆشیاری دەکاتەوە، کە بە شێوەیەکی بەردەوام و لە ڕێگەی خوێندنەوەی هەمیشەیی شیعر و بەرهەمی شاعیرانەوە گەشە دەکات، لەبەرئەوە و لەپێناو سوود وەرگرتنی ڕەها لەم ئامادەگییە، پێویستە خوێنەر سەرلەنوێ هەڵبکات و لەگەڵ ڕووداوی داهێنەرانەدا بژی. چەمکی فینۆمینۆلۆژیا دەتوانێت بەهۆی هەزاران لەو وێنانەوە، کە لە کتێبەکاندا دادەنرێت، هۆشیارییە شیعرییەکەی بە زیندوویی بهێڵێتەوە، هەروەها ئامانجی فینۆمینۆلۆژیا بریتیە لە گۆڕینی پرۆسەی هۆشیاری بۆ ئامادەگییەکی بەردەوام، بەڵام لە کاتی ئەوپەڕی نائارامی و شڵەژاندا، چونکە لەپێناو وەرگرتن و باسکردنی وێنەکەدا، بەتەواوەتی بەبێ گەڕان بەدوای هۆکارەکانی بووندا، پێویستە گرنگی بە بوون و قەوارەی وێنەکە وەک خۆی بدرێت، چونکە لەوانەیە ئەوە ببێتە هۆی دەرخستنەوەمان لە ڕاستی وێنەکە، کە باشلار پێیوایە ئەوە ڕێگەیەکی هەمیشەییە، پێویستە لەپێناو بەزاندن و ئاشکراکردنی نهێنی ئەندێشەدا بگیرێتەبەر، چونکە لێرەدا ئامانجی خوازراو تێگەیشتن نییە لە وێنەکە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی بریتییە لە سەرلەنوێ خۆگونجان لەگەڵیدا و درککردنە بە خودی وێنەکە بەبێ گۆڕینی بۆ زمانێکی دیکە. دیاردەگەرایی دامەزراوە لەسەر ئاماژەکردن بۆ ناوەڕۆکی تایبەتی وێنەی شیعری لە ڕوانگەی دابڕانی لە ناوەڕۆکی پێشووی، ئـەوەش وەکو ڕەگەزێکی ئەرێنی بۆ قسەکردن، چونکە ناچێتە ژێر باری چەمکی ئاسایی سەردەمەوە و هیچ ڕابردوویەکی ئەنتۆلۆژی، یاخود مەعریفی نییە،

بەڵکو بەردەوام ئامادەکراوە بۆ دەرچوون لە دەسەڵات و قەڵەمڕەوی ئاکرەهەندی، لەبەرئەمە ئاوەکو ستەم بەرامبەر بەم وێنەیە نەکرێت، فینۆمینۆلۆژیا چڕدەبێتەوە لەسەر لەرینەوە و دەنگدانەوەی ئەو وێنەیە، کە دووبارە خۆی دەگونجێنێ و ڕەتیدەکاتەوە کە تەنها یەک مانای پێ ببەخشرێت، جگە لەوەش ئەو وێنەیە قابیلی شێواندن نییە و یەکێکە کارە پارێزراوە سەرەکییەکانی گاستۆن باشلاری فەیلەسوف، چونکە ئەو وێنەیەی کە ئەو زۆر گرنگی پێداوە ئەوەیە کە دەبێت دەنگدانەوەی گەورەتر بێت.

**سەرچاوە:**

- ناوەندی (ئیبن خەلدون) بۆ زانست و فەلسەفە و ئەدەب.

# باشلار، فەیلەسوفی عەقڵ و ئەندێشەی تایبەتمەندی

سەید حسێن ئەلسەدر

لە عەرەبییەوە: سابیر عبداللە کریم

گاستۆن لۆی باشلار له 27ی حوزەیرانی ساڵی 1884 له شارۆچکەی (بارسۆر ئۆپ)ی ناوچەی شامپانیای فەرەنسا لەدایک بووە. باشلار له قۆناغی منداڵی و لاوێتیدا لەناو خێزانێکدا گەورە بووە که پیشەی دروست کردنی پێڵاو بووە، جگەلەوەش ژینگەی گەشەکردنی پڕ بووە له کێڵگە و جۆگەی ئاو، ئەوەش کاریگەریەکی زۆری هەبووە لەسەر ئاراستەکردنی بیرکردنەوەکانی بە شێوەیەکی گشتی. ئەو ناوەندە جەماوەریەی که باشلار تێیدا پەروەردە بووە ئەو هەستەی لەلا درووستکرد که مارسێل فوازان له توێژینەوەکەیدا لەسەر باشلار به (دانایی میللی) ناوزەدی کردووە، که لەو ڕێگەیەوە توانیویەتی پارێزگاری بکات له بوونی پەیوەندی هاوسەنگ و توندوتیژ لەگەڵ زەوی و سەرجەم شتەکاندا.

باشلار قۆناغی دواناوەندی له شارۆچکەکەی خۆی خوێند و له تەمەنی 18 ساڵیدا له قوتابخانەی «سێزانێ» بوو بە وانەبێژ، پاشان له تەمەنی 20 ساڵیدا له کەرتی پۆستە و تەلەگرافدا کاریکرد و لەپاڵ کارەکەیدا درێژەی بە خوێندنەکەشی داوە. له ساڵی 1912دا مۆڵەتی له زانستی بیرکاریدا پێدرا و بە قسەی مارسێل فوازان لەوێوە سەرکێشیە گەورەکانی دەستیان پێکرد. لەدوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی وەکو سەربازێک لەسەر ئامێری بروسکە لێدان، گاستۆن باشلار لەنێوان ساڵانی 1907 ـ 1913دا خزمەتەکەی گواستەوە بۆ سەنتەری نوسینگەی وێستگەی خۆرهەڵاتی له پاریس و له ڕێگەی بەدەستهێنانی پشتگیرییەکی خوێندنەوە لەنێوان ساڵی

1913 ـ 1914دا توانی درێژە بە خوێندنەکەی بداث لەبواری بیرکاری تایبەتدا لە دامەزراوەی (ساینث لویس) بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ کۆرسێکی ئەندازیاری لە بواری تەلەگرافدا.

شەڕو پەیوەندی کردنی بە یەکە جەنگاوەرەکانی سوپاوە، وایکرد باشلار بە درێژایی 38 مانگی ڕەبەق لەناو ژینگەی مەترەلێز و سەنگەرەکانی شەڕدا ژیان بباتە سەر، بەو هۆیەشەوە مەدالیای (ئەستێرەی شەڕ)ی پێبەخشراوە. مانگی ئاداری ساڵی 1919 هاوسەرگیری کرد، بەڵام ئەو ئافرەتە گەنجەی کە بووە هاوسەری ڕاستەوخۆ دوای ماوەیەک ئەم جیهانەی جێهێشت دوای ئەوەی کە لە حوزەیرانی 1920دا سۆزانی ناقە کچی بۆ هێنایە دونیاوە.

دوای ئەوە باشلار فیزیا و کیمیای لە قوتابخانەی (Sur Aube ـ Bar) دا خوێند و تاکو ساڵی 1930بـەردەوام بوو، کاتێک لە تەمەنی 40 ساڵی نزیک بۆوە بە سەرکەوتوویی، بڕوانامەی لەبواری فەلسەفە و مۆڵەتپێدانی بەدەستهێنا.

لە ساڵی 1927دا باشلار بەرگری لە تێزەکەی کرد بۆ بەدەستهێنانی دکتۆراکەی لەژێر ناونیشانی (توێژینەوەکانی پەرەپێدانی بابەتێکی فیزیایی بەناوی بڵاوبوونەوەی گەرمی تەنە ڕەقـەکـان). باشلار لە ڕێگەی ئەو توێژینەوەیەوە پایەکانی سروشتی فیکر و پێگەکەی لەسەر ئاستی گەشەکردنی فەلسەفەی هاوچەرخ داڕشت و دوای ئەوەش بووە مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی «سۆربۆن»ی فەڕەنسا، بەڵام ساڵی 1954 کاتێک گەیشتە تەمەنی خانەنشینی زانکۆکەی جێهێشت، پاش ئەوەی لە ڕێگەی توێژینەوەکانیەوە ستایش کراو ڕێزی لێنرا.

دیارترینی ئەو پلەو پایانەی کەلە ماوەی تەمەنیدا پێیدراوە:

ـ ساڵی 1955 بووە بەڕێوەبەری پەیمانگای مێژووی زانست و تەکنۆلۆژیا.

ـ ساڵی 1960 مەدالیای شەرەفی بە پلەی سوارچاک بەدەستهێناوە.
ـ ساڵی 1961 خەڵاتی گەورەی نیشتمانیی بۆ ئەدەب بەدەستهێناوە.

دواتر باشلار لە 16ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1962دا لە پاریس کۆچی دوایی کرد و لە 19 هەمان مانگدا لە قوتابخانەی (Sur Aube ـ Bar) بەخاک سپێردرا.

باشلار تیۆرەکەی ناوناوە (عەقڵانیەتی چەسپاندن)، ئەم تیۆرە لەو ڕوانگەیەوە دەستپێدەکات کە بابەتی زانستی ئامادە و پێدراو نییە، بەڵکو بونیات دەنرێت، هەروەها مەعریفەی زانستی لە ڕوانگەی تیۆرییەوە دەستپێدەکات ئینجا بەرەو جێبەجێ کردن و چەسپاندن هەنگاو دەنێت. بۆ نموونە لە زانستی فیزیایی هاوچەرخدا دابڕان لە نێوان مەعریفەی گشتی و خودی مەعریفەدا ڕوون و دیارە، چونکە بابەتی مەعریفەی گشتی شتێکی پێدراوە، بەڵام لە مەعریفەی زانستیدا زاناکە هەڵدەستێت بە بونیاتنانی مەعریفە. کەواتە مەعریفەی گشتی ڕاستەوخۆ و یەکسەریە و مەودای نێوان فیکرو واقیع کورت دەکاتەوە، بەڵام مەعریفەی زانستی کار بۆ جیاکردنەوە و دابڕاندنیان دەکات ئەوەش لە ڕێگەی زیادکردنی خەسڵەتی عەقڵانی بۆ ئەزموونەکەی.

گاستۆن باشلار لەلای هەندێک، یەکێکە لە گەورەترین و گرنگترین فەیلەسوفە فەڕەنسییەکان، بەڵام لەلای هەندێکی دیکە لە کەسانی خاوەن ئەزموون و تایبەتمەندێتی کار ئەو مەزنترین فەیلەسوفی دیارە، بەڵکو هاوچەرختر ینیانە. باشلار بەشێکی گەورەی ژیان و کارەکەی بۆ فەلسەفەی زانستەکان تەرخان کردووە و چەندین بیرۆکەی جیاواز و شایستەی لە بواری ئەبستمۆلۆژیادا پێشکەشکردووە و چەمکەکانی فەلسەفەکەی لە بواری کۆسپی مەعریفە و دابڕانی مەعریفی و دیالیکتی مەعریفە و مێژووی

پاشەکشەگەرایی، چەند کارێکن کە ناتوانرێت فەرامۆش بکرێن، بەڵکو کاریگەریی ڕوون و قووڵیان لەسەر کارە فەلسەفییەکانی هاوسەردەمەکانی و ئەوانەی دوای خۆیشی جێهێشتووە.

**کارە بواری فەلدیارەکانی باشلار لترینسەفەی زانستەکاندا ئەمانەن:**

1. عەقڵی زانستیی نوێ ــ 1934
2. پێکهێنانی عەقڵی زانستیانە ــ 1938
3. عەقڵانیەت و بواری چەسپاندن ــ 1948
4. ماتریالیزمی عەقڵانیی ــ 1953

بەشی زۆری ئەم بەرهەمانەی باشلار وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی کە کۆی گشتیان (13) کتێبە. باشلار وەکو یەکێک لە دیارترین و بەناوبانگترین کەسە تایبەتمەندەکان لە بواری فەلسەفەی زانستەکاندا دەرکەوت، چونکە بە قووڵی توێژینەوەی لەو ئامرازو ڕێگایانەدا کرد کە مرۆڤ بە هۆیانەوە مەعریفەی زانستی بەدەست دەهێنێت، لە ڕێگەی بەکارهێنانی عەقڵەوە، بەڵام ئەو هەموانی تووشی سەرسوڕمان کرد کاتێک کتێبێکی بە ناونیشانی (شیکردنەوەی سایکۆلۆژیای ئاگر) نووسی، بەو هۆیەشەوە بە تەواوەتی ڕێبازەکەی لە بواری فەلسەفەی زانستەکاندا گۆڕی بۆ بابەتێکی تازە لە بواری شیکاریی سایکۆلۆژیدا لەسەر ئەو بنەمایەی کە مرۆڤ ڕووبەرێکە بۆ شیکاریی سایکۆلۆژیانەی ماددە. پێدەچێت زۆر بەسوود بێت شتێک دەربارەی چەمکی دیاردەگەرایی باشلار بزانین پێش گەڕانەوەمان بۆ ئەم بابەتە.

بیرۆکەی سەرەکیی چەمکی دیاردەگەرایی هەروەکو ئێدمۆند هۆسرڵ لە هۆنراوەی هۆشیاریدا ئاماژەی بۆ کردووە، ئەوەیە کە هۆشیاری هەمیشە بەرەو بابەتێک هەنگاو دەنێت، واتە پێداگری لەسەر ئەو وتەیە دەکاتەوە کە دەڵێت: «بەبێ خود هیچ بابەتێک لەگۆڕێدا نیە». هەروەها چەمکی دیاردەگەرایی پێداگری دەکات لەسەر دوورکەوتنەوە لە حوکمدان لەسەر بابەتێک کە پەیوەندیی بە واقیعی بابەتیانەوە هەبێت لەگەڵ نەبەزاندنی سنوری ئەزموونی تایبەتی بە خودگەرایی. ئەو بیرۆکەیە جەخت لەسەر ئەوەش دەکات کە ناکرێت بابەتی مەعریفە بکرێتە بابەتێکی کۆمەڵایەتیی تاقی کراوەی ڕاست، بەڵکو تەنها هۆشیاریەکی جیاکەرەوەی سەربەخۆیە لە ئەزموون و مەعریفەی دیاریکراو (میتافیزیایی). دیاردەگەرایی باشلار بە تایبەتی توێژینەوەکانی لەسەر ئەندێشەی شیعر لە قۆناغی دووەمی کاروانی ژیانیدا تا ئەو ئاستە توند نییە، چونکە ئەو بە پێچەوانەی چەمکی دیاردەگەرایی کلاسیکی پێیوایە کە بارودۆخێکی بابەتیانە بوونی هەیە و چەند مەرجێکی بابەتیشی داناوە کە یاساکانی زانست بۆ دیراسەکردنی گونجاون.

لەوانەیە تایبەتمەندیی سەرەکی باشلار و فیکرە سەرنجڕاکێشەکەی لەوەدا بەرجەستە ببێت کە خاوەنی هزرێکی ئازادە بووە و بە هیچکام لەو تایبەتمەندییانە کۆت و بەند نەبووە لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی بابەتەکان و چارەسەرکرنیاندا. بۆیە دوای ئەوەی لە قۆناغی یەکەمی ژیانیدا گرنگی بە فەلسەفەی زانستەکان داوە، دەبینین پاشان دەیگۆڕێتە سەر توێژینەوە لەسەر ئەندێشەی شیعر و فەلسەفەی جوانی و هونەر. سەرەتا لە شیکردنەوەی سایکۆلۆژیای ئاگرەوە لە ساڵی 1937دا دەستی پێکرد، دوایی لە ساڵی 1941دا کاری لەسەر توێژینەوەی ئاوو خەونەکان

کرد، دواتریش لە ساڵانی 1948 و 1957دا کاری لەسەر توێژینەوەی هەوا و تێڕوانین و خۆڵ و خەونەکانی ویست و ئاسوودەیی و جوانییەکانی شوێن کرد، ئینجا لە دوایین کتێبی لە ساڵی 1960دا دەستی بۆ چەمکی شاعیریەتیی خەونەکانی ڕابوون بردووە و کاری لەسەر کردووە.

لە قۆناغی دووەمی ژیانیدا بابەتی سەرەکی لەلای باشلار بریتی بووە لە ئەندێشەگەرایی یاخود کارکردن لەسەر ئەندێشە دوای ئەوەی ئەندێشە بۆ خۆی عەقڵ بووە. باشلار هەوڵی دەدا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر فەلسەفەیەکی گشتگیر لەسەر داهێنانی شیعری، بەڵام خۆی ڕادەستی پاڵنەرێک کرد کە بەرەنگاری لەگەڵ نەدەکرا سەبارەت بە بەردەوامبوون لەگەڵ ئەو هێزانەدا کە مەعریفە درووست دەکەن، تاکە بواریش کە هیوای پێ هەبوو ئەو هێزانەی تێدا ببینێت بریتی بوو لە شیعر، لەبەر ئەوە لە قۆناغی دووەمی ژیانیدا کۆمەڵێک کتێبی نووسی و تێیاندا ئەم پەیڕەوەی جێبەجێ کردووە.

یەکێک لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی هانمان دەدەن گرنگی بە باشلار بدەین، گرنگیدانی بووە بە داهێنانی شیعر و جوانی بە شێوەیەکی گشتی، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە کە لەڕووی فەلسەفیەوە گرنگیەکی گەورەی بە داهێنانی شیعر داوە. بە تایبەتی لە دوایین کتێبیدا بە ناونیشانی (شاعیریەتی خەونەکانی ڕابوون) بە زەقی بانگەشەی کردووە بۆ دەربازبوون لە سەرجەم ئەو کۆت و بەندانەی کە سنور دادەنێن بۆ چێژ وەرگرتنمان لە داهێنان بە شێوەیەکی گشتی و چێژوەرگرتن لە شیعر بە تایبەتی، لە کاتێکدا ئێمە زۆرمان پێویستی پێیەتی.

لێرەدا باشلار هەموو تیۆرەکانی شیکاریی سایکۆلۆژی دەربارەی ئەدەب و تیۆرەکانی بونیانگەرایی و دوای ئەویش تێدەپەڕێنێ، لە کاتێکدا

پێگەیەکی گەورەی لە خوێندنەوەکانماندا داگیر کردووە، هەروەها باشلار لە خراپییەکانی خوێندنەوەی کلاسیکی ڕزگارمان دەکات. خاڵی گرنگ لە فەلسەفەی باشلاردا ئەوەیە کە وەکو کەسایەتییەکی کراوە لەبەردەم جیهان و خوێندنەوەدا بمێنێتەوە.

لە کتێبی (شاعیریەتی خەونەکانی ڕابوون)دا مرۆڤ وەکوو داهێنەر و ئەفرێنەر دەردەکەوێت، بەو پێیەی کە وەک کانگا و سەرچاوە و ڕابوونەری جیهانەکان خۆی بەرجەستە دەکات، ئیتر ئایا جیهانی زانستەکان بێت یاخود جیهانی هونەرەکان، بەڵکو مرۆڤ ئەو بونەوەرەیە کە بەرەنگاری هەموو کۆسپ و ئاستەنگەکان دەبێتەوە، بە تایبەتی بەرەنگاربوونەوەی ئەو ساتەی تیایدا دەژی ئەویش لە ڕێگەی داهێنانەوە، مرۆڤ ئەو بونەوەرەیە کە لە دژی خەوتن و غافڵبوونی جیهان خەبات دەکات. گاستۆن باشلار دەڵێت: «ئێمە لەناو جیهانێکی خەوتوودا ژیان دەگوزەرێنین، بۆیە لەسەرمان پێویستە لە ڕێگەی دیالۆگ کردن لەگەڵ خەڵکانی دەوروبەرماندا خەبەری بکەینەوە، چونکە بەخەبەر هێنانەوەی جیهانێکی نوستوو ئازایەتی بوونمان دەردەخات، واتە دەبێت هەبین و کار بکەین و بگەڕێین و داهێنان و ئەفراندن بکەین».

**سەرچاوە:**

ماڵپەڕی تایبەتی (سەید حسێن ئەلسەدر)

# نوسین لەنێوان
# باشلارو هێرمان هیسەدا

نازانم چی واملێدەکات هەمیشە تێکەڵاوییەک بکەم لەنێوان هیرمان هیسەی رۆماننوسی ئەڵمانی و بیرمەندی فەرەنسی گاستۆن باشلاردا، هەرچەندە من بۆ خۆم زۆربەی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی هەردووکیانم بۆ سەر زمانی عەرەبی خوێندوەتەوە.

رەنگە کامەرانی ژیان بێت، کە بە نوسینەکانیانەوە دیارە و لەوانەشە ئەو کەشە منداڵانەیە بێت، کە بۆ کاتی باسکردنی بارودۆخی پیرێتی دەیهێننە ئاراوە، یاخود بابەتی شیعرگەرایی شتەکانیان بێت، کە بابەتێکی ورووژێنەرە. ئەوەش واملێدەکات بێ ئاگایانە لەو تێکئاڵۆزکاوییە نهێنییە بڕوانم، کە دیدی هەردووکیانی پێکەوە گرێداوە.

نووسەر هەیە پێت دەڵێت نوسین مومارەسەیەکی بە ئـازارە و هەندێکیشیان دەڵێن نوسین چێژ وەرگرتنێکی باڵایە و ئەوانیتریش لەو بڕوایەدان ئەزموونێکی بوونگەرایی قووڵەوە، کە چێژ و ئازاری لە یەککاتدا لەخۆگرتووە. کاتێکش لە جێگەی خوێنەرو وەرگر دەبیت، ئەوا دەتوانیت مەزەندەی ئەو کاتە بکەیت، کە نوسەر نوسینەکەی دەنوسێت، کە ئاخۆ لە ساتەوەختی نوسینیدا ئازاری چێشتووە، یان خۆشیی وەرگرتووە، یاخود لە ئەزموونێکی وجوودی هەستیاردا بووە.

نوسەرێکی وەک هێرمان هیسە (1877 ـ 1962) دەکرێت وای دابنێیت ئەو تەنیا لەو کاتانەدا نوسیویەتی، کە ئاسوودە بووە، تەنانەت دەمێکیش کە باس لە بابەتەکانی وەک (تـووڕە بوون و خەمباری و

خیانەت و مەرگ) دەکات بە خۆشەویستی دەنوسێت هەروەک ئەوەی لای باشلار هەیە و هەردووکیشیان پێکەوە لایەنگریی ژیان دەکەن. هەردووکیان بە بەردەوامی تروسکایی و روناکی دەبەخشنە خوێنەرانیان و لەبارێکی سەرمەستانەی پەنهان و بێگەرد و قووڵدا بەجێیان دەهێڵن و هەردووکیشیان پێیانوایە کە ستاتیکا راستییە و باوەڕیشیان بە هێزی مرۆڤ و توانای هەیە بەرەو سەرکەوتن، ئەگەرچی بە شێوەیەکی کاتیش بێت.

کارەکتەری رۆمانەکانی هیرمان هیسە خەونی گەورە و ئەفرێنەرن خەمی ئەوان گەڕانە بەدوای راستی و خولقاندندا. ئەوان لە جێگەی خۆیان سڕ نابن و نامێننەوە، بەڵکو بەرەو ئاراستەکان دەچن بۆئەوەی لە کۆتاییدا خودی خۆیان ئاشکرا بکەن. جۆرێک لە سۆفیگەرایی بەدوای جموجۆڵیانەوەیە، بە گەورە بوونیشیان لە ناخیاندا پارێزگاری لە منداڵێتیی خۆیان دەکەن، تەنانەت ئەوکاتانەش کە بەرەو پیربوون دەچن.

منداڵێتی لە دیدی باشلارەوە بریتییە لە(کانیاوی چییەتی، کاتێکیش دەچینە تەمەنەوە، یادەوەریی منداڵی بەرەو سۆزێکی ناسک. بەرەو پەشیمانییەکی بە خەندە دەمانگەڕێنێتەوە)، ئەوەی باشلار لە ئێمەی دەخوازێت، گەڕانەوەی چیەتیە نادیارەکەمانە، ئەو شتەی کە ناکرێت بیزانین، مەبەست لە رۆحی منداڵە. کەوابوو دەتوانین بڵێین هیرمان هیسە لە هەموو ئەوەی نووسیویە هەوڵیداوە رۆحی ئەو منداڵە بگەڕێنێتەوە.

پاڵەوانەکانی هیسە یەکگرتوون، بەڵام لە تەنیاییدا تەنیا نین. ئەو دەزانێت چۆن سیمای پاڵەوانەکانی لە بەرامبەر شەوەزەنگی جیهاندا درووستدەکات، ئائەوە (کۆن) پاڵەوانی رۆمانی (گیرترود)ە کە لە قۆناغی هەرزەییدا تووشی کەمئەندامێتی دەبێت، پاشان بۆ حەزی کچێکی جوان هەوڵدەدات کە پێیوایە خۆشی دەوێت. ئەو کەموکورتییە لە جەستەیدا

هانی دەدات جوانی دابهێنێت و نەمری بۆ درووستبکات، ئەو هەر لە سەرەتاوە عاشقی موزیک دەبێت و باوەڕی بەوە هەیە، کە لە توانایدا هەیە موزیکێکی تایبەت دابهێنێت لەگەڵ ئەوەی دایک و باوکی باوەڕی پێناکەن. لە تەمەنی 6ـ7 ساڵیدا دەرکم بەوە کرد، کە موزیک تەنیا هێزە لەنێو سەرجەم هێزە شاراوەکانی تردا، کە رەنگە کاریگەریی لەسەرم هەبێت و کۆنترۆڵی هەست و سۆزم بکات. لەو دەمەشەوە موزیک بووەتە جیهان و پەناگە و ئاسمانم کە کەس ناتوانێت لێم زەوت بکات و کەمی بکاتەوە و ناشمەوێت کەس لەگەڵمدا بەشدار بێت.

سەرمەستیی هیسە بۆ خوێنەریشی دەگوازرێتەوە، لەبەرئەوە رێکەوت نییە کە موزیک لە ناواخنی رۆمانەکانیدایە.

ئایا کۆن لە خۆشەویستیدا شکستی هێنا؟ بە بڕوای من نەخێر، گیرترود نەرێنی بووە لە بەرامبەر داواکارییە سۆزداریەکەیدا و بەباشتری زانی زەواج لەگەڵ (ماوس)ی هاوڕێ سترانبێژەکەی بکات، لە کاتێکدا نەیتوانی لەڕووی رۆحییەوە گیرترۆد بۆ لای خۆی رابکێشێت، بۆیە بەباشی زانی لێی دوور بکەوێتەوە و خۆی بە شەراب سەرمەست بکات و خودی خۆی تێک بشکێنێت و پاشانیش خۆی بکوژێت، بەڵام کۆن (توانی بەسەریدا زاڵبێت، هەرچەندە لە ڕووی جەستەییەوە بەدەستی نەهێنا، دواجاریش لە کایەیەکی تردا کە لە پشت رۆح و جەستەوە بوو تەحەدای کرد.

وەک باشلاریش دەڵێت خۆشەویستی بریتیە لە بە یەکگەیشتنی نێوان دوو شیعر، توانەوەی دوو تێڕامانی قووڵ. لێرەوە کۆن بە موزیکەکەی و گیرترۆدیش بە دەنگە بە سۆزو بە جۆشەکەی، کە رەنگە ئەو بە یەکگەیشتنەیان ئەنجامدابێت (بە یەکگەیشتنی دوو شیعری کۆن گیڕەرەوە لەدوا لاپەڕەی رۆمانەکەدا).

رۆمانەکانی هیسە هەر دەڵێی سەربوردەیە و نووسراونەتەوە یان فرەییە لە سەربوردەیدا. سەربوردرەی ئەفرێنەرێک کە سەر لەنوێ جیهان بە ئەفراندن دادەڕێژێتەوە، بەڵام ئاخۆ ئەم وتەیە بەسەر گشت رۆماننووسەکاندا پراکتیزە دەبێت؟، واتا هەر رۆماننوسێک ئەوەی کە دەینوسێت، تیایدا خۆی پێشکەش دەکات، یان بە فۆرم و وێنەی جیاجیا ئاشکرای دەکات؟

**سەرچاوە:**

- رۆژنامەی (المدی)

# خوێندنەوەیەک بۆ
# «شاعیرییەتی شوێن» ی باشلار

له‌ ئینگلیزییەوە: دانا تەیب مەنمی

## کورتە و شرۆڤە

کتێبی «شاعیرییەتی شوێن» ی گاستۆن باشلار، کە ساڵی 1958 بە زمانی فەڕەنسی بە ناونیشانی (( La Poétique de l›Espace بڵاوکراوەتەوە، بریتیە لە لێکۆڵینەوەیەکی دیاردەگەرا بۆ ماناکانی شوێنەکان کە پانتایی شیعر داگیردەکات، چەند شوێنێکی تایبەت وەکو ماڵێک، چەکمەجەیەک، دۆڵابێکی جلوبەرگی شەو، و شوێنە فراوانەکانی وەکو دیمەنە سروشتیەکان و دارستانەکان. لە چاپەری دەسپێکی ئەم کتێبەدا باشلار گرنگی تایبەت دەدات بە شوێنەکانی ناوماڵ و تەواوکارەکانی: ژووره جۆراوجۆرەکان و جۆرە جیاوازەکانی کەلوپەلی ناوماڵ. باشلار هەوڵدەدات وەرگرتنی وێنای شیعری لە هەستی ئاگاییدا، وەرگرتن و پێشوازییەک کە وادەخوازێت، بۆیە باشلار کراوەییەکی مەزن و سەرنج لەسەر ئەزموونی ئێستا هاوکات خۆڕزگارکردن لە کات. بەلای باشلارەوە ماڵ گرنگترین بابەتی دیاردەگەرایە، بەو واتایەی ماڵ ئەو شوێنەیە کە تیایدا ئەزموونی تاکە کەسی بەرجەستە دەبێت. باشلار ماڵ وەکو گەردوونی سەرەتایی دەبینێت، و جەختدەکاتەوە کە «هەموو شوێنێکی نیشەجێبوونی ڕاستەقینە دەبێتە هۆی لە دایکبوونی ڕۆح و گەوهەری ماڵ» ( شاعیرییەتی شوێن، لاپەڕە 5) . باشلار بەردەوامدەبێت لە وێناکردنی ماڵ وەکو دەرخەری ڕۆح لە ڕێگای وێنەی شیعریی و ئەدەبیەوە کە لە شیعردا هەن. ئەو لێکۆڵینەوەدەکات لە چەند شوێنێکی ماڵ وەکو شوێنی خۆشەویستی و یادەوەریی کە ئەمانەش لە شیعردا ڕەنگدەدەنەوە.

باشلار سەرنجی خۆی سەبارەت بە وێنای شیعری ڕوندەکانەوە  چونکە وێنای شیعریی سەرمایەی هەستکردنی پاکە، شتێک کە پێش هەستی بیرکردنەوە دەکەوێت، پێویستی بە زانیاری نیە و بریتیە لە بەرهەمی ڕاستەوخۆی دڵ و ڕۆح. باشلار پێی وایە ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی شیعر بە واقعەوە،  واقعییەتی شتە هەستپێکراوەکان چڕتردەکاتەوە («خەیاڵ نرخەکانی واقیع زیاتر دەکات»، شاعیرییەتی شوێن، لاپەڕە 3). باشلار پێی وایە، شیعر ئاراستەی کەسێک دەکرێت و لە هەمانکاتدا هەردوو ناوەکی و دەرەکیە، بەمشێوەیەش بناغەی گفتوگۆی داهاتووی ناوەکی و دەرەکی دادەمەزرێنێت و کە هەر کەسێک بایەخ دەدات بە تیۆری شوێن پێیان ئاشنایە.

باشلار بڕیاردەدات کە ماڵ یەکێنی و ئاڵۆزی لەخۆدەگرێت، و ئەوەش بە ئەزموون و یادەوەرییەکان دروستدەکرێت، بەشە جیاوازیەکانی  ماڵ هەستی جیاوا دەوروژێنێت بـەڵام  لەگەڵ ئەوەشدا ماڵ ئەزموونێکی یەکگرتووی نزیک و گەرم و گوڕ دەهێنێنەئاراوە.   کەلوپەلەکانی ناوماڵ بەلای باشلارەوە پڕن لە ئەزموونی عەقڵی. کاتێک ژوورێکی بچووک کرایەوە جیهانێک ئاشکرادەبێت، چەکمەجەکان  بریتین لە شوێنێکی نهێنییەکان، و لەگەڵ هەر کردارێکدا کە خوومان پێوە گرتووە ئێمە چەندین ڕەهەندی بێ کۆتای بوونی خۆمان دەکەینەوە.  لە ( شاعیرییەتی شوێن) دا باشلار پرنسیپی خۆی لەبارەی (topoanlysis) ەوە دەخاتەڕوو کە ئەو بە (لێکۆڵینەوەی سیستماتیکی شوێنەکانی ژیانی تایبەتی پێناسەی دەکات . بەلای باشلارەوە ماڵ، تایبەتترین شوێن لەناو شوێنەکاندا، « ئەو کەسەی زیندەخەون دەبینێت دەپارێزێت» و لەبەرئەوەش  تێگەیشتن لە ماڵ ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆح.

شاعیرییەتی شوێن : ماڵ، وێنای ماڵ و شوێنی عەقڵی (پوختە)

گاستۆن باشلار له کتێبی ( شاعیرییەتی شوێن) دا مشتومڕی ئەوە دەکاتْ کە ڕۆحەکانمان لە « شوێنی ژیان و نیشتەجێ بووندایە» بۆیە ماڵ شوێنێکی گونجاوە بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردەگەرایی لەبارەی تێگەیشتن لەو شوێنەی ناو عەقڵ کە بەرپرسە لە هەستەکانی مرۆڤ. بۆ ئەم مەبەستە، کە باشلار بە زاراوەی ((topoanlysis) ناوی دەباتْ،ئێمە پێویستە بە هەردوو مانا جیاواز و کۆکراوەکەی لێی تێ بگەین لە هەموو ڕووەکانیەوە هەروەها لە کۆی جەوهەری بابەتە تێ بگەین. بەڕای باشلار ماڵ سەرچاوەی وێنای شیعرییە ، کە هەردوو ئاڵۆزی و مانا کۆکراوەکانی دەوروژێنێتْ. ئەمەش لەبەرئەوەی ماڵ وامان لێدەکاتْ ماڵ ئەزموون بکەین لەجیاتی ئەوەی تەنها بە وشە باسی بکەین.

بۆ باشلار ماڵ بابەتێک نیە بۆ لێکۆڵینەوە و وەسفکردن. بەپێچەوانەوە یەکێک لە بیرۆکە سەرەکیەکانی باشلار لە کتێبی ( شاعیرییەتی شوێن) دا بریتیە لەوەی مرۆڤ وەسفکردنی ڕووتْ تێپەڕێنێتْ بۆئەوەی کوالێتیە سەرەکیەکانی شوێن تێبگاتْ، خۆشەویستی بۆ ماڵ و ئەو پاراستن و خۆشیەی ماڵ پێمان دەبەخشێتْ.

بە ڕای باشلار لێکۆڵینەوەیەکی دیاردەگەرایی بۆ دەربڕینی شاعیرانەی ماڵ، وامان لێدەکاتْ مانای شوێنی ماڵ ئەزموون بکەین. لە پێشەکی ( شاعیرییەتی شوێن) دا باشلار ئاماژەدەکاتْ بەوەی دیاردەگەرای دەربڕینی شاعیرانە بریتیە لە فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح نەک مێشک، و لە جەوهەریشدا ئامانجەکە ڕۆحە بریتیە لە چینێکی سەرەتایی و گرنگی بوونمان. بە دروستکردنی هەستێکی تایبەتی کە بۆتە هۆی لەدایک بوونی وێنایەکی شیعریی ئەوەی ئێمە چۆن ئاگەرایيەک ئاشکرادەکەین، ئێمە دەتوانین

بەشیکاری خۆمان لەگەڵیدث پەیوەندی ببەستین و باشلار ئەمە بە زاراوەی « inter–subjectivity» ناودەباث. باشلار لەبارەی بیر، زیندەخەو، خەوی ئیلهام وەرگر لە جوگرافیای ماڵ، ئەو کردارانەی ڕابردوو زیندوودەکەنەوە و پردی پەیوەندی لەگەڵ ئێستادا دروسث دەکەن. کاتێ ئێمە دەچینە ناو خانوویەکی تازەوە ئێمە پڕدەبین لە چەندین ئەزموونی ڕابردووی خانووەکانی پێشووتر، کە ئەوانە یادگاری نین بەڵکو شتێکی تۆزێ جیاوازن. لەم حاڵەتەدا هەموو ئەو خانووانەی ژیانمان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو خانووەی منداڵیمان تێدا بەسەر بردووە. باشلار بەم شێوەیە باسی دەکاث «ئێمە هەرگیز مێژوو نووسی ڕاستەقینە نین، بەڵام هەمیشە نزیکین لە شاعیرەکان، و ڕەنگە سۆزەکانمان هیچی دیکە نەبێث بێجگە لە دەربڕینێکی شیعرێک کە وون بووە ( شاعیرییەتی شوێن، لاپەڕە 6).

سەرچاوە:

http://culturalstudiesnow. blogspot. com/201106/gaston–bachelard–poetics–of–space. html

# ئەپستمۆلۆژیای باشلار
# لە بەرامبەر فەلسەفەدا

نوسینی: مزاوی محەمەد
لە ئینگلیزییەوە: دانا تەیب مەنمی

«فەیلەسوف بە سادەیی داوا لە زانست دەکات چەند نموونەیەکی پێ ببەخشێت بۆ سەلماندنی چالاکیە هارمۆنییەکانی ئەرکە هزرییەکان، بەڵام باوەڕی وایە کە دەتوانێت بەبێ گەڕانەوە بۆ زانست و پێش زانست، ئەم چالاکیە هارمۆنیە شیبکاتەوە».

گاستۆن باشلار « La philosophie du non» پاریس –1981 لاپەڕە 3.

ئەو کەسەی لەم وتەیە وورد دەبێتەوە ناتوانێت ئەو سروشتە ڕەخنە ئامێزە کە بەسەر بیرکردنەوەی باشلاردا دیارە و ئەوەشی شێوازی نوسین و بیرکردنەوەی ئەو جیا دەکاتەوە تێبینی نەکات، واقیعەکەش ئەوەیە خوێنەری کتێبەکانی باشلار لە کەسانی دیکە زیاتر ئاگادارترە کە باشلار لەو کاتەی پۆستی مێژوو و فەلسەفەی ئەپستمۆلۆژیا (فەلسەفەی زانستەکان)ی لە زانکۆی سۆربۆن وەرگرت، بە درێژایی چەند دەیەیەک ڕۆژێک نەوەستاوە لە هێرشکردنە سەر فەیلەسوفەکان و مشتومڕکردنی مەزهەبە فەلسەفیە جیاوازەکان و سەرنجی خۆی لەسەر دامەزراندنی ئەپستمۆلۆژیای زانستە هاوچەرخەکان نیشانداوە.

باشلار لە کاتێکی زووی ژیانی خۆیدا، گرنگیدا بە دامەزراندنی ئەپستمۆلۆژیایەکی نوێ و جیاواز لەو ئەپستمۆلۆژیایانەی کە فەیلەسوفی ئۆسکۆتلەندی جەیمس فردریک فیریە (1864–1908) داینا و ئەمەی دوایی فەلسەفەی کرد بە دوو بەشی ئۆنتۆلۆژی (تایبەت بە زانستی بوون) و ئەپستمۆلۆژیا.

هەر لە دیکارت و سارتەرەوە هەتا کانت و هیگڵ و هیوم و برگستون و ولیام جەیمس و ماک و بوانکارییە و کەسانی تر لە کۆڵەکەکانی هزری فەلسەفی نوێ ، هیچ کەسێک لەم کەسایەتیە دیارانەی مێژووی هزری نوێ و بە تایبەتی فیکری فەلسەفی، لەم ڕەخنە و لەم مشتومڕە لە دژی «زانستی» فەیلەسوف هەڵاتوون، چونکە ئەمەی دوایی بەردەوام پابەندە بە چارەسەرە کۆنەکانی کێشە زانستیە نوێیەکان، بە جۆرێک خۆی دەبەستێتەوە بە ئایدیاکانی مەزهەبێکی دیاریکراوەوە. بەڵکو ئەو داوای گۆڕانکاری و نوێبوونەوە ناکات بە هێندەی ئەوەی بە دوبارەکردنەوەی کێشەکانی ڕابوردوو لێکۆڵینەوە جێگیرەکان کە ئەم شۆڕشە زانستیە هاوچەرخانە تێیان پەڕاندووە.

دابڕان وەکو چەمکێکی سەرەکی لە ڕەخنەگرتنی باشلار بۆ فەیلەسوفەکان

کەواتە لەم سەرەتایەوە دەتوانرێت چەمکێکی نوێ لەگەڵ مومارەسەی باشلاریی بۆ ئەپستمۆلۆژیا فەراهەم بکرێت و لێرەدا قسە لەسەر چەمکی دابڕانی ئەپستمۆلۆژی دەکەین. ئایا لەم چەمکەوە چی تێدەگەین؟

بەڵام پێش دەستکردن بە قسەکردن لەسەر دابڕان لە دیدی باشلارەوە، پێویستە وەکو قۆناغی یەکەم بکرێت لەنێوان بیردۆزی مەعریفە و ئەپستمۆلۆژیا، بە جۆرێک یەکەم (la théorie de la connaissance) بریتیە لە پرۆسەیەکی پێکهێنانی مەعریفەی مرۆیی لەڕووی سروشت و بەهاو سنور و پەیوەندی لەگەڵ واقیعدا، بەوەش ئەو چەند ئاراستەیەکی عەقڵانی و ماددی و نمونەیی دەردەخات و لە بەرامبەریشدا دەبینین دووەمیان (Lépistémologie) بریتیە لەوەی بابەتەکەی تەنها لە لێکۆڵینەوەی مەعریفەی زانستیدا قەتیس دەمێنێتەوە.

لە کاتێکدا ئەگەر ئەو وەڵامانەی چەمکی مەعریفە پێشکەشی دەکەن،

وەڵامگەلێکن بە ڕەهایی و سەراپاگیری گشتگیر دەناسرێنەوە. ئەپستمۆلۆژیا لێکۆڵینەوە دەکات لە مەعریفەی زانستی لە ڕەوشێکی مێژووی تایبەتدا بێئەوەی بەرەو کۆمەڵێک وەڵامی ڕەها بڕوات، بەڵکو دەبینرێت ئەپستمۆلۆژیا لە قووڵبوونەوە فەلسەفییەکاندا سەبارەت بە تیۆری مەعریفە، کۆسپێکە لەبەردەم پێشکەوتنی مەعریفەی زانستی، چونکە ئەو تێڕوانینە هەڵانەی لە بارەی مەعریفەوە هەن بە شێوەیەکی نێگەتیڤ کاریگەریی دەخاتە سەر بواری مەعریفەی زانستی، بە تایبەتی کاتێک سنوور بۆ زانست دادەنێت. ئەپستمۆلۆژیا بەردەوامیدان نییە بە مەعریفەی زانستی لە فەلسەفەدا، بەڵکو گۆڕانکارییەکی چۆنایەتیە لە تێڕوانین لە پەیوەندی فەلسەفە بە زانست و تێپەڕاندنی دژیەکی نێوان تیۆری مەعریفە و زانست، نەک تەنها ئەمە، بەڵکو ئەپستمۆلۆژیا هاتەکایەوە لەسەر داروپـەردووی ئەوەی بە فەلسەفەی زانست دەناسرا، کە لە پەیوەندی نێوان فەلسەفە و زانستەوە لەدایک بوو، باسی چەندان بابەتی کردووە لە گرنگترینیشیان پەیوەندی زانست بە کۆمەڵگە و کاریگەریی لە درووستبوونی تێڕوانینی فەلسەفی بۆ سروشت و گەردوون.

دوای ئەم کورتە باسە لە نێوان تیۆری مەعریفە و ئەپستمۆلۆژیادا، ئێستا باسی چۆنێتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی سەرەوە دەکەین و ئەوەش بریتیە لە ڕاستی دابڕانی ئەپستمۆلۆژیا بەو پێیەی بریتیە لە چەمکی بنەڕەتی و تایبەتی هزری باشلاریی بەدەر لەوانەی دیکە کە سەرقاڵبوون بە تیۆری مەعریفەوە.

ڕەنگە ئەو کەسەی بەدواداچوون دەکات بۆ هزری باشلار لە کەسانی دیکە باشتر تێدەگات کە کێشەی ئەو ئاراستەیەی مەعریفەی زانستی دەیگرێتەبەر بە یەکێک لە گرنگترین ئەو کێشانە دادەنرێت کە بۆتە سۆنگەی

جیاوازی ئەپستمۆلۆژیستەکان و فەیلەسوفەکان: بە جۆرێک دەبینین ئیمێک بە شێوەیەک لە ڕێگای زانستی ڕوانیوە بەوەی کە بریتیە لە بەردەوامیەکی پەیوەندیدار و بەردەوام و هیچ پچڕان و جیابوونەوەیەکی تێدا نیە.

ئیمیل میرسۆن لەگەڵ لیۆن برنشڤیک بە یەکێک لە بانگخوازانی ئەم ئاراستەیە دادەنرێن و ئەم ئاراستەیە پێی وایە کە هەموو مەعریفە زانستییەکان لە بەردەوامی و پێشکەوتن و پەیوەندیدان، بەجۆرێک هەموو مەعریفەیەکی نوێ بریتیە لە بەردەوامیدان بە مەعریفە زانستیە کۆنەکە و لەبەر ئەوە مێژووی بریتیە لە زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراو. ئەو گۆڕانکارییەی لە زانستیشدا ڕوودەدات تەنها گۆڕانکارییەکی پلە بە پلەیە.

کەواتە ڕوونە ئەگەر ئەمە ڕاست بوایە، مەعریفەی زانستی بەردەوامی مەعریفەی پێشووتری خۆی بوایە، ئەوا دەبوایە داهێنانی گڵۆپی کارەبایی بەردەوامی چرای ئاسایی بوایە، بەڵام خۆی مەسەلەکە بەمشێوەیە نییە، چونکە داهێنانی گڵۆپی کارەبایی بەرهەمی مەعریفەیەکی زانستیە و بە چەند شێوازێکی بیرکارییانە دەردەبڕدرێت.

ئەمە لە لایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە خودی مەنهەجی زانستی لەسەر بەردەوامیدان و پەیوەندیدار لە پێشکەوتنی زانستیدا دانامەزرێت، بە شێوەیەک کتێبی «وتارێک لە پەیڕەو»ی دیکارت هیچ سوودێکی ئاماژەپێکراوی نییە لە لێکۆڵینەوەی زانستی هاوچەرخدا، ئەگەر ڕیسک بکەین و قووڵ ببینەوە، هەر بە هەمان شێوەش پرۆگرامی لە بەشەکانەوە بۆ هەموو (ئیستیقرائی) کە جۆرێکە لە شێوازەکانی ئەنجامگیریی لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە زانستی ژیربێژیدا)، فرانسیس بیکۆن چیدی باش نییە لە دەستکەوتنی مەعریفەی زانستی بەو شێوەیەی پێشتر هەبووە.

تیمێکی دیکە هەیە کە پەسەندکراوتر و بڵاوترن لە فەڕەنسا و ئەوروپا و دەوڵەتانی دیکەی جیهان، ئەویش بریتیە لەو تیمەی کە ئەو ڕێبازەی گرتوویانە لەسەری بونیاتنراوە، بە جۆرێک مێژووی زانست بریتیە لەنێوان مەعریفە زانستیە باوەکان و مەعریفە نوێیەکان بەو واتایەی ئەمانە بریتین لەو ئاراستەیەی ڕەتیدەکاتەوە کە مەعریفەی زانستی درێژکراوەی مەعریفەی گشتی و باو بێت، بەڵکو ئەم ئاراستەیە بریتیە لە گواستنەوە لە ئەزمونەوە بەرەو بە عەقڵانی بوون و لە تێبینی نارێکەوە بۆ مەعریفەی زانستی و ئەو شتەی ئەم شێوازە لە مەعریفەی زانستی جیادەکاتەوە (مەعریفەی زانستی کۆن و مەعریفەی زانستی هاوچەرخ)، بریتیە لە ئەپستمۆلۆژیا. بۆیە زمانی زانست ( زمانێکی نوێبوەوەیە بەو پێیەی زانست داڕشتنێکی هەمیشەیی چەمک و زاراوەکانە) و تیۆرییەکانی زانست، دوو پێکهاتە و دوو پێوەری سەرەکین لە هاندان بۆ ئەپستمۆلۆژیا. وا دیارە ئەوە نموونەیەکە، لە گواستنەوە لە پرۆگرامی ڕێژەییەوە (ئیستیقرائی) بۆ پرۆگرامی (ئیستینباتی– جۆرێکە لە شێوازەکانی ئەنجامگیریی لە سەرەوە بۆ خوارەوە لە زانستی ژیربێژیدا).

دوای ئەوەی یەکەمیان نەیتوانی ئەرکەکەی خۆی بەجێ بهێنێت، بەڵام پێویستە بزانین کە و دابڕانی ئەپستمۆلۆژی هەمیشە هاوڕێیە لەگەڵ دابڕان و جیاکارییەکی دەروونی یان هەست و سۆزێکی زۆر توندا، با ئەوەی بەسەر گەلانی ئەوروپادا هات بە نموونە وەربگرین کاتێک ئەمەی دوایی پێش ئەوەی قووڵبێتەوە لە خودی مۆدێرنە لە هیگڵدا، کە هەموو نەریتە وەستاوو بێ هەستەکانی سەدەی حەڤدەهەم بشکێنێت. بە جۆرێک سەرەتای ئەم دابڕان و جیاکارییە هاوکات بوو لەگەڵ (دیکارت)دا و بە شۆڕشی فەڕەنسی تاجی لەسەرنا. هەروەها دۆزینەوە جوگرافی و زانستی

و مێژوییەکان، ڕۆڵێکی سەرەکیان بینی لە نەهێشتنی چۆنێتی تێڕوانینی کۆن لە جیهان و لەدایک بوونی جیهانی نوێ لەسەر داروپەردووی جیهانی کۆن.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێش دەرکەوتنی زاراوەی (دابڕانی ئەپستمۆلۆژی)، بە سێ سەد ساڵ دەبینین دیکارت بۆ نموونە هزری زانستی جیادەکاتەوە لە هزرێکی دیکەی پێش خۆی و هزرێکی تری دوای خۆی، بە جۆرێک لۆژیک بە شێوەیەکی جەوهەری لە پێوەری ئەرستۆیی جیاکرایەوە. بە هەمانشێوە دەبینین خودی باشلار لەگەڵ دیکارتدا تەبایە لە وتنی پێویستی جیاکردنەوەی مەعریفە ڕاستەوخۆکانی پێکهاتوو لە ڕێگای هەستەکانەوە، لەگەڵ ئەو مەعریفە زانستیەی کە پیادەکردنی ڕاستەقینەی خۆیان لە تاقیگەدا دەبینرێتەوە.

بەڵام جیاوازی نێوان باشلار و دیکارت باڵی کێشاوە بەسەر بیرکردنەوەی بیرمەنداندا، چونکە باشلار ڕۆژێک باوەڕی نەبووە بە هەبوونی عەقڵێکی ئەبەدی کە کات و شوێن تێپەڕێنێت، هەروەکو دیکارت وای گومان دەبرد. بە جۆرێک چیدی باشلار نەیدەتوانی باوەڕ بهێنێت بە هەبوونی کۆمەڵێک هزری زگماکی پێشووتر لەسەر بنەمای ئەزمون، بەوشێوەیەی دیکارت ئەنجامیدەدا و ڕەنگە بەهۆی ئەم هۆکارانەوە داوای پێکهێنانی ئەپستمۆلۆژیایەکی جیاواز لەوەی دیکارت دەکات.

باشلار داوای جیاوازی و دابڕانێکی ڕاستەقینە دەکات لەگەڵ هزرگەلێکی لەمجۆرە، چونکە دابڕانی ئەپستمۆلۆژی دەبێتە ناچاری کاتێک کەلەپوری پێشووتر دەیبەستێت و تەنها لە ڕێگای هێز و هەیبەت و نەجووڵانی خودییەوە.

لە ئەنجامی هەموو ئەمانەش، دەبینین گاستۆن باشلار بوێرانە لە فەیلەسوفەکانی سەردەمی خۆی ڕادەپەڕێت و بە میسالیەت و تەجریدییەتی

دابڕاو له بزوتنەوەی زانست و جووڵەی واقیع تۆمەتبار دەکات، بۆیە دەبینین لە کتێبی (فەلسەفەی هیچ– la philosophie du non)دا داوای پێکهێنانی فەلسەفەی پەسەندنەکردن و ڕەتکردنەوە دەکات، واتا ئەو فەلسەفەی کە ڕەوشی باو ڕەتدەکاتەوە و بەرهەڵستی دەکات و هەوڵدەدات شتی نوێ ئاشکرا بکات، واتا فەلسەفەی ڕەتکردنەوە، بەڵام ڕەتکردنەوەی پۆزەتیڤ نەک نێگەتیڤ، چونکە فەلسەفەی گوێڕایەڵی و قبووڵکردن ناتوانێت شتەکان بجوڵێنێت و نابێتە هۆی پێشکەوتن، هەروەها ئەم فەلسەفەیە داوای عەقڵانیەتی کرداریی دەکات کە راستی ئەم فەلسەفەیە لە تاقیگەدا دەبینرێتەوە و لە لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەزمونی بنیاتنراو لەسەر بینین و گریمانەکان و ئەزمونەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و دواتر ئەنجامەکان، نەک فەلسەفەی عەقڵانیەتی ڕۆژئاوایی خۆبەرزگر و ئایدیالی.

لە تێڕوانینی باشلارەوە، فەیلەسوف ڕەچاوی پێشکەوتنی زانست ناکات، بەو پێیەی چەند شۆڕش و بازدانێکی خێرا لە سەدەی بیستەمدا بە بەراورد لەگەڵ سەدەکانی ڕابردوودا دەناسێنێت، چونکە زانست لە هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی پێویستی بە فەلسەفەیەکی نوێیە و هەر فەیلەسوفێک ئەو پێشکەوتنە زانستیە بە هەند وەرناگرێت، خۆی ڕیزی دەخاتە ڕیزی بێ ئیشانەوە.

بە گشتیش ئەگەر پشت ببەستین بە خوێندنەوەی جۆرش کانگلیم (دیارترین قوتابیەکانی باشلار)، دەبینین ئەپستمۆلۆژیاکەی لە ڕێگای ئەم سێ پرنسیپە سەرەکیەوە دەردەکەوێت:

1. ئەولەوییەتی تیۆری بۆ هەڵە بە جۆرێک دەبینین باشلار لەم پرنسیپەدا نزیکە لە بۆچوونی فریدریک نیتچە بۆ زانست و لەو بارەیەوە دەڵێت: «مەعریفەی زانستی بریتیە لە چەند هەڵەیەک سوودی خۆی لە

شەڕی ململانێ لە پێناو مانەوەدا دەبینێتەوە (زانستی خۆش وەرگێڕانی محەمەد ناجی) بە جۆرێک بە پشکنینێکی وردی  واقیع وا دیارە ڕاستی بە شێوەیەکی سەربەخۆ و جیا لە هەڵە نابینرێت، بەڵکو بە تۆڕێک لە هەڵە پێکەوە بەستراون و شارەزایی جیهان لە چۆنێتی لێسەندنەوەی ڕاستی لەژێر چڕنووکی ئەمانەدا.

باشلار لە کتێبی (ڕۆحی نوێی زانست–le nouvel esprit scientifique) دا دەڵێت: «ناتوانرێت مەعریفەیەکی زانستی ڕاست لەسەر داروپەردووی مەعریفەی هەڵە بونیات بنرێت و ئەوەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر توندی دژی هەڵە لە پێناوی گەیشتن بە ڕاستی»،  بەوەش بە  ئەنجامدانی جیاکاریە ئەپستمۆلۆژیە نوێیەکان.

2. بە لەقەڵەمدانی مەعریفەی زانستی بە (نالۆژیکی)، چونکە لە ڕێگای هەستەکان و هەستەوەرەکانەوە بەرهەم ناهێنرێت، بەڵکو مەعریفەی زانستی لەسەر تاقیکردنەوە و پیادەکردن و بەکارهێنانی میکانیزمەکانی پێوانی زانستی بونیات دەنرێت، بۆیە لۆژیک قۆناغی سەرەتایی مەعریفەی زانستی کە پێویستە دواتر خۆمانی لێ ڕزگار بکەین و دەستبەرداری ببین پێکدەهێنێت.

3. ڕەتکردنەوەی هەموو ئایدۆلۆژیا و شێوازە مەعریفییەکان کە لە سەرەوە دێن، لە دەرەوەی واقیع، چونکە بەلای باشلارەوە تێگەیشتن لە واقیع تەنها لە ڕێگای خودی واقیعەوە دەبێت، ئەمەی دوایی کە بەپێی لۆژیکی تایبەت بە خۆی و یاسا نێوخۆییەکانی دەجوڵێتەوە، هەروەها پێویستە مامەڵە لەگەڵ ئەم لۆژیکە تایبەتە و ئەو یاسایانە  لەناو واقیعی ئێستادا بکرێت، نەک ڕابردوو.

**بۆچی باشلار ڕەخنەی لە فەیلەسوفەکان دەگرت؟**

بە گشتی ئەو ڕەخنە توندەی کە گاستۆن باشلار ئاراستەی فەیلەسوفەکانی دەکات بە شێوەیەکی ڕوونتر دەردەکەوێت، کاتێک پێیوایە فەیلەسوفەکان گرنگی نادەن بە پێشکەوتنە زانستیە سەختەکان، بەڵکو ئەوان بەردەوام دەستیان گرتووە بە چارەسەرە فەلسەفیە کۆنەکان و کێشە زانستیە باوەکانەوە، بەڵام ئەوەیان لەبیر کردووە ئەم چارەسەرانەی کە لە کێشەی پێشووتر و کۆمەڵێک مەزهەبی چەسپاوەوە سەرچاوەی گرتووە شۆڕشە زانستیە هاوچەرخەکان بۆ هەتا هەتایە تێیان پەڕاندووە.

ئەو وێنەیەی باشلار بۆ فەیلەسوفی کێشاوە بە درێژایی ژیانی بە سروشتی گاڵتەجاڕی ناسراوەتەوە، بە جۆرێک لەو کاتەی زانستە فیزیاییەکان و ماتماتیکییەکان گۆڕانکاری ڕیشەیی و خێرای بە خۆیەوە دەبینی لە ماوەیەکی پێوانەییدا بە بەراورد لەگەڵ مێژووی ڕابوردوویدا، فەلسەفە هێشتا وەکو نەریتی خۆی بە هەموو شێوە و فۆرمەکان پیرۆزی خۆی لە قەتیسمانی لە چوارچێوەی سیستمی خاڵە نەگۆڕەکانی خۆیدا دەبینیەوە.

ئینر ئـەم گاڵتەجاڕی و ئـەم مشتومڕە دانـەبـڕاوە سـەبـارەت بە بیرکردنەوەی ئەپستمۆلۆژی لای باشلار لە چیەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دانپێدانان بەوەی تێوەگلانی فەلسەفە لە لێکۆڵینەوەی بیردۆزە زانستییەکاندا سوودی نییە؟، بەڵکو چۆن دەبێت گوتاری باشلاری خاڵی بێت لە مەعریفەی فەلسەفی؟

بۆیە ئەمانە گرنگترین ئەو کێشانەن کە پێویستە بە شێوەیەکی ڕوون وەڵامبدرێنەوە هەتاوەکو بتوانین ئامانجی خوازراو لەم پێشکەشکردنە بهێنینە دی.

ئەو ماوەیەی باشلار تێیدا ژیاوە دەرکەوتنی چەند بیرۆکەیەکی زانستی نوێ و گۆڕانکاری ڕیشەیی گشتگیری بە خۆوە بینی کە فراوان بوو بۆ خودی

ئەو پرنسیپانەی کە ئەمڕۆ زانسته جۆربەجۆرەکان لەسەری بونیاتنراون، بە جۆرێک زانسته فیزیاییەکان گۆڕانکاری قووڵی بە خۆیەوە بینی و بە شێوەیەکی چڕ خۆی لە شۆڕشی ڕێژەیی و شۆڕشی کانتی و سەرەتاکانی مایکرۆ- فیزیا دەبینیەوە، کە ئەم مەسەلەیە وای لە زاناکان دەخواست نەک هەر چەندینجار زانستەکان دروستبکەنەوە، بەڵکو ئامرازە بیردۆزییەکانی خۆیان نوێ بکەنەوە و گۆڕانکارییەکی هزری و دەروونی لە بیرکردنەوەی خۆیاندا دروست بکەن.

هەروەها لە زانستی ماتماتیکیشا چەندین بیردۆزی لە چەندایەتیدا بە خۆیەوە بینی کە بەشداربوو لە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پرۆگرام و چەمکەکاندا، بەمشێوەیە باشلار خۆی لە جیهانێکی ڕابردوودا بینیەوە کە زانست و زانیارییە جدی و شۆرش و گۆڕانکارییەکانی ئەوی دەوتەوە و چاپی دەکردن. ڕەنگە هاوژیانی باشلار لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا بیرکردنەوەی ئەپستمۆلۆژی ئەوی داڕشتبێت کە لە چوارچێوەی ئەم بیرکردنەوەیەدا ڕەخنەیەکی قووڵی ئاراستەی ئەو تیۆرە فەلسەفییانە کرد کە دەچنە ناو بابەتی تیۆری مەعریفەوە.

باشلار لە کتێبی ((ڕۆحی نوێی زانست–le nouvel esprit scientifique)دا لە بارەی تیۆری ڕێژەییەوە دەڵێت: «لەسەر ئەم بنەمایە هیچ گواستنەوەیەک لەنێوان سیستمی نیوتن و سیستمی ئەنیشتایندا نییە، ئێمە لە یەکەمەوە بۆ دووەم ناڕۆین بە کۆکردنەوەی مەعریفەکان و زیاترکردنی تێبینی بە پێوانە و ڕاستکردنەوەی پرنسیپەکان بە ڕاستکردنەوەیەکی دیاریکراو. بەپێچەوانەوە مەسەلەکە پێویستی بە هەوڵی زیاتره بۆ نوێبوونەوەیەکی گشتگیر»، بۆیە زانسته نوێیەکە نەیدەتوانی بیر لە ئەپستمۆلۆژیایەک بکاتەوە لە ڕێگای بەردەوامیدان بە زانسته کۆنەکە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە- بەپێی دەربڕینی محەمەد هیشام برینیە لە هەڵوێستی فەلسەفە و لێرەدا مەبەستمان

فەلسەفەی دەستپێکی سەدەی ڕابردووە ( میرسون) بە جۆرێک بەردەوام پابەند بوو بە شێوازە تەقلیدییەکانی بیرکردنەوە بە بەکارهێنانی هەمان ئەو چەمک و دەربڕینانەی کە لە سەردەمی بورجی فیزیایی نیوتنیدا ئەنجامدەدرا، ئەو شتەی وایکرد لە دابڕانێکدا بژی لەنێوان گوتاری ئەبستراکت و گوتاری زانستی خۆیدا.

4. ڕووەکانی دابڕان لە نێوان هەردوو گوتاری زانستی و فەلسەفیدا

ئەگەر وای دابنێین لە گۆشەنیگای باشلارەوە پەیوەندی نێوان فەلسەفە و گوتارە ڕووتەکانی لە ڕوویەکەوە و لەگەڵ گوتاری زانستی نوێدا کە بە بەردەوامی و بەخێرایی دەگۆڕێت لە لایەکی دیکەوە، بریتیە لە پەیوەندییەکی دابڕان ئیتر ئایا ئەم چەقبەستنە فەلسەفیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

دەتوانین باس لە دوو هۆکاری سەرەکی بکەین بۆ ئەم چەقبەستنە:

یەکەم: خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە دژییەکی نێوان ئەم دوو گوتارە ڕوونادات تەنها بەهۆی ئەو لێکچوونەوەی نێوانیانەوە نەبێت. زانستەکان پشت دەبەستن بە ڕەتکردنەوەی ئەو چەمکانەی فەلسەفە پشتی پێدەبەستێت، بەڵام بەکارهێنانی فەلسەفی ئەم چەمکانە لە قورساییەکی ئەنتۆلۆژیدا خۆی دەبینێتەوە، بە جۆرێک وشەی فەلسەفی لەلای فەیلەسوف بە ئاگایی یان بەبێ ئاگایی هەمیشە بوونەوەرێکی ڕاستەقینە نییە، بەڵام لە بەرامبەردا دەبینین بەکارهێنانی جیهان بۆ هەمان ئەو چەمکە جیاوازە، بە شێوەیەک بوونی یەکدەگرێت لەناو سیستمێک لە پەیوەندی تێهەڵکێشدا.

دووەم: بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە فەلەسەفە لە مامەڵەکردن و پیادەکردنی زانستییانەی لەگەڵ پرسیارێکدا کە ئەم مامەڵەکردنە ناتوانێت هیچ وەڵامێکی پێبێت درووست دەبێت. لەبەر ئەوەی پرسیارێکی فەلسەفی لە ئارادایە تایبەت بە پیادەکردنی زانستی، جیهان بەم شێوەیەی دەیخاتەڕوو: ئەو مەرجانە چین وادەکات مەعریفە، مەعریفەیەکی زانستی بەرهەم بهێنێت؟ ئەوەش

پرسیارێکە ناتوانرێت لەناو کاری زانستیدا وەڵامێکی وردی دەستبکەوێت، بەڵام فەلسەفە پرسیارێکی تر دەخاتەڕوو کە هیچ وەڵامێکی زانستی نییە و بەمشێوەیەی خوارەوەیە: ئەو بنەمایانە چین کە مەعریفەی زانستی لەسەر دادەمەزرێت؟ ئەگەر لە حاڵەتی یەکەمدا مەبەستی دیاریکردنی مەرجە بابەتییەکان بێت کە وا دەکات مەعریفەی زانستی بەو شێوە ڕاستە بێت کە زاناکان خودی خۆیان ئەزمونی دەکەن، ئەوا لە حاڵەتی دووەمدا ئەمجۆرە مەرجانە ئێدەپەڕێنێت بۆ ئەوەی بۆ بنەما ئەنتۆلۆژییە شاراوەکانی مەعریفە بگەڕێت.

لەمەوە ڕوون دەبێتەوە پرسیارەکە بەو شێوازەی پرۆسەیەکی گۆڕانکاری و جێگۆڕکێ دەهێنێتە ئاراوە کە فەلسەفە لە پشتی ئەو پرسیارەوە هەوڵدەدات بۆ دامەزراندنی خۆی: لیژنەی چاودێری باڵا، کە خودی خۆی وازی هێناوە لە چاودێریکردنی مەرجەکانی دەسەڵاتی مەعریفە. بەڵام ئەم گۆڕانکارییە لەرووی فەلسەفیەوە ڕاست نابێتەوە مەگەر لەڕێگای زنجیرەیەک لە دوانەی مێتافیزیکیەوە کە لە بنەڕەتدا جیاکردنەوەی نێوان فیکر و مادده و ڕۆح و جیهان، حوکمی بەسەردا دەدات.

باشلار ساڵی 1949 لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ فەلسەفەی زانستەکان لە فەڕەنسا دەڵێت:» ئەگەر فەیلەسوفێکی دیاریکراو قسە لەبارەی مەعریفەوە بکات، ئەوا دەیەوێت ڕاستەوخۆ و حەدەسیەت (intuitionism) بێت. بەمشێوەیەش مەسەلەکە بە نەهێشتنی کاڵفامی و سەرەتایی بوون بەرەو پلەی بەخشندەی و چاکەخوازی یان پرۆگرام کۆتایی دێت.

فەیلەسوفەکان باوەڕییان وایەی ڕابوونی یەکەم دەبێتە پێشین، ڕووناکیەکی تەواو و هزریش ڕوونیەکی تیۆری پێشووتری هەیە، بەڵام کاتێک فەیلەسوف قسە لەبارەی ئەزمونەوە دەکات، ئەوا شتەکان لێرەدا بە خێرایی دەڕوات، و مەسەلەکە پەیوەستە بە ئەزمونی تایبەتی خۆیەوە،

تا دواجار مەسەلەکە دەگاتە وەسفکردنی تێڕوانینێکی تایبەتی  بۆ جیهان، وەکو ئەوەی بە سادەیی بیتوانیبایە مانای ڕاستەقینەی گەردوونی بە گشتی بدۆزیبایەتەوە.

فەلسەفە لە ڕوانگەی باشلارەوە کاردەکات لەسەر دامەزراندنی جۆرێک لە هارمۆنی لەنێوان دوانە جیاوازەکانەوە کە بەرهەمی دەهێنێت و لێرەشەوە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەپستمۆلۆژیای باشلاری لە ڕەخنەگرتنی ڕیشەیی بۆ فەلسەفەکان دەستنیشانکراوە بە تێکدانی ئەم دوانە مێتافیزیکییانە بۆ بەتاڵکردنەوەی کاریگەریی تیۆرییان لە گۆڕینی گۆڕانکارییە ئەپستمۆلۆژییە ڕاستەقینەکانی زانستەکان لە ڕێڕەوە سروشتییەکانی خۆیان، ئەویش بە مەبەستی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ڕەخنەگرتنی فەلسەفە. ڕەنگە باشترین نموونە  لەبارەی ئەم فەلسەفەیەوە بریتی بێت لەو ئەپستمۆلۆژیایەی (ئیمیل میرسۆن)، پێشکەشی کرد کە باشلار ڕۆژێک نەیتوانیوە ڕەخنەی لێبگرێت و ئیدانەی بکات.

فەلسەفەی زانستی میرسۆن لەبارەی لێکۆڵینەوە سەرەکییەکانەوە هەموو هەڵخلیسکان و عەیبەکانی خودییەکانی تیۆری فەلسەفی  لە زانستدا چڕ دەکاتەوە، لەبەر ئەوە دەبینین ئامانجێکی بەردەوامی بۆ مشتومڕی باشلاری دروستکردووە و بۆتە نموونەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرتنی باشلاریی بۆ فەیلەسوفەکان و فەلسەفە بە شێوەیەکی گشتی.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (الحوار المتمدن)، ژمارە: 2308-2008/6/10

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=137365

# هەندێک لە ووتەکانی باشلار

**لە ئینگلیزییەوە: دانا تەیب مەنمی**

* «بۆ ئەوەی هەست بکەیت بە جوانی دەژیت واتا پێویستە شتێکی جوان بخوێنیتەوە، و هەمیشە ئامادەبێت لێی تێبگەیت بە زمانێکی ڕەوان و بە خێرایی وەکو بروسکە شیعر.»

* « پێویستە گوێ بۆ شاعیرەکان بگرین.»

* « لە حاڵەتێکی کاتیدا بژین باشترە لەوەی لە حاڵەتێکی ئەبەدی و کۆتاییدا بژین.»

* « ئەگەر من پرسیارم لێ بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی سوودە سەرەکیەکانی خانوو و ماڵ: ئەوا دەڵێم: ماڵ پارێزەرێکە بۆ زیندەخەونەکان، ماڵ کەسی خەیاڵ پڵاو دەپارێزێت، و ماڵ بوار بۆ مرۆڤ دەکاتەوە بە هێمنی خەون ببینێت.»

* « جۆرێکی تایبەت لە جوانی بوونی هەیە کە لە زماندا، هی زمان، و بۆ زمان لەدایک دەبێت.»

* «خەونی دوو ڕۆحی، تەنیا شیرینی خۆشەویستی ئامادەدەکات.»

* «تەنانەت ڕووداوێکی بچووک لە ژیانی منداڵێکدا ڕووداوێکی جیهانی ئەو منداڵەیەو بەمەش ڕووداوێکی جیهانیە.»

* « هەتا زیرەکانەتر دونیا بچووک بکەمەوە، من باشتر دەبمە خاوەنی دونیا.»

* « کەس نازانێت کە لە خوێندنەوەدا ئێمە هاندەرەکانی خۆمان کە شاعیرێک بین دوبارە زیندودەکەینەوە. هەموو ئەو خوێنەرانەی کە سۆزێکی

تایبەتیان بۆ خوێندنەوە هەیە، لە ڕێگای خوێندنەوەوە خواستی ئەوەی ببنە نووسەر پەروەردە دەکەن یان دای دەمرکێننەوە.»

❊ « من لە وڵاتێکی پڕ کانی و ڕووباردا لەدایک بووم ، لە گۆشەیەکی وڵاتی شەراب (Champagne) کە پێی دەوترێ (Le Vallage) بەهۆی زۆری دۆڵەکانیەوە. جوانترین شوێنەکانی بەلای منەوە بریتی بوو لە چۆڵ و بێدەنگی دۆڵێک لە تەنیشت ڕووبارە ڕوونەکە، لە سێبەری دار بیەکاندا... خۆشی من هێشتا بریتیە لە شوێنکەوتنی جۆگەلەکە، پیاسەکردن بە درێژایی کەنارەکانی بە ئاراستەی ڕژانی ئاوەکەدا، ئەو ئاوەی ژیان بەرەو گوندێکی دیکە دەبات... ...نووستن لەپاڵ ڕووباردا، من خەیاڵی خۆم بەخشی بە ڕووبارەکە،سەوزاییەکە، ئاوی ڕوون، ئەو ئاوەی چیمەنەکان سەوز دەکات... پێویست ناکات جۆگەلەکان هی ئێمەبن، پێویست ناکات ئاو هی ئێمە بێت. ئەو ئاوە نەناسراوە هەموو نهێنییەکانی من دەزانێت، و هەمان یادەوەریی لەهەمان سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێت.»

❊ «هەوا گرنگترین مادەی ئازادیی ئێمەیە، مادەی ئەوپەڕی خۆشی مرۆڤ....خۆشی هەوا و خەیاڵی بریتیە لە ئازادی.»

❊ « ئەوە قەڵەمە کە خەون دەبینێت.»

❊ « هەموو زانیارییەک بریتیە لە وەڵامی پرسیارێک. ئەگەر پرسیار نەبوایە، ئەوا هیچ زانیارییەکی زانستی نەدەبوو. هیچ شتێک لە خودی خۆیەوە هیچی لێ بەرهەم ناهێنرێت.»

❊ « پیاو لە ئارەزوو دروستکراوە نەک پێویستی.»

❊ « بیروباوەڕەکان تەنها وەکو ڕاستکردنەوەی ڕابردوو دادەهێنرێن. لەڕێگای ڕاستکردنەوەی بەردەوامی لەمجۆرەوە ڕەنگە کەسێک هیوابخوازێت بیرۆکەیەکی باو ڕزگار بکات.»

❊ « خەیاڵی ئەدەبی بابەتێکی ئیستاتیکیە کە نووسەرێک دەیبەخشێت بە عاشقانی کتێب.»

❊ « ڕاستی ڕەسەن و سەرەکی بوونی نیە، تەنها هەڵەی ڕەسەن و سەرەکی هەیە.»

❊ « خاسیەتەکانی پێشەکەوتنی زانستی بریتیە لە زانینی ئەوەی کە ئێمە نەمان دەزانی.»

❊ « مرۆڤ پێویستەهەمیشە بەردەوامی بداث بە گرێدانی بە ڕابردوەوە و بەڵام بە بێ دابڕان لێی دووربکەوێتەوە. بۆ ئەوەی پەیوەندیث لەگەڵ ڕابردوودا بەردەوامبێث پێویستە یادگاریث خۆش بوێث. بۆ ئەوەی پەیوەندیث لەگەڵ ڕابردوودا نەپچڕێث پێویستە هەوڵێکی خەیاڵی بەردەوامث هەبێث.»

❊ « دوو نیوە فەیلەسوف ڕەنگە هەرگیز نەتوانن یەکسان بن بە کەسێکی مێتافیزیکی.»

❊ « مرۆڤ بونەوەرێکی خەیاڵاوییە.»

❊ « ووشەکانی دونیا دەیانەوێث ڕستە دروست بکەن.»

❊ « بۆیە، وەکو ئاگرێکی لەبیرکراو، منداڵی دەتوانێث هەمیشە لە ناخماندا کڵپە بسێنێتەوە.»

❊ « ئەرکی مەزنی شیعر ئەوەیە حاڵەتەکانی ناو خەونەکانمان پێ ببەخشێتەوە.»

❊ « شیعر لە جیاتی ئەوەی دیاردەگەرایەکی مێشک بێث، بریتیە لە دیاردەگەرایەکی ڕۆح.»

❊ « کاتێ وێنەی شیعری نوێیە، جیهان نوێیە.»

❊ « سەرکەوتووەکان بەبەردەوامی مێژوو دەنوسنەوە. کاتێ دوو کەس ڕوبەڕوی یەکتر دەبنەوە، هەمیشە مێژووی کەسی سەرنەکەوتوو دیارنامێنێت.

❊ « پێویستە قوتابخانە کۆمەڵگا بخرێتە خزمەتی قوتابخانەوە، نەک قوتابخانە بکرێتە ژێر ئاراستەی کۆمەڵگاوە.

❊ « ئەوەی بەبێ گەڕان دەدۆزێتەوە، ئەو کەسە بۆ ماوەیەکی درێژ گەڕاوە بەڵام هیچ شتێکی شایانی ئاماژەپێکردنی نەدۆزیوەتەوە.»

❊ « هەموو زانین و زانیارییەک وەکو وەڵامێک وایە بۆ مەسەلەیەک.»

❊ « مرۆڤ وەکو مرۆڤ ناتوانێت بەشێوەیەکی ستوونی بژی، چونکە بەمشێوەیە زۆرجار پشوودان و نووستنی بە سەرنەکەوتن لە قەڵەمدەدرا.

❊ « بەبێ گومان بەهەشت وەکو کتێبخانەیەکی مەزن دەمێنێتەوە.

❊ « کاتێ مرۆڤ لە فێربوون دەوەستێت، ئەو کاتە ئیتر شایانی ئەوە نیە بزانێت و فێرببێت.»

❊» کاتێ دوو کەس یەکتردەناسن، سەرەتا پێویستیان بە بۆچوونی دژ هەیە چونکە ڕاستی کچی مشتومڕە نەک سازان.»

❊» ژیان و ڕەنگە ڕاستی بەگشتی، برینیە لە شکستپێهێنانی پلەبەپلەی ئازادیی.»

❊» مردن پێش هەموو شتێک وێنەیەکە و هەر بە وێنەش دەمێنێتەوە.

❊» تێگەیشتن، لە خودی خۆیدا کرداری بەردەوامی هزرە.»

❊» ڕەنگە ژیان بازنەیی بێت.»

❊» لەچوارچێوەی شەڕی مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا، جیهان شەڕەکە دەستپێناکات.»

❊» هیچ شتێک لەخۆیەوە نایەت و پەیدانابێت، و هیچ شتێک

بەمشێوەیە نابەخشرێت، بەڵکو هەموو شتێک بنیاتدەنرێت.»

*» چی بڕێک لە زانست پێویستمانە دەستمان بکەوێت هەتا بتوانین جیهان تێپەڕێنین.»

*» بە تەنیا لەشەودا ناخەوم و لەگەڵ کتێبێک لەبەر ڕووناکی مۆمێکدا دەمێنمەوە، کتێب و مۆم دوو دورگەن بۆ ڕووناکی، کە ڕووبەڕوی دوو تاریکی، تاریکی ڕۆح و تاریکی شەو، دەبنەوە.»

*» فەیلەسوفەکان چەند فێردەبن ئەگەر کۆک بن لەگەڵ خوێندنەوەی شاعیرەکاندا!»

*» تەنیایی هیچ مێژوویەکی نیە.»

*» هەموو کتێبێکی باش پێویستە دوای تەواوبوون لە خوێندنەوەی جارێکی تر بخوێندرێتەوە.»

*» ئەرکی گەورەی شیعر ئەوەیە کە هەڵوێستەکانی ناو شیعرەکانمان بیربکەوێنەوە.»

# ئیشکالییەتی لێکتێگەیشتن
# لە فەلسەفەی ڕۆژئاوایی هاوچەرخدا
## باشلار بە نموونە

نووسەر: عومەر مهیبل
خوێندنەوە: عەبدوڵا ئەلموتێری
لە ئینگلیزییەوە: دانا تەیب مەنمی

ئێستا فەلسەفە بریتیە لە فەلسەفەی ڕۆئاوا، ئەم بڕیاردانە بەسەر چەندین سەردەمی دور و درێژدا دەچەسپێ، بەڵام ئێستا ئێمە سەرقاڵین بە کاتی ئێستا و سەردەمی ئێستامان.

ئاسۆی فەلسەفی بریتیە لە ئاسۆی ڕۆژئاوایی، هەرچەندە ئاسۆی فەلسەفی ناتوانرێت لەڕووی شوێن و کاتەوە بخرێتە ژێر فشارەوە. بەڵام هەموو خوێنەرێکی دەستکەوتەکانی فەلسەفە لە سەردەمی نوێدا دەزانێت هەمیشە ئەم دەستکەوتانە لە ڕۆژئاوایە. وەکو ئەوەی ئێمە لێرەدا بۆ ڕەواپێدانێک دەگەڕێین بۆ کردنەوەی دەروازەی ئەم کتێبە لەگەڵ دکتۆر عومەر موهیبل بۆ ئەوەی بچینە ناو فەلسەفەی ڕۆژئاوایی هاوچەرخەوە. وادیارە مەسەلەکە زۆر نزیکە لە شتە سەرەتاییەکانەوە کاتێ دەڵێین لێکۆڵەر لەکاتی گەڕان بۆ مەعریفە لە دەروازەی فەلسەفەییەوە هەر دەبێت ئاراستەی عەقڵی بکاتە ڕووەو ڕۆژئاوا. لێرەدا خۆم سەرقاڵناکەم بە چەند مەسەلەیەکی لە جۆری مەحرومکردنی ڕۆژئاوا و پاراستنی پرایڤەسی بەڵکو بە خێرایی بازدەدەم بۆ ئاسۆی ئەزموونی فەلسەفی لە ڕۆژئاوا، بەشێوەیەک عەقڵەکان بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش کاردەکەن بە ژیانێکی پڕ لە داهێنانی نوێ لە پرسیار و چەندین هەوڵی نوێ بۆ وەڵامدانەوە بەجۆرێک وادیارە دیمەنی هزریی هەمیشە دەردەکەوێت و کراوەیە بۆ چەندین ئاسۆی زیاتر. لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە عەقڵەکان لە سەردەمێکی زۆر کۆنەوە لێرە لە چەندین بازنەی خەیاڵیدا بەندکراون.

لێرەوە ئەم لێکۆڵینەوە گرنگەی د. عومەر موهیبل دێت کە کتێبخانەی عەرەبی دەوڵەمەند کرد بە کارێکی جدی  بە ناونیشانی « لە سیستمەوە بۆ خود: خوێندنەوەیەک بۆ هزری ڕۆژئاوایی هاوچەرخ»، و ئەوە ئێستا ئێمە کارەکەی ئەومان  لەبەردەستدایە لەبارەی ئیشکالییەتی لێکتێگەیشتن لە فەلسەفەی ڕۆژئاوایی هاورخدا.

کێشەی لێکتێگەیشتن کێشەیەکی گەورەیە لە هزری فەلسەفیدا بە گشتی هەروەها لەگەڵ هزری فەلسەفی هاوچەرخیشدا.بۆ بەڵگەهێنانەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە تەنها ئەوەندە بەسە ئەوە بەبیربهێنینەوە کە ئەم کێشەیە بابەتێکی سەرەکیە لە بابەتەکانی چوار لە فەیلەسوفە هاوچەرخە گەورەکان: باشلار و فۆکۆ لە فەڕەنسا و هایدیگەر و هابرماس لە ئەڵمانیا. ڕاستە کێشەی لێکتێگەیشتن شێوە و تێگەیشتنێکی تایبەت وەردەگرێت لە هەموو سیاقێکی ئەو سیاقانەی پێشووتردا، بەڵام لە ڕەگ و ڕیشەی بنەڕەتی سەرەتاییەوە لە زۆربەی تایبەتمەندێتیەکاندا هاوبەشە ئەوەش وادەکات لەیەک بابەتدا کۆبکرێنەوە.

باشلار کێیە؟

بەشێوەیەکی خێرا باشلار فەیلەسوفێکی زانستی ئەپستمۆلۆژیایە و بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی دەدات بە ئەنجامدانی شیکاری دەروونی بۆ مەعریفەی زانستی، بە واتایەکی دی باشلار پرنسیپەکانی دەروونناسی بەسەر مەعریفەی زانستیدا جێبەجێ دەکات بەو پێیەی ئەویش کاریگەریی هەیە بە نائاگایی و کەبت و چەندین  گریمانەی دەروونی دیکە، و دواتر بە ووردەکاری دێینە سەر ئەم بابەتە. باشلار لە باژێک لەسەر ڕووباری (ئەوب) ساڵی 1884 لە دایکبووە و  دوای خوێندنی ئامادەیی بۆتە فەرمانبەر لە فەرمانگەی پۆستە هەتا ساڵی  1913 کاتێ بڕوانامەی لە ماتماتیک و

زانستەکاندا وەرگرت. دواتر وەکو مامۆستای فیزیا و کیمیا لە قوتابخانەیەکی ئامادەییدا کاری کردووە و دواتر ساڵی 1927 بڕوانامەی دکتۆرای لە ئاداب (بەشی فەلسەفە) لە زانکۆی سۆربۆن وەرگرتووە. ساڵی 1930 ش بۆتە مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی دیگۆن و دواتر بۆتە مامۆستای مێژووی زانستەکان و فەلسەفەی زانستەکان لە بەشی فەلسەفە لە بەشی فەلسەفە لە کۆلیژی ئاداب (سۆربۆن) لە زانکۆی پاریس و لەم پۆستەدا ماوەتەوە هەتا ئەو کاتی خانەنشین کردنی لە ساڵی 1954. ساڵی 1962 ش لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.

لە تێبینیە سەرەتاییەکانی عومەر مهیبلدا سەبارەت بە فەلسەفەی باشلار بێجگە لە ڕەتکردنەوە خۆی لە هیچی دیکەدا نابینێتەوە، ڕەتکردنەوەی سیستمە فەلسەفیە ئایدیاڵیەکان و عەقڵانیەکان و ڕەخنەگرتن لێیان. بەڵام خوێندنەوەی باشلار دەریدەخات کە باشلار ڕەخنەی گرتووە لە فەلسەفەی تەجریبی ڕووت و ڕەتیکردۆتەوە، بە جۆرێک ئەو لە ناوچەیەکی ناوەندی نێوان عەقڵانیەتی ئایدیاڵی و تەجریبی ئایدیاڵیدا ماوەتەوە، و باشلار ئەم ناوچەیە بە «عەقڵانیەتی پراکتیکی» ناودەبات و کتێبەکەی ساڵی 1948 ی بەو ناوە ناونا و د. بەسام هاشم بە هەمان ناونیشان وەریگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و ساڵی 1984 ئەم وەرگێڕانە لە چاپدرا. عەقڵانیەتی پراکتیکی فەلسەفەیەکە لەسەر دیالۆگ لە نێوان عەقڵ و کردار و پراکتیکدا دادەمەزرێت. ڕەتیدەکاتەوە لە پرنسیپە خێڵەکیەکانەوە دەستپێبکات و هەروەک لکاندنی هزری زانستی بە تەنها بە پێدراوەکانی هەست و واقعەوە ڕەتدەکاتەوە. هەروەها نووسەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا چوار پرنسیپ کورتدەکاتەوە کە دژی چەمکەکانی هزری زانستی کۆنن، ئەوانیش بریتین لە:

1– هیچ عەقڵێکی چەسپاو بوونی نیە  کە فەرمان بداٺ  بەسەر هەموو جۆرەکانی مەعریفەکانمانەوە.

2– هیچ پەیڕەو و پرۆگرامێکی گشتگیر بوونی نیە.

3– هیچ واقعێکی سادە بوونی نیە کە جیهان سنوردار بکاٺ لەسەر شیکردنەوەی یان دەستکاری کردنی  بەڵکو ئەوە شتێکی ئاڵۆزە و  لە چەند ڕەگەزێک پێکهاتووە و دیاردە بینراوەکان  بەیەک شێوە لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی تێروتەواوی دیاردەکاندا دروستدەکاٺ.

4– لەسەر فەلسەفەی زانسٺ پێویستە شوێن بکاتەوە بۆ ئەپستمۆلۆژیا بەو سیفەتەی لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە بۆ دروستکردنی چەمکە زانستیە سەرەکیەکان و تەوزیفکردنیان لە بواری تایبەتی خۆیدا و نەک سەبارەٺ  بە بیردۆزی مەعریفە بە شێوەیەکی گشتی.

کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمەی باشلار تیایدا ژیاوە دەبینین ئەوە سەردەمێکی زۆر بە پیٺ بووە لە ڕووی زانستییەوە و زۆربەی کرانەوە زانستییە گەورەکانی بە خۆیەوە بینیەوە، لێرەدا باسی تیۆری ڕێژەیی و تیۆری میکانیزمی بڕ و چەندانی دیکە لەو تیۆرییانەیە کە جیهانیان سەبارەٺ بە بوون و ژیان گۆڕی. لەژێر کاریگەریی ئەم کرانەوانەدا باشلار ئاوڕیدایەوە بەلای فەلسەفەدا و دەستیکرد بە گلەیی کردن لە بێدەنگی و نەجوڵانی فەلسەفە و بێ توانایی لەوەی لەگەڵ ئەم هەموو بەرهەمە زانستی و پێشکەوتنە مەزنانەدا بڕواٺ.  بۆیە، باشلار بەدرێژایی فەلسەفەکەی پێی وابووە کە ئەرکی فەلسەفە ئێستا  بریتیە لە گوێگرتن لەو پرسیارانەی کە زانسٺ دەیانخاتە ڕوو، نەک دروستکردنی سیستمە ڕووٺ و بێ ڕۆح و داخراوەکان کە بە شوێن وێکهاتنەوەی فیکر لەگەڵ تێڕوانینە سەرەتاییەکانیدا دەگەڕێٺ.

لێرەوە بە دیاریکراوی بەهاو نرخی فەلسەفەی باشلار دەردەکەوێت، واتا لە هۆشیاریی توندییەوە بۆ ئەو جیاوازییەی کەوتۆتە نێوان هەردوو هێڵی ڕۆیشتنی فەلسەفە و زانستەوە. لەبەرئەوەش کە هیچ یەکێکیان ناتوانێ بێ ئەوی تر بژی، ڕاتەکاندنی فەلسەفە بۆ ئەوەی تۆز و خۆڵی سەر خۆی لاببات و بە هێڵی زانستی بگاتەوە بریتی بوو لە ئامانجی یەکەمی فەلسەفەی باشلار.

جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە بە تێڕوانی باشلار لە ڕێگای « ئەپستمۆلۆژیا» وە دەبێت و ئەرکە سەرەکیەکەشی بریتیە لە «گەڕان بۆ ئەو کاریگەرییەی کە پێشکەوتنی زانست و زانیارییەکان لەسەر پێکهاتەی فیکر دروستی دەکات» و بەکورتی لە کتێبەکەی «پێکهێنانی عەقڵی زانستی» باشلار ئەرکی فەلسەفەی عیلمی بە «شیکردنەوەی دەروونی بۆ گرنگی پێدان و تێکدانی هەموو سوودێک هەرچۆنێک شاراوە بێت، و هەرچۆنێک ئیدیعای بەرزی بکات، و ئاوڕدانەوەی عەقڵ لە واقعیەوە بۆ کردەیی، لە سروشتیەوە بۆ مرۆیی و لە نواندنەوە بۆ تەجرید وەسفدەکات». ئەپستمۆلۆژیا لە لای باشلار ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە و بریتیە لە شیکاری دەروونی مەعریفەی بابەتی. بابەتی سەرەکی شیکردنەوەی دەروونی بریتیە لە نائاگایی لێکۆڵەر لە بواری زانستەکاندا لەکاتێکدا تەوەری ئامانجەکەی لە دەوروبەری ئاشکراکردنی ئەو کۆسپانەدا دەخولێنەوە کە ڕێگری دەکەن لە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی مەعریفە. ئەوەش باشلار بە «کۆسپە ئەپستمۆلۆژییەکان» ناوی دەبات.

سیستمە فەلسەفیەکانی ئێستا ناتوانن لە بیرکردنەوەی زانستی تێبگەن بەهۆی دژیەکی نێوان تایبەتمەندێتیەکان و تایبەتمەندێتیەکانی بیرکردنەوەی زانستی. لەبەرئەوەی سیستمە فەلسەفیەکان لە بنەڕەتدا بەوە جیادەکرێنەوە کە کۆمەڵێک سیستمی کۆتاییە بەو واتایەی داخراوە بەڕووی

ئەوەی لەگەڵ ئامانجە دەستنیشانکراوەکەیدا ناگونجێت. لەکاتێکدا زانست بەوە جیادەکرێتەوە کراوەیە لەگەڵ هەموو ئاسۆکاندا. هەروەها سیستمە فەلسەفیەکان بە دەست کێشەیەکی زمانەوانیەوە دەناڵێنێت بە جۆرێک زمانەکەی ناتوانێت مەبەستی زاناکان بە دەستنیشانکردنێکی ڕاستەقینە دەست نیشان بکات یان تێڕوانینێکی ڕوون بۆ چەمکەکانی زانست بەرجەستەبکات.

بەربەستی ئەپستمۆلۆژی

پێشتر باسمان کرد باشلار ئەرکێکی سەرەکی بۆ ئەپستمۆلۆژیا دەستنیشان دەکات ئەویش بریتیە لە شیکاری دەروونــی مەعریفەی بابەتی، لە گریمانەیەکی سەرەکی زانستی دەروون ناسیەوە دەستپێدەکات ئەویش بریتیە لە «نائاگایی». بەهەمان شێوەی دەروونی مرۆیی لایەنی نائاگایی تێدایە، کاری زانستی-ش لایەنێکی گرنگی هەیە نابێتە بابەتی هۆشیاریی. کۆسپە ئەپستمۆلۆژییەکان کۆمەڵێک کۆسپ نین که لە دەرەوە دێنە بـەردەم پرۆسەی زانستی، هـەروەک نە دەرئەنجامێکی مەرجە دەرەکیەکانی پرۆسەی مەعریفەیە و نە هەستەکان و نە هزر وەکو دوو ئامرازی خۆیی بۆ گەیشتن بە مەعریفە لای مرۆڤ، بەڵکو ئەو لە سۆنگەی مەعریفەی زانستیەوە هەڵدەقوڵێت و بەپێی پێویستی ئەرکەکەی لە مەرجە دەروونیەکانی مەعریفەوە دەردەکەوێت، ئەوەش تەنها بە دروستکردنی نێوان خود و بابەت، بە شێوەیەک مەعریفەی زانستی ئەو مەعریفەیەیە کەخۆی بەربەستە ئەپستمۆلۆژییەکانی خۆی بەرهەمدەهێنێت. وەکو مهیبل باسی دەکات باشلار قۆناغەکانی دروستکردنی هزری زانستی بۆ سێ قۆناغ دابەش دەکات و کاتێ پێداچوونەوەیەکمان کرد بە کتێبی «عەقڵانیەتی کردەیی» باشلاردا بینیمان لەڕاستیدا بۆ چوار قۆناغ دابەشی دەکات، و لە کاتی وردبونەوەی زیاتردا بۆمان دەرکەوت کە جیاوازییەکە تەنها لە رووی

فۆرمەوەیە، بەشێوەیەک مهیبل قۆناغی یەکەم و دووەمی لەیەک قۆناغدا کۆکردۆتەوە. قۆناغی یەکەم کە دۆخی پێش زانستی بوون دەنوێنێت و سەدە کۆنەکان و سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای سەردەمی ڕێنیسانس دەگرێتەوە کە ئەم قۆناغە بریتییە لـەوەی عەقڵ بە وێنەی یەکەمی دیاردەکەوە سەرقاڵە و پشتدەبەستێت بە چەند نوسینێکی فەلسەفی کە سروشت بە پیرۆز ڕادەگرێت و باوەڕی بە یەکێتی جیهان هەیە. قۆناغی دووەم: خۆی لە ڕەوشی زانستیدا دەبینێتەوە کە سەرەتای کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە. هزر لەم قۆناغەدا کاردەکات بۆ زیادکردنی شێوە ئەندازیارییەکان بۆ ئەزمونی فیزیایی بە پشت بەستن بە فەلسەفەیەکی سادەو روون. بەڵام هزر لەم قۆناغەدا دژیەکێکی روونیش لەخۆدەگرێت بەجۆرێک بە تێڕوانینێکی یەقینی لە مەعریفەی تەجرید دەڕوانێت بەو ڕادەیەی ئەم تەجریدە بە ڕوونی لە هەستێکی هەست پێکراودا خۆی دەنوێنێت. قۆناغی سێیەم و کۆتایی خۆی لە هزری فەلسەفی نوێدا دەبینێتەوە و ئەم ماوەیە لەساڵی 1905 ەوە لەگەڵ ڕاچڵەکاندنی ڕێژەیی بۆ ئەرکانەکانی زانستی کلاسیکی دەستپێدەکات و لەم قۆناغەدا دەبینین عەقڵ و ئەزموون تەواوکەری یەکترن و هەریەک ئەوی تر تەواو دەکات بەشێوەیەک وادەکات مەعریفە ڕوونتر بێت.

باشلار لە خوێندنەوەی بۆ مەعریفەی زانستی دەگاتە چەند بەربەرستێکی ئەپستمۆلۆژی. بەربەستی یەکەم: یەکەمین ئەزموون، واتا ئەزموونی پێشوتر لەسەر ڕەخنەگرتن، ئەو یەکەمین ئەزموونەی لە بارودۆخێکی پێشکەوتووی کاتیدا ئەنجامدراوە و ڕەخنەگرتنی خوڵقێنەر ناهێڵێت کەڵەکەبوونی مەعریفی دروست بکات. ئەوە بەربەستی یەکەمەو ئەگەر ئەو تێنەپەڕێنرێت و ڕەخنەی لێ نەگیرێت و هەڵە دیارەکەی ئاشکرانەکرێت، ئەوا دەبێتە کۆسپێک لەڕووی

پێشکەوتنی زانستیدا. کۆسپی دووەم: کۆسپی سەراپاگیریی، لەو بارەیەوە باشلار دەڵێت : «بریتیە لە هەر شتێک کە کاردەکات بۆ سەرکوتکردنی پێشکەوتنی مەعریفەی زانستی وەکو ئەوەی مەزهەبی هەڵەی سەراپاگیری- کە لە ئەرستۆوە هەتا بیکۆن باو بوو و ئێستاش بەلای ژمارەیەکی زۆر لە هزرەکانەوە مەزهەبی سەرەکییە بۆ مەعریفە- ئەنجامیدا.» کۆسپی سێیەم: کۆسپی دەربڕین، واتا هەندێک دەربڕین هەن لە کاتی بەکارهێناندا دەکشێن و واتاکەی دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵێک شت لەدەرەوەی واتا ڕەسەنەکانیان و بەوەش بەکارهێنانیان تا ئاستێکی گەورە شێواو و نادیار دەبێت.

کۆسپی چوارەم: بریتیە لە بەربەستی ناوەرۆک. واتا جەوهەری بیرۆکەکە کە بووە هۆی ئەوەی زاناکان بۆ چەندین سەردەمی درێژ بکەونە پشێوییەوە بە گەڕان بە شوێن جەوهەر و ڕۆحی شتەکاندا لەبری ڕووکەشی شتەکان. کۆسپی پێنجەم: زیندەکۆسپ و ماناکەشی بریتیە لە داخڵکردنی هەندێک زانست لە بوارێکی جیاواز لە بواری خۆیان و بە تایبەتی داخڵکردنی زانستی بایۆلۆژیا بۆناو زانستی کیمیا و فیزیا.

**دابڕانی ئەپستمۆلۆژی**

دابڕانی ئەپستمۆلۆژی چەمکێکی بەناوبانگە و لە چەندین بواردا بەکارهێنراوە و باشلار لە هزری زانستیدا بەکاریهێناوە، بەڵام ئەم چەمکە کاریگەریی ڕوونی خۆی بەشێوەیەکی ئاشکرا لە بوارەکانی فەلسەفە و ئاداب و مرۆڤناسی (ئەنسرۆپۆلۆژیا) و لێکۆڵینەوە مارکسییەکاندا چەسپاندووە.

محەمەد عابد ئەلجابری، لە ڕەخنەگرتنی لە عەقڵی عەرەبیدا، یەکێک بوو لەو کەسە دیارانەی ئەم چەمکەی لە گۆڕەپانی عەرەبیدا بەکارهێنا. ئایا هێڵی پێشکەوتنی زانستی هێڵێکی لکاوە لە سەرەتایەوە هەتا کۆتایی و

هەموو قۆناغێک بازنەیەکە لەم هێڵەدا؟ یان دابڕان جیابونەوەیەک هەیە لەم مێژووەی پێشکەوتنی زانستیدا. باشلار دەگاتە ئەو ئاستەی لە بارەی دابڕانەوە بڵێت ناتوانرێت هیچ پەیوەندییەک لەنێوان کۆن و نوێدا نیە، واتا لەنێوان ئەوەی سادەیە لەگەڵ ئەوەی ئاڵۆزە یان لەنێوان ئەوەی زانستییە لەگەڵ ئەوەی نازانستییە، ئەو دووانە دوو جیهانن لە ئایدیا و هەریەکەیان بەوی دیکە نامۆیە. دابڕانی ئەپستمۆلۆژی بەم مانایە تایبەتمەندییەکی جۆرایەتیە بۆ پێشکەوتنی زانستەکان، چونکە مێژووی زانستەکان بریتیە لە زنجیرەیەک لە «ڕاستی» و « هەڵە» یەک لەدوای یەکەکان بە دەربڕینە بەناوبانگەکەی «مێژووی زانست بریتیە لە هەڵەکانی زانست.»

لە سەردەمێکی مێژووی نوێدا بازدانێکی مەزن لەگەڵ پرۆگرام و میکانیزمەکانی بیرکردنەوەی پێشووتردا ڕوودەدات و قۆناغێکی نوێ لە قۆناغەکانی زانست دەکاتەوە.

گالیلۆ یەکەم کەس بوو کە پەیوەندی لەگەڵ هزری زانستی کۆندا بچڕی و وازی هێنا لە چەمکەکانی و شێوازەکانی و پرنسیپەکانی و بەوەش شۆڕشێکی نوێ لە مێژووی زانستدا دروستکرد. ناتوانین بڵێین گالیلۆ درێژکراوەی پێش خۆی بووە.

باشلار جیاوازی دەکات لە نێوان دوو ئاست لە دابڕان. ئاستی یەکەم: دابڕانێک لەنێوان هزری زانستی نوێ و لەنێوان زانستەکانی هزری زانستی کۆندا. ئاستی دووەم: دابڕانێکی نێوخۆیی کە دەچێتە چوارچێوەی بەردەوامی خودی هزری زانستیەوە، واتا چەند بیردۆزێکی نوێ هەیە کە چەند پێبازێکی جۆریی لە ڕێڕەوی خودی هزری زانستیدا دەهێنێتە ئاراوە کە ناتوانرێت وا لێی تێبگەین کە بەردەوامیدانە یان پێشخستنی زانستی پێش خۆیەتی. نموونەی ئەمە بریتیە لە « Non–Euclidean» لە ئەندازیاری و ماتماتیکدا.

هەروەکو مهیبل یەکلایی دەکاتەوە «چەمکی دابڕانی ئەپستمۆلۆژی» لە کۆتاییدا هیچی دیکە نیە بێجگە لە بچڕاندنی پەیوەندی لە زانستەکان و شرۆڤەی بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشە زانستیەکاندا کە لەناو زانستدا ڕوودەدەن.

فەلسەفەی باشلار بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان زانست و فەلسەفە و ئایا ئەم ئامانجەی هێناوەتەدی؟ بە تێڕوانینی عومەر مهیبل فەلسەفەی باشلار چەند هەنگاوێکی گرنگی لەپێناو ئەم ئامانجەدا بڕی زیاتر لە ڕێگای ڕەخنەگرتن و تێکشکاندنی نموونە باوەکانەوە وەکو ئەوەی شتی نوێ دروست بکات و ئەڵتەرناتیڤ بهێنێتە ئاراوە. ڕەنگە ئەرکێک بەم ئاستە بۆ تاکە فەیلەسوفێک بەس بێت بۆ دەستپێکردن بە هەنگاوە سەرەتاکانی. بەڵام سەبارەت بە کێشەی پەیوەندی، ئەو کێشەیەی کە نووسەران هاتوون بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی، ئەوەی ئێستا روونە ئەوەیە باشلار سەربە فەزایەکی مەعریفییە کە بە دڵنیاییەوە جەختدەکاتەوە لەسەر دابڕان. هەروەها دەتوانین ئەوە زیاد بکەین کە خودی فەلسەفەی باشلار نموونەیەک بوو بۆ جیابونەوە لە سیستمە فەلسەفیەکانی پێش خۆی.

بڵاوکەرەوە: سەنتەری کلتوری عەرەبی، بڵاوکراوەکانی ئەلئیختیلاف، ئەلدار ئەلعەرەبیە بۆ زانستەکان

ساڵی بڵاوکردنەوە: 2005

ژمارەی لاپەڕە: 382 لاپەڕەی قەبارە گەورە

لینکی بابەت لە تۆڕی ئینتەرنێت:

http://www.alriyadh.com/203684?print=1

# باشلار و فەلسەفەی پەروەردە

نوسینی: جەیمس مارشاڵ- زانکۆی ئۆکلاند

لە ئینگلیزییەوە: دانا تەیب مەنمی

## کورتەیەک لە ژیانی باشلار

گاستۆن باشلار لە 27 ی حوزەیرانی 1884 دا لەهەرێمی بار سۆر ئەوب (هەرێمی شامپانیا)ی فەڕەنسا لەدایک بووە. دایک و باوکی باشلار لەم شارەدا خاوەنی دوکانێکی بچووک بوون کە تیایدا ڕۆژنامەو بابەتی وردەواڵەیان فرۆشتووە.

ئەو خوێندنی ئامادەیی لە بار سۆر ئەوب تەواو کردووە و لە جەنگی جیهانی یەکەمدا خزمەتی کردووە ( لەو چوارچێوەیەشدا 38 مانگ لە سەنگەرەکاندا شەڕی کردووە و مەدالیای ئازایەتی Le Croix de Guerre ی پێ بەخشراوە.

لە بنەڕەتدا ئەو کەسێکی نامۆ بوو بە ئەکادیمیا، چونکە ئەو لە کاتێکدا وەکو پۆستەچی کاری دەکرد خۆی فێری کیمیا کردبوو، پێش ئەوەی لە کۆلیژە بچووکەکانی بار سۆر ئەوبدا وانە بڵێتەوە.

باشلار بەشێوەیەکی هێواش بەردەوام بوو لە خوێندن هەتا لە ساڵی 1927 دا بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی سۆربۆن وەرگرت. ئاشکرایە دۆزینەوەکان لە فیزیای تەنۆچکەکاندا هانی باشلاری داوە و کاریگەریی هەبووە لەسەری.

باشلار لە کتێبی « Lecourt» دا ساڵی 1975، لاپەڕە 33 دا دەڵێت: «دەیەیەک لەم سەردەمەماندا یەکسانە بە چەند سەدەیەک لە سەردەمانی پێشووتردا.»

کاتێ ڕووی کردە فەلسەفەی زانست، باشلار پێویست بوو بۆ ماوەی 10 ساڵ لەکۆلێژی ئادابی شاری «دیژۆن» دا وانە بڵێتەوە پێش ئەوەی ببێت بە پرۆفیسۆر لە زانکۆی سۆربۆن لە ساڵی 1940 دا. لە ساڵی 1960 دا ویسامی شەرەفی پێ بەخشرا و لە 16ی ئۆکتۆبەری 1962 دا کۆچی دوایی کرد و لە 19ی ئۆکتۆبەردا لە بار سۆر ئەوب بە خاک سپێردرا.

باشلار وەکو هەردوو فەیلەسوف و شاعیر ناسراوە. بەڵام لێرەدا تەنها باس لە ئیشە فەلسەفیەکانی دەکەین. باشلار گرنگە نەک تەنها بەهۆی کارەکانی لە بواری فەلسەفەی زانستدا، بەڵام بەهۆی کاریگەریی ئەو بەسەر ژمارەیەک لە فەیلەسوفە فەڕەنسیەکانەوە. جین کاڤایاڵسی، فەیلەسوفی فەڕەنسی کە لە میانەی جەنگی جیهانی دووەمدا وەکو یەکێک لە بەرگریکاران لە داگیرکاری ئەڵمانی کوژرا، یەکێک بوو لەوانەی کاریگەر بووە بە باشلار و ڕێڕەوی فەلسەی ئەو.

لەنێوان فەلسەفەی گشتی ئەودا، ئەم سەرەتایە جەختدەکاتەوە لەسەر ئەو تایبەتمەندێتیانەی کە دواتر کاریگەریی خستە سەر پۆست–سترەکتورالیزمی فەڕەنسی.

فەلسەفەی دژە–ئەرێنی باشلار لەبارەی زانستەوە گەشەی پێدرا لەنێو چەند تێکستێکدا لە نێوان ساڵانی 1927 و 1953، هەروەها لە هەندێک لە ئەنجامەکانی تۆماس کوهندا بەکارهێنران هەرچەندە ئەو هیچ کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر فەلسەفەی زانستی ئەنگلۆ ساکسۆنی بەکارنەهێنا. بەلای باشلارەوە زانست چالاکیەکی سەربەخۆیە، تەنها پشت بەخۆی دەبەستێت لەبەر ستاندارد و چالاکیەکانی خۆی –سەرەڕای دەستێوەردانی فەیلەسوفەکان. کارەکەی باشلار مشتومڕێکی بەردەوام لەدژی فەیلەسوفەکان لەخۆدەگرێت، چونکە بەپێی ئەو فەلسەفەیە

دەیـەوێ «مەرجە مێژووییە ڕاستەقینەکانی بەرهەمهێنانی مەعریفەی زانستی داپۆشێت و بیشارێتەوە و دایبخات»( کتێبی « Lecourt» ساڵی 1975، لاپەڕە 27).

لەڕاستیدا ئەو ئایدیایەی کە مێژووی زانست دەتوانرێت ببێت بە سەرچاوەیەکی بەرهەمهێن و باش، تەنانەت سەرچاوەیەک، بۆ شیکاری لۆژیکی تەواو نامۆ بوو بۆ فەلسەفەی شیکاریی بۆ زانست ( Tiles، 1948: لاپەڕە 3).     هەروەها ئەو باوەڕی وابوو کە تیۆرییە فیزیاییەکان لە پابەندبوونە مێتافیزیکیەکان جیانەکراونەتەوە، هەرچەندە ڕەنگە وا ئیدیعا بکەن بەوشێوەیە بێت. دواتر باشلار « بیرلێ نەکراوە –موفاجەئە»ی گوتاری فەلسەفی لەبارەی زانستەوە « لەباشبوونێکدا» ئاشکرادەکات کە ئەوەش هەروەها     بیرۆکەکانی «نائاگایی» و « بیرلێ نەکراوە –موفاجەئە» و ئەگەری زیاتری «بوژاندنەوەی» ئەمانە لەڕێگای «شیکاری دەروونی هزرەوە» دەکاتەوە.

ئاسەواری ئەم بیردۆزەی شیکاری دەروونی هزر هەروەها لە کارە سەرەتاییەکانی میشێل فۆکۆ.

بەڵام ناوبانگی زانستی باشلار هەروەها پشتدەبەستێت بە ، بەشێوەیەکی لاوەکی، لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکانی لە زمانی شیعریی، زیندەخەون، و فینۆمینۆلۆژیا، و جێبەجێکردنی چەند زنجیرەیەک لە مێژووی زانستدا.

بەمشێوەیە خەیاڵی شیعری، وەکو تێوەگلانێک لە سەرقاڵبوونی کاریگەر لەگەڵ «شتەکاندا»، لەلایەن ئەوەوە وەکو مەرجێکی بەرهەمهێنانی زانستی دەبینرا.

بەڵام ئەم تێڕوانینە جیاکراوە نیە لە بۆچوونی داکشاوی «لۆژیکی دۆزینەوە» هەروەکو لە فەلسەفەی سێر کارل پۆپەردا دەبینرێت، چونکە

باشلار له فەلسەفەی زانستی خۆیدا جێگای کردۆتەوە. بەمشێوەیە، کتێبی گرنگی «سترەکچەری شۆڕشە زانستیەکان» ی کوهن کە لەساڵی 1962 دا بڵاوکرایەوە،ڕەنگە شتێکی زۆر «دەگمەن و عەنتیکە» بووبێت بۆ فەیلەسوفەکانی زانستی فەڕەنسا.

بەپێی گاری گوتین (1989) بابەتی گۆڕانکاری زانستی و دواتریش، پێشکەوتنی زانستی جێگای بایەخی فەلسەفەی زانستی باشلار بووە. باشلار باوەڕی وایە عەقڵ بە باشترین شێوە لە زانستدا رونکراوەتەوە، و ئەمەش بە باشترین شێوە زانراوە، نەک بە لێکۆڵینەوە لە زانست لە ئێستادا، بەڵکو بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی زانست (لە فەلسەفەی زانست، سەبارەت بە گرنگی مێژووی زانست. عەقڵ بە باشترین شێوە لە زانستدا دۆزراوەتەوە ئەویش لەڕێگای چۆن عەقڵ لە پراکتیکدا بەکارهێنراوە، لە چارەسەرکردنی چەند کێشەیەکی دیاریکراودا. (بەراوردی بکە لەگەڵ کتێبی لۆژیکی پرسیارکردن جۆن دێوی 1938–)، بە پێچەوانەی لێکۆڵینەوە لە تیۆرییە ئەبستراکتەکان. باشلار مشتومڕی ئەوە دەکات کە مێژووی زانست دەریخستووە چۆن تیۆرییە فەلسەفیە ئەبستراکتەکان و مێتافیزیکیەکان لە زانستدا هەنگاو بە هەنگاو لەڕێگای کاری پراکتیکی زاناکانەوە شکستیان پێهێنراوە. باشلار دەریخست پێش کۆهن لەڕووی مەبدەئیەوە نارێکی و نا بەردەوامی لە مێژوو و گەشەکردنی زانستدا کە نەیتوانیوە بۆ بنیاتنانەوەی لۆژیکی لەگەڵ ئەو کارانەدا هەندێک لێکچوون دەبینرێت. بەڵام لەکاتێکدا کوهن بایەخی داوە بە تیۆرییەکان، یان مۆدێلەکان، باشلار بایەخ دەدات بە کۆنسێپتەکان. لێرەدا کۆنسێپتی گرنگ بەلای باشلارەوە بریتیە لە کۆنسێپتی دابڕان، کە چوار لایەن یان کاتیگۆری ئەپستمۆلۆژی هەیە. ئەو بەم زاراوانە ناویان دەبات: دابڕان، بەربەستەکان، پرۆفایلەکان، و کردارەکان ( گوتین ، 1989).

دابڕانەکان بایەخ دەدەن بە: چۆن زانست لە هەستی گشتی جیادەبێتەوە لە فۆرمەلەکردنی کۆنسێپتەکانی خۆیدا ( هەروەها بڕوانە کتێبی ئەزموون و تیۆرین وتارێک لە فەلسەفەی زانستدا، ستیفن کۆرنەر ساڵی 1966، لەگەڵ دابڕان لەنێوان کۆنسێپتە زانستیەکاندا. نموونەیەکی یەکەم بریتی دەبێت لە گۆڕانکاری لە چەمکەکانی هەستی گشتی زیرەکیەوە بۆ ئێستەکانی زیرەکی کە وەکو زیرەکی لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، لەکاتێکدا نموونەیەکی دووەم بریتی دەبێت لەو گۆڕانکارییانەی لە ڕووی مێژووییەوە لە کۆنسێپتە زانستییەکانی ئەتۆمدا ڕوویانداوە. لەبەرامبەردا، دابڕان بەپێچەوانەی بەربەرستەکانەوەیە کە بە تایبەتی ئەگەر لە ڕابردوودا گرنگ بووبێتن، ڕەنگە ببنە هۆی بلۆککردنی گۆڕانکاریی لە کۆنسێپتە نوێیەکاندا. لێرەدا ڕەنگە هەستی گشتی بەربەستێکی سەرەکی بێت، هەروەکو ئەوەی گریمانەیەکی ڕەها جیهانی تێدایە ڕەفتارەکات. ئەگەر ئەوان وەکو ئاستێکی ڕەها ڕەفتاربکەن ئەوا دەبوایە باشلار هەندێک تەکنیک پێشنیاربکات بۆ هێنانی ئەم گریمانانە بۆ سەر «ڕوو».

پرۆفایلی ئەپستمۆلۆژی بریتیە لە شیکارییەکی تێگەیشتنی کەسێکی دیاریکراو بۆ چەمکێکی زانستی دیاریکراو. ئەم شیکارییە ئەوە دەردەخات کە تاکێک لە کوێ پەیوەندی هەبووە لەگەڵ گۆڕانکارییە مێژووییەکانی چەمکێک یان تیۆرییەکدا، و ئەو ڕادەیەی کە پاشماوەکان پارێزراون یان دابڕانەکان گەورەکراون. لە فەلسەفەی سیاسی نوێدا ئەوە دەردەخات ئایا کەسێک ئازادبیرە (لیبراڵە) یان نیو لیبراڵە بەگوێرەی ئەوەی کۆمەڵێک چەمکی سەرەکی وەکو تاکگەرایی، ئازادیی، و یەکسانی وەردەگیرێن. پاشماوەکان لەلایەن دابڕانەکانەوە ئەژماردەکرێن بەڵام ئەمە وادەخوازێت بە ناوی زاناکەوە ئایدیای باشلاری کردارێک ناوبنرێت. کردارەکان بریتین

لەو بازانەی  بەڵام نەک هەر بازێک بەگشتی بە هەر ئاراستەیەکی کۆندا، بەڵام ئەو بازەی بە ئاراستەی پێشکەوتندا دەنرێت. جین کاڤالێ و باشلار ئەو بیرۆکەیان ڕەتکردۆتەوە کە پێشکەوتنی زانستی پێویستە بڕیاری لێ بدرێت لەڕێگای پشتڕاستکردنەوەی شێوازێکی پشتڕاستکردنەوەی ڕاستیەکانی زانستەوە. بەلای باشلارەوە بەهۆی کارکردنی لەسەر خەیاڵ و فەنتازیا، کرداره ئەپستمۆلۆژییەکان کە ئەم جۆرە دابڕانانەیان دروستکردووە، لەلایەن زانستی ئاساییەوە ڕێبەرێتیان ناکرێت، بەڵکو بەهۆی شیعر و هونەرەوە ڕابەرایەتی دەکرێن. (هەروەها بڕوانە کتێبی خوێندنەوە و تێگەیشتن لە بیری زانستیدا- پیتەر میداوەر 1954). فۆکۆ لەبارەی باشلارەوە لە ساڵی 1954 دا دەڵێت: «هیچ کەس لەو باشتر لە داینامیکیەتی کاری خەیاڵ تێنەگەیشتووە.» لەڕاستیدا کارە سەرەتاییەکانی فۆکۆ لەبارەی (هاری بینسوانگەر- کە فەیلەسوفێکی باشلارییە) ئاماژە دەکات بە باشلار لە بەرامبەر سارتەردا لەسەر بابەتی خەیاڵ. لەبەرامبەردا، باشلار زۆر مەدحیی کتێبی ( مێژووی شێتی لە سەردەمی کلاسیک1961-)ی  فۆکۆی کردووە.

لەبەرئەوە، بەڕای باشلار پێشکەوتنی زانستی پشتدەبەستێت بە دابڕانە ئەپستمۆلۆژییەکان. بەڕای ئەو ئەم دابڕانانە تەواو ناوازەن- بۆ نموونە گۆڕانکاریی لە فیزیای نیوتنەوە بۆ ئەنشتاین زۆر بە ناوازە تەماشادەکرێت. لەبەرئەوە، ناتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان عەقڵانی لە پێشکەوتنی زانستی بڕوانرێت (بەراوردی بکە لەگەڵ کوهن).بەڵام تێگەیشتن لە پێشکەوتن لە ڕەوشی ئێستای زانستەوە دەپێورێت، و مێژووی زانست مێژوویەکی عەقڵانیەت فەراهەم دەکات. بەڵام ئەم تێزەی پێشکەوتن جێگای گومانە، چونکە باشلار کۆکە کە زانستی ئێستا تەنها پێشکەوتنێک نییە (لەبەرامبەر گۆڕانکارییەکی ڕووتـدا) بەڵکو زانستی ئێستا پێویستە بگەڕێنرێتەوە بۆ

تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی دەستکەوتەکانی زانستی ڕابـردوو. کەواتە، ئەم هەڵسەنگاندنە مۆدێرنەی پێویستە لەسەر بنەمای ئەوەی چۆن هەوڵە زانستییەکان لەڕابردوودا بەشداری دەکەن لە زانستی « پێشکەوتوو» ی ئەمڕۆدا. ئەوەی جێگای گەڕان و تێڕامانە برێتیە لە کاریگەرییەکانی ڕابردوو لەسەر ئێستا. بە دڵنیاییەوە چەند پرسیارێک هەن کە مێژوو نووسەکان بەرزی دەکەنەوە لەبارەی شیاوێتی هەنگاوی لەوجۆرەوە بۆ ئەنجامدانی مێژوو: بۆ نموونە کتێبی چەند سەدەیەک منداڵی ، فیلیپ ئاریێز، 1962، ڕەخنەی لێ گیرا لەبەر دەرخستنی چەمکێکی سەدەی بیستەم لەبارەی منداڵیەوە و گێڕانەوەی ئەم چەمکە بۆ سەدەکانی ڕابردوو.

جۆرج کانگویلهێلم (فەیلەسوفێکی فەڕەنسیە -1904 1955) کۆنسێپتی باشلار سەبارەت بە دابڕانی ئەپستمۆلۆژی (ناوازە) و کاریگەریی لەسەر فۆکۆ لە تایبەتمەند گشتی ترە.

جێبەجێ کردنە پەروەردەییەکانی کارەکنی باشلار بەلایەنی کەمەوە ئەمانە لەخۆدەگرێت: لەبەرچاوگرتنی عەقڵانیەت، گرنگی وتنەوەی مێژووی زانست و نەک زانست بە تەنها وەکو ئێستا، لەخۆگرتنی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر میتۆلۆژیا ئەنجامدراون کە تایبەتن بە فەلسەفەی زانست، گرنکی خەیاڵ ( بەم مانایە) بۆ هزرە عەقڵانیەکان و تێزی نابەردەوامی لە بیری زانستیدا.

سەرچاوە: سایکلۆپیدیای فەلسەفەی پەروەردە- 30-06-1999.

http://eepat. net/doku. php? id=bachelard__and__philosophy__of__education

سالنامەی رووداوە گرنگە فەلسەفیەکان

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| دەستپێکی فەلسەفەی رۆژئاوا بە ئەندێشەی (تالس مەلاتی). | سەدەی شەشەمی پێش زایین |
| مەرگی فیساگۆرس. | کۆتایی سەدەی شەشەمی پ.ز |
| سوقرات لە ئەسینا بەمەرگ مەحکوم دەکرێ. | ٣٩٩پ.ز |
| ئەفلاتون ئەکادیمیای خۆی کە بەیەکەمین زانکۆ دەژمێردرێ لەئەسینا بنیاتدەنێ. | ٣٨٧ پ.ز |
| ئەرستۆ خوێندنگەی لیسیۆم لە ئەسینا دادەمەزرێنێ کە دەبێتە هەڤڕکی ئەکادیمیا. | ٣٣٥ پ.ز |
| ئیمپراتۆر (کونستانتین) پایتەختی ئیمپراتۆریای رۆم بۆ شاری بیزانس دەگوازێتەوە | ٣٢٤ی زایینی |
| (سنت ئاگوستین) کتێبی (دانپیانان)ی خۆی دەنووسێ، فەلسەفە لە نێو یەزدانناسی مەسیحیدا دەتوێتەوە. | ٤٠٠ زایینی |
| رووخانی ئیمپراتۆریای رۆم بەدەستی بەربەرەکان. | ٤١٠زایینی |
| داخستنی ئەکادیمیای ئەسینا بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستین)، نیشانەی کۆتایهێنانی سەردەمی حکومەتی یۆنانی و دەستپێکی چاخی تاریکی. | ٥٢٩زایینی |
| (تۆماس ئاکویناس) هەڵسەنگاندنی خۆی لەسەر ئەرستۆ دەنووسێ چاخی فەلسەفەی قوتابخانەیی. | ناوەراستەکانی سەدەی |

| | |
|---|---|
| سێزده | |
| ١٤٥٣ زایینی | رووخانی بیزانس بەدەستی تورکەکان، کۆتایهێنانی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریای بیزانس. |
| ١٤٩٢ زایینی | (کریستۆف کۆڵۆمب) دەگاتە ئەمریکا، چاخی نوێگەری لەشاری فلورانس و ژیاندنەوەی دووبارەی تەعالیمەکانی یۆنانی.<br>*١٥٤٣زایینی: (کۆپەرنیک) کتێبی دەربارەی خولادنەوەی تەنە ئاسمانیەکان بڵاودەکاتەوە و لەرووی بیرکاریەوە سەلماندی کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسورێتەوە. |
| ١٦٣٣زایینی | کلێسا (گالیلە)ی ناچارکرد کە بە فەرمی تێوری تەوەرە ببوونی خۆر نکۆڵی بکات. |
| ١٦٤١زایینی | (دیکارت)، کتێبی (تێرامان)ی خۆی بڵاودەکاتەوە دەستپێکی قۆناغی فەلسەفەی مۆدێرن. |
| ١٦٧٧زایینی | کتێبی(ئاکار)ی ئەسپێنوزا دوای مردنی خۆی مۆڵەتی بڵاوکردنەوە وەردەگرێ. |
| ١٦٨٧زایینی | نیوتن کتێبی (بنەماکان) بڵاو دەکاتەوە وتیایدا لەسەر پێناسەکردنی چەمکی (کێشکردن) رادەوەستێ. |
| ١٦٨٩زایینی | جۆن لۆک(نوسراوی دەربارەی دەرکی مرۆڤ) بەچاپ دەگەیەنێ دەستپێکی قۆناغی فەلسەفەی ئەزمونگەرایی. |
| ١٧١٠زایینی | (برکلی) کتێبی (بنەماکانی زانستی مرۆڤ) بڵاو دەکاتەوەو ئەزمونگەرایی بەرەو سنور گەلی نوێ دەکێشێ. |
| ١٧١٦زایینی | مردنی لایبنتیس. |
| ٤٠-<br>١٧٣٩زایینی | هیوم(نوسراوی دەربارەی سروشتی مرۆڤ) بڵاو دەکاتەوە و ئەزموونگەرایی، تا قەڵەمڕەوە لۆژیکیەکەی بۆ پێشەوە دەبات. |

| | |
|---|---|
| ١٧٨١زایینی | کانت کە بە یارمەتی هیوم « لە خەوی دۆگماتیکی خۆی بێداربۆتەوە» کتێبی (رەخنەی عەقڵی پەتی) بڵاو دەکاتەوە. چاخی پرشکۆی میتافیزیکی ئەڵمانی دەست پێدەکا. |
| ١٨٠٧زایینی | هیگڵ کتێبی (دیاردەناسیی زەهن) بڵاودەکاتەوە، کە خاڵی ترۆپکی میتافیزیکی ئەڵمانیە. |
| ١٨١٨زایینی | شوبنهاوەر کتێبی (جیهان وەک ئیرادەو ئاوڕدانەوە) بڵاو دەکاتەوە و فەلسەفەی هیند لە نێو میتافیزیای ئەڵمانیدا دەخاتەڕوو. |
| ١٨٨٩زایینی | نیتشە بە راگەیاندنی ئەو پرسەی، کە «خوا مردوە» لەشاری تورین دووچاری شێتی دەبێ. |
| ١٩٢١زایینی | وینگشتاین (نوسراوی لۆژیکی-فەلسەفی)ی خۆی بڵاو دەکاتەوەو بانگەشەی ئەوە دەکات، کە لەو نوسراوەدا گەیشتوەتە دوا رێگا چارەی پرسە فەلسەفیەکان. |
| دەیەی ١٩٢٠ | بازنەی ڤیەننا، پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی برەو پێدەدا. |
| ١٩٢٧ | هایدگەر کتێبی (بوون و زەمان) چاپدەکات کە باس لە جیاوازی نێوان فەلسەفەی شیکاری و فەلسەفەی ئەوروپای خۆرسکدەکات. |
| ١٩٤٣ | سارتەر بە بڵاوکردنەوەی کتێبی بوون و نەبوون ئەندێشەکانی هایدگەر تەواو دەکات و فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزم دەخاتەڕوو. |
| ١٩٥٣ | بڵاوبونەوەی کتێبی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی ڤینگشتاین دوای مردنی ئەو، بەتۆپک گەیشتنی قۆناغی لێکۆڵینەوەی زمان. |

## له بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ |ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون به ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون به قوتابخانەیفرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون به بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون به کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون به سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون به سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون به ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون به یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون به درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |